هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

# سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین — هەولێر
وەك بەشێك لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لە لایەن

**سەمیرە تۆفیق یونس** بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی - ئاداب - سەلاحەددین - ٢٠٠٠

بە سەرپەرشتی

**پ. ی. د. سەباح ڕەشید قادر**

جۆزەردان ٢٧١٣ کوردی    ڕەجەب ١٤٣٤ کۆچی    خوزەیران ٢٠١٣ زایینی

# راپۆرتی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە، کە بە ناونیشانی (**سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا**)یە، قوتابی (**سەمیرە تۆفیق یونس**)بە سەرپەرشتیی من لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر ئامادەیکردووە، وەك بەشێك لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشتیار

پ. ی. د. سەباح ڕەشید قادر

٥ / ٥ / ٢٠١٣

بە پێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشتیار، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

د. جەبار ئەحمەد حوسێن

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

لە بەشی زمانی کوردی

٥ / ٥ / ٢٠١٣

## ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی (**سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا**)یە، قوتابی (**سەمیرە تۆفیق یونس**) پێشکەشیکردووە، ناوبراومان تاقیکردەوە و گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکە لەگەڵدا کرد و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا (          )پێبدرێت.

سەرۆکی لیژنە
پ. ی. د. فاروق عومەر سەدیق
٢٠١٣ / ٦ / ٦

ئەندام
پ. ی. د. تالب حوسێن عەلی
٢٠١٣ / ٦ / ٦

ئەندام و سەرپەرشتیار
پ. ی. د. سەباح ڕەشید قادر
٢٠١٣ / ٦ / ٦

ئەندام
پ. ی. د. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی
٢٠١٣ / ٦ / ٦

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر پەسندکرا.

پ. ی. د. شادان جەمیل عەباس
ڕاگری کۆلێژی زمان بە وەکالەت
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
٢٠١٣ /     /

بسم الله الرحمن الرحيم

# وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ

صدق الله العظيم

ئەم نامەیە پێشکەش بێت بە جگەرگۆشەکانم

# ڕوا

# و

# نوا

## ڕێز و سوپاسی زۆرم بۆ:

- مامۆستای بەڕێزم پ. ی. د. سەباح ڕەشید قادر، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتەئەستۆ و تا تەواوبوونی نامەکە لە یارمەتییەکانی بێبەشی نەکردووم و تێبینی و سەرنجەکانی منیشی زانستیانە خستووەتە دوتوێی نامەکەوە....
- هاوسەری خۆشەویستم، کە دڵسۆزانە تا تەواوبوونی نامەکە هاوەڵم بووە و ماندووبوونێکی زۆری بینیوە....
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە، کە بوار و دەرفەتی خوێندنی باڵایان بۆ ڕەخساندم.

# لیستی کورتکراوەکان

## کوردییەکان:

| | |
|---|---|
| ئا. | ئاوەڵناو |
| ئاس. | ئاست |
| چ. | چاوگ |
| س. | سەرە |
| ك. | كەتیگۆری |
| كە. | كەرەسە |
| گ. | گیرەك |
| ن. (نا) | ناو |
| و. | وشە |

## ئینگلیزییەکان:

| | |
|---|---|
| Adj | ئاوەڵناو |
| $Adj^{Af}$ | گیرەکی ئاوەڵناوی |
| Adv | ئاوەڵکار |
| $Adv^{Af}$ | گیرەکی ئاوەڵکار |
| Af | گیرەك |
| $Af^{St}$ | گیرەکی قەد بەرهەمهێن |
| $Af^{Inf}$ | گیرەکی چاوگ بەرهەمهێن |
| $Co^{Inf}$ | چاوگی ئاڵۆز |
| $\underline{D}^{N}$ | ناوی داڕێژراو |
| $D^{W}$ | وشەی داڕێژراو |
| Inf | چاوگ |
| N | ناو |
| $N^{Af}$ | گیرەکی ناوی |
| $N_{Com}$ | ناوی لێکدراو |
| $N^{Plural}$ | ناوی کۆ |
| Nu | ژمارە |
| Ref P | جێناوی خۆیی |
| V | کار |
| $V_{Root}$ | ڕەگی کار (بنکەی بەند) |
| W | وشە |

# پوختەی نامەکە

ئەم نامەیە، کە بە ناونیشانی (**سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا**) بە بۆچوونی هەندێك لەو زمانەوانانەی پەیڕەوی ئەم تیۆرە دەکەن زۆر جار بە ئێکسباڕی وشەش ناوی دەبەن. بنچینەی ئەم هەنگاوە واتە بە سینتاکسکردنی ئاستی مۆرفۆلۆژی بۆ سێلکێرك دەگەڕێتەوە و زۆر زمانەوانی تری وەکو ولیامز .... تد پشتگیری لێدەکەن. ئەم نامەیە هەوڵێکە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مۆدەلە ڕێزمانە بەسەر وشە ناسادەکانی زمانی کوردیدا بە تایبەتی وشە داڕێژراو و لێکدراو و ئاڵۆزەکان. هەروەها نامەکە ئەوە لێکدەداتەوە، کە ئاخۆ فرەیز و وشە ناسادەکان هەردووکیان بە ڕێگای یاساکانی گوێزانەوە لە ئاستی خوارەوە بەرەو ئاستی سەرەوە دێن یان هی وشە ناسادەکان بە ڕێگای لادان (Departure) هوەیە لە یاساکانی گوێزانەوە. لەم ڕوانگەوە وشە ناسادەکانی زمانی کوردی دەخرێنە ژێر ڕۆشنایی لێکدانەوەکانی ئەم تیۆرە.

پێکهاتەی نامەکە جگە لەم پوختەیە و پێشەکی و ئەنجام لە سێ بەش پێکدێت. بەشی یەکەمی ناوەکە بۆ باسکردن لە لایەنە تیۆرییەکانی چەمکی (سینتاکسی وشە لە زماندا) تەرخانکراوە، تیایدا زیاتر جەخت کراوەتەسەر ئەو ناوەڕۆکە تیۆرییە، کە لە پرۆژەکەی سێلکرێکدا پشتی پێبەستراوە بە جەختکردنەوە و وردبوونەوە لەسەر چەمکە تیۆرییەکەی ئێکسباڕی چۆمسکی، دواتر چۆنیەتی گواستنەوەی ئەم تیۆرە لە ئاستی سینتاکسەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی. بەشی دووەمی نامەکە شیکردنەوەکە دەباتە ئاستی وشە داڕێژراوەکان، سەرەتاکەی بە هەڵوەشاندنەوەی وشە داڕێژراوەکان دەستپێدەکات و پێ لەسەر گیرەك و ئاستی گیرەکەکان دادەگرێت لە ڕووی ئاست و سیما و پۆلکردنیان لە ڕووی کەتیگۆری و ئەرکەوە. بەشی سێیەمیش بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی وشە لێکدراو و ئاڵۆزەکان و جیاکردنەوەیان تەرخانکراوە، لە بارەی بە سینتاکسکردنی ئەو جۆرە وشانە بە پێی تیۆرەکە. خستنەڕووی ئەنجامە گشتییەکان کورتەی نامەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ڕیزکردنی سەرچاوە بەکارهاتووەکانی نامەکە دوا هەوڵی نووسینی نامەکەیە.

# نـــــاوەڕۆك


| | |
|---|---|
| **پێشەکی** | ١ – ٢ |
| **بەشی یەکەم** | ٣ – ٣٠ |
| **(سینتاکســـــی وشە لە زماندا)** | |
| ١ – ١ چەمکی سینتاکسی وشە | ٣ |
| ١ – ٢ تیۆری ئێکسباڕ | ٥ |
| ١ – ٢ – ١ تیۆری ئێکسباڕ لە سینتاکسدا | ٥ |
| ١ – ٢ – ٢ تیۆری ئێکسباڕ لە مۆرفۆلۆژیدا | ٦ |
| ١ – ٢ – ٣ کەرەسەی تاریك و ڕوون | ٩ |
| ١ – ٣ سەرە | ١٤ |
| ١ – ٣ – ١ سەرە لە مۆرفۆلۆژیدا | ١٥ |
| ١ – ٣ – ٢ نواندنی سەرە | ١٦ |
| ١ – ٣ – ٣ ناسینەوەی سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکان | ١٧ |
| ١ – ٤ گیرەك و سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکان | ١٨ |
| ١ – ٤ – ١ شوێنی سەرە لە پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکاندا | ١٩ |
| ١ – ٥ سەرەی ناوەکی و سەرەی دەرەکی | ٢٠ |
| ١– ٦ تیۆری داڕشتنی وشە | ٢١ |
| ١ – ٦ – ١ مۆرفۆلۆژی و تیۆری داڕشتنی وشە | ٢٣ |
| ١ – ٦ – ١ – ١ ڕەگ | ٢٤ |
| ١ – ٦ – ١ – ٢ قەد | ٢٤ |
| ١ – ٦ – ١ – ٣ بنج | ٢٥ |
| ١ – ٦ – ١ – ٤ گیرەك | ٢٥ |
| ١– ٦ – ٢ نواندن و یاساکانی داڕشتنی وشە | ٢٥ |
| **بەشی دووەم** | ٣١ – ٥٧ |
| **(سینتاکســـــی وشـــــەی داڕێژراو)** | |
| ٢ – ١ وشە لە ڕووی پێکهاتنەوە | ٣١ |
| ٢ – ٢ چەمکی وشەی داڕێژراو | ٣٢ |
| ٢– ٣ ئەگەرەکانی وشەی داڕێژراو | ٣٣ |
| ٢ – ٤ سروشتی گیرەکەکان | ٣٤ |
| ٢ – ٤ – ١ لە ڕووی شوێنیانەوە | ٣٥ |
| ٢ – ٤ – ٢ لە ڕووی تایبەتمەندیانەوە | ٣٩ |
| ٢ – ٥ سەرەی وشە داڕێژراوەکان | ٤١ |
| ٢ – ٦ وشەداڕێژراوەکان لە ڕوی ژمارەی پێکهێنەرەکانیانەوە | ٤٥ |

٢ – ٧ جۆری گیرەکەکان لە ڕووی کەتیگۆری و ئەرکەوە ٤٧
٢ – ٧ – ١ گیرەکە وشەدارێژەکان ٤٧
٢ – ٧ – ١ – ١ گیرەکە وشەدارێژە ناوییەکان ٤٧
٢ – ٧ – ١ – ١ – ١ پاشگرەکان ٤٧
٢ – ٧ – ١ – ١ – ٢ پێشگرەکان ٤٩
٢ – ٧ – ١ – ٢ گیرەکە وشەدارێژە ئاوەڵناوییەکان ٥٠
٢ – ٧ – ١ – ٢ – ١ پاشگرەکان ٥٠
٢ – ٧ – ١ – ٢ – ٢ پێشگرەکان ٥١
٢ – ٧ – ١ – ٣ گیرەکە وشەدارێژە ئاوەڵکارییەکان ٥٢
٢ – ٧ – ١ –٣– ١ پاشگرەکان ٥٣
٢ – ٧ – ٢ گیرەکە ڕێزمانییەکان ٥٤
٢ – ٨ سینتاکسی چاوگ ٥٥
**بەشی سێیەم** ٥٨– ٨٩
**(سینتاکسی وشەی لێکدراو و ئالۆز)**
٣ – ١ وشەی لێکدراو ٥٨
٣ – ٢ سروشتی پێکهاتەی وشەی لێکدراو ٦٠
٣ – ٢ – ١ وشەی لێکدراو لە ڕووی ڕوخسارەوە ٦٠
٣ – ٢ – ٢ وشەی لێکدراو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ٦١
٣ – ٣ وشەی لێکدراوی ئێندۆسێنتریك و ئێکسۆسێنتریك ٦٢
٣ – ٤ ئەگەرەکانی وشەی لێکدراو ٦٨
٣ – ٤ – ١ ئەگەرەکانی ناوی لێکدراو ٦٨
٣ – ٤ – ٢ ئەگەرەکانی ئاوەڵناوی لێکدراو ٧٣
٣ – ٤ – ٣ ئەگەرەکانی ئاوەڵکاری لێکدراو ٧٦
٣– ٥ سینتاکسی وشەی ئالۆز ٧٨
٣ – ٥ – ١ وشەی ئالۆز ٧٨
٣ – ٥ – ٢ وشە ئالۆزەکانی زمانی کوردی ٧٩
٣ – ٥ – ٣ لە نێوان لێکدراو و ئالۆزدا ٨٢
٣ – ٦ جیاوازیی فرەیز و وشەی لێکدراو ٨٤
**ئەنجامەکان** ٩٠
**سەرچاوەکان** ٩١ – ٩٣
**کورتەی نامەکە بە زمانی عەرەبی** أ
**کورتەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی** A

# پێشەکی

# پێشەکی

## ناونیشان و سنووری تیۆریی نامەکە

ئەم نامەیە بەناوی (**سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا**)یە، بە بۆچوونی هەندێك لەو زمانەوانانەی پەیڕەوی ئەم تیۆرە دەکەن زۆر جار بە ئێکسباڕی وشەش ناوی دەبەن. بنچینەی ئەم هەنگاوە واتە بە سینتاکسکردنی ئاستی مۆرفۆلۆژی بۆ سێلکێرك دەگەڕێتەوە و زۆر زمانەوانی تری وەکو ولیامز..... تد پشتگیری لێدەکەن. لە ناونیشانی دووەمدا ئەوە دەردەکەوێت، کە چۆن لقەتیۆری (ئێکسباڕی) چۆمسکی بەسەر وشەی زمانەکان جێبەجێدەکرێت، ئەمەش زیاتر پاساوی ئەوەمان دەداتێ، کە وشە ناسادەکان لە ڕووی فۆڕمەوە لە فرەیزە سینتاکسییەکان نزیکدەبنەوە، بەلایەنی کەم بە پێی پێوانە و پێوەری تیۆری ئێکسباڕ، چەمکی سەرە هەم لە وشە ناسادەکان و هەم لە فرەیزەکاندا بوونی هەیە. ئەو دووریانە، کە فرەیز و وشە ناسادەکان هەر یەکە لە ئاستی خۆیاندا بەیەکدادەدات بابەتی بەسەرکەوتنی فرەیز و وشە ناسادەکانە لەبارەی ئەوەی ئایا هەردووکیان بە ڕێگای یاساکانی گوێزانەوە لە ئاستی ژێرەوەدا بەرەو ئاستی سەرەوە دێن، یان هی وشە ناسادەکان بە لادان (Departure) لە یاساکانی گوێزانەوە دادەنرێت، بەم پێیە و لەم ڕوانگە تیۆریانەوە وشە ناسادەکان دەخرێنە بەر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوەیە.

## کەرەسەی نامەکە

ئەم نامەیە وشەکانی زمانی کوردی بە گشتی و لە سنووری کرمانجی ناوەڕاستدا شیدەکاتەوە لە پاڵ لێکدانەوەی فرەیزەکانەوە، چونکە تیۆرەکە ئەوە دەسەپێنێت، کە بە پێوەری سینتاکسی سیمای ڕێزمانی بدرێتە وشەکانی زمان.

## ئامانجی نامەکە

ئەم نامەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و پەیڕەوکردنی ئەو مۆدەلە ڕێزمانییە بەسەر زمانی کوردیدا لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەو تیۆرە بە خوێنەرانی کورد بە هۆی گرنگیی ئەمڕۆی تیۆرەکە لە بواری زمانەوانیدا، واتە ڕوونکردنەوەی ڕوانگە فەلسەفییەکەی ئەم تیۆرە و چۆنیەتی جێبەجێکردنی بەسەر زمانی کوردیدا.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە

دەکرێت بگوترێت نامەکە دەکەوێتە بەر دوو هەنگاوی لێکۆڵینەوە: یەکەمیان دەچێتە ئاستی مۆرفۆلۆژی زمانی کوردی لە وەسفکردنێکی ئێستایی وشەکاندا، کە ئەمڕۆ هەن و بەکاردێن، دووەمیان تیۆراندنی ئەو وەسفکردنەیە لەبەر ڕۆشنایی تیۆری ئێکسباڕدا، کە خۆی خاوەنی بنەما و یاسای خۆیەتی لە شیکردنەوە و وەسفکردنی کەرەسە ڕێزمانییەکاندا، بە واتای ئەوەی شیکردنەوەکە بە

تیۆریکردنی ئاستی مۆرفۆلۆژی زمانە، بۆ ئێمەش شیکردنەوەکە دەچێتە جغزی ئاستی مۆرفۆلۆژی زمانی کوردییەوە.

## کێشەی نامەکە

بار و بواری ئەم نامەیە دەچێتە بازنەیەکەوە کە کەرەسەی پڕاوپڕی وشە ئاسادەکان لەبەردەم شیکردنەوەدایە لە بەرامبەردا تیۆرێکی سینتاکسی لە ئارادایە، هەوڵدراوە ئەم تیۆرە ببرێتە ئاستی وشە لە دەرەوەی داڕشتەی فرەیزەکاندا، هەوڵەکەی سێلکێرك زیاتر بۆ دەستەی ئەو زمانانەیە کە لە بازنەی ئینگلیزیدان، ئەگەرچی هەوڵی سەراپاکردنی دەدات. هەوڵی ئێمەش گونجاندنی ئەم تیۆرەیە لە زمانی کوردیدا لە بارەی ئەو کێشانەی دەبنە بەربەست لەم بارەوە، لەوانەشە هەندێك کێشە بێ چارەسەر بمێننەوە.

## ناوەڕۆکی نامەکە ( پێکهاتەی نامەکە )

پێکهاتەی نامەکە جگە لەو پێشەکییە و ئەنجام و کورتەی نامەکە، لە سێ بەش پێکدێت.

بەشی یەکەم کە ناونیشانی (سینتاکسی وشە لە زماندا)ی هەڵگرتووە زیاتر پێ لەسەر ئەو ناوەڕۆکە تیۆرییە دادەگرێت، کە لە پرۆژەکەی سێلکرێکدا پشتی پێبەستراوە بە جەختکردنەوە و وردبوونەوە لەسەر چەمکە تیۆرییەکەی ئێکسباڕی چۆمسکی، دواتر چۆنیەتی گواستنەوەی ئەم تیۆرە لە ئاستی سینتاکسەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی، هەروەها لەم بەشەدا زیاتر گرنگی بە هەندێك لایەنی پێویست دراوە لە ئاستی مۆرفۆلۆژی وەك دەروازە و ڕێگەخۆشکردنێك بۆ شیکردنەوەی زیاتری تیۆرەکە. بەشی دووەمی نامەکە شیکردنەوەکە دەباتە ئاستی وشە داڕێژراوەکان، سەرەتاکەی بە هەڵوەشاندنەوەی وشە داڕێژراوەکان دەستپێدەکات و پێ لەسەر گیرەك و ئاستی گیرەکەکان دادەگرێت لە ڕووی ئاست و سیما و پۆلکردنیان لە ڕووی کەتیگۆری و ئەرکەوە. بەشی سێیەمیش بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی وشە لێکدراو و ئاڵۆزەکان و جیاکردنەوەیان تەرخانکراوە، لە بارەی بە سینتاکسکردنی ئەو جۆرە وشانە بە پێی تیۆرەکە. خستنەڕووی ئەنجامە گشتییەکان کورتەی نامەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ڕیزکردنی سەرچاوە بەکارهاتووەکانی نامەکە دوا هەوڵی نووسینی نامەکەیە.

# بەشی یەکەم

# سینتاکســـــــی وشە لە زماندا


١ – ١ چەمکی سینتاکسی وشە

١ – ٢ تیۆری ئێکسباڕ

١ – ٢ – ١ تیۆری ئێکسباڕ لە سینتاکسدا

١ – ٢ – ٢ تیۆری ئێکسباڕ لە مۆڕفۆلۆژیدا

١ – ٢ – ٣ کەرەسەی تاریك و ڕوون

١ – ٣ سەرە

١ – ٣ – ١ سەرە لە مۆڕفۆلۆژیدا

١ – ٣ – ٢ نوواندنی سەرە

١ – ٣ – ٣ ناسینەوەی سەرەی پێکهاتە مۆڕفۆلۆژییەکان

١ – ٤ گیرەك و سەرەی پێکهاتە مۆڕفۆلۆژییەکان

١ – ٤ – ١ شوێنی سەرە لە پێکهاتە مۆڕفۆلۆژییەکاندا

١ – ٥ سەرەی ناوەکی و سەرەی دەرەکی

١– ٦ تیۆری داڕشتنی وشە

١ – ٦ – ١ مۆڕفۆلۆژی و تیۆری داڕشتنی وشە

١ – ٦ – ١ – ١ ڕەگ

١ – ٦ – ١ – ٢ قەد

١ – ٦ – ١ – ٣ بنج

١ – ٦ – ١ – ٤ گیرەك

١– ٦ – ٢ نوواندن و یاساکانی داڕشتنی وشە

# بەشی یەکەم

# سینتاکسی وشە لە زماندا

## ١ - ١ چەمکی سینتاکسی وشە The Syntax of The Word

دوای سەرهەڵدان و هاتنەکایەی تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە لایەن چۆمسکییەوە، دواتریش دوای دەستکاریکردن و گۆڕانکاری لە تیۆرەکەدا لە چەند قۆناغێکی گەشەکردنیدا، لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانەوە لە ژێر ئاراستە و کاریگەرییەکانی ئەم تیۆرەوە مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێنان هاتەئاراوە. هێڵە سەرەتاییەکانی ئەم تیۆرە نوێیە لەگەڵ لقەتیۆری ئێکسبار (X-Bar)ەوە سەریهەڵدا و بە تایبەتیش بیرۆکەی سەرە ( Head Notion). دەکرێت پرۆژەکەی سێلکێرك (Selkirk) لەم بوارەدا بە گەڵاڵەبوون و دەرنجامە گشتییەکانی ئەم هەوڵانە دابندرێت.

لە هەوڵەکانی بەر لەم پرۆژەیەی سێلکێرکدا زیاتر جەخت لەسەر پێکهاتە و ڕۆنانی وشە ناسادەکان کراوەتەوە. هاوبەشیی سیستەماتیکی پێکهاتە زمانییەکان لە نێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا کراوەتە خاڵی دەستپێکی لێکۆڵینەوە لە وشە، بە تایبەتی وشە ناسادەکان یان وردتر بڵێین تیۆری یاساکانی دارشتنی وشە (Word – Formation Rules)

داهێنانی چەمکی سینتاکسی وشە (The Syntax of the Word) بۆ سێلکێرك دەگەڕێتەوە. بەلای سێلکێرکەوە لە سیاقی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، گەلێك ڕێگەی جیاواز بۆ شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژی هێنراونەتەکایە، لە سەرووی هەمووشیانەوە هەوڵەکەی (Less 1960)ە، کە وای پێشبینیکردووە ئەو وشانەی لە میانەی کردەی گوێزانەوەدا لە ئاستی خوارەوەدا بەرهەمدێن تەنیا وشە نائاڵۆزەکان (Noncomplex Words) دەگرێتەوە، بەڵام چۆمسکی لە ١٩٧٠ دا چەند بەڵگەیەکی دیکەی لە بارەی مۆرفۆلۆژی دارشتنەوە خستەڕوو بەوەی وشە ناسادەکان دەبێت هەر لە ئاستی خوارەوەدا دەربکەون، بەشێوەیەك، کە گیرەکە ڕێزمانییەکان لە ڕێگەی کردەی گوێزانەوەی سینتاکسییەوە جێبەجێنابن، بەڵام گیرەکە وشەدارێژەکان و کردەی لێکدان پەیڕەوی ئەم جۆرە گوێزانەوە دەکەن. (Selkirk 1982: 1)

سروشتی کردەی گوێزانەوەی وشەکان بە تایبەتی وشە ناسادەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کێشەی نێوان سیمانتیکی بەرهەمهێنان (Generation Semantics) و سیمانتیکی لێکدانەوە (Interpretation Semantics)ەوە هەیە. دوای بڵاوبوونەوەی تیۆرەکانی چۆمسکی، ئەم تیۆرە نوێیەی زمان بەڕووداهاتنەوەیەکی بەخۆوە بینی لە لایەن پەیڕەوکەرانی ئەو ڕێبازەی بە سیمانتیکی بەرهەمهێنانەوە ناوی دەرکردبوو، بە لای ئەوانەوە بەهەندوەرنەگرتنی لایەنی واتایی و بەهەندوەرگرتنی زیاتری لایەنی سینتاکس لە تیۆرەکاندا خاڵی لاوازی تیۆرەکەی چۆمسکییە، بەڵام دواتر ڕێبازی سیمانتیکی لێکدانەوەی بەدواداهات، کە چۆمسکی خۆی زیاتر بەلای ئەواندا شکاندەوە. (خاڵی

سەرەکی ناکۆکیش ئەوەبوو، کە لایەنگرانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان هەوڵی فراوانکردنی ڕۆنانی ژێرەوەیاندا بۆ ئەوەی پێکهێنی دەروازە فەرهەنگییەکانیش بگرێتەخۆ، کەچی پێچەوانەی ئەوان ڕێبازی سیمانتیکی لێکدانەوە هەوڵیاندا، لایەنی ڕێزمانی لە لایەنی واتا جیابکەنەوە). (سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٩: ١٠١ – ١٠٢)

دەکرێت لە ژێر بۆچوونی سیمانتکیی لێکدانەوەدا ئەوە هەڵبهێنجرێت، کە هەموو پێکهاتەیەك لە ئاستی خوارەوەیدا بە پێی یاسایەکی دیاریکراوەوە بەرهەمدێت، هەر پێکهێنەرێك لە پێکهاتەکەدا ئەرکێکی تایبەتی هەیە، کە لایەنی گونجانی ڕێزمانی و واتایی دەگرێتەوە. لەبەر ئەوە دەکرێت بگوترێت کە سێلکێرك جەختی لەسەر بەکارهێنانی چەمکی سینتاکسی وشە لە وشە ناسادەکاندا کردۆتەوە، چونکە لایەنی پێکهاتەی وشەکە هەر دوو ڕووەکەی گرتۆتەوە، لەبەر ئەوەشە لە بابەتی سەرەی وشە ناسادەکاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە پێویستە سەرەی وشەکان لە سیاق یان ڕۆنانی پێکهاتەی وشەکە وەربگیرێت، هەروەك لە بابەتی سەرە (Head)دا ئاماژەی پێدەدەین.

بە پێی فەرهەنگی مەریەم ویبستەر[1]، دەکرێت زاراوەی سینتاکس بە چەند شێوە پێناسێنێك جیابکرێتەوە، کە دەکرێت لە لێکدانەوەی سینتاکسی وشە پشتی پێببەسترێت.

بە پێی شێوە پێناسێنێکی فەرهەنگەکە، سینتاکس گونجانی سیستەماتیکی توخمەکانی پێکهاتەیەکە.

بە پێی شێوە پێناسینێکی دیکەی فەرهەنگەکە، سینتاکس بریتییە لە بەدوایەکداهاتن و گونجانی وشەکان بۆ دروستکردنی پێکهاتەیەکی گەورەتری وەك فرەیز و ڕستە، یان ئەو بەشەی ڕێزمانە، کە پەیوەندیی بە لێکدانەوەی ئەم فۆڕمانەوە هەیە.

دەکرێت چەمکی سینتاکس بەم دوو لێکدانەوەیە ببەسترێتەوە، کە هەر دوو لێکدانەوەکە لەیەکەوە وەرگیراون. ئەگەر سینتاکس بریتیبێت لە لێکدانەوەی ئەوەی کە ڕستەیەکی وەکو (**ئازاد کارەکەی تەواوکرد**) چۆن پێکهاتوە؟ وشەکانی (**ئازاد – کارەکە – ی – تەواوکرد**) چۆن چوونەتە سەر یەك و لەگەڵ یەك گونجاون، ئەوا وەك ئەوە وایە کە بگوترێت سینتاکس بە شێوە گشتییەکەی بریتییە لە چۆنیەتی بەدوایەکداهاتن و گونجانی پێکهێنەرەکانی پێکهاتەیەکی زمانی. واتە: سینتاکس بە ڕووە گشتییەکەیەوە مامەڵە لەگەڵ فۆڕمە زمانییەکان دەکات وەك پێکهاتەیەك، خودی پێکهاتەکانیش خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆیین. واتە سیستەمی پێکهاتەکە لێکدەداتەوە.

لە ڕوونکردنەوەی چەمکی سینتاکسی وشەدا جەخت لەسەر شێوە پێناسینی یەکەم دەکرێتەوە، چونکە بەلای سێلکێرکەوە سینتاکسی وشە لێکۆڵینەوەیە لە داڕشتن و ڕۆنان، یان پێکهاتەی وشەکانە، واتە گەڕانە بە دوای یاساکانی داڕشتنی وشەکان، چونکە پێکهاتەی وشە لە مۆرفۆلۆژیدا هەمان تایبەتمەندییە شکڵییەکانی پێکهاتە سینتاکسییەکانی هەیە لە دروستبوون و ڕۆناندا، هەر بۆیەش پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە دەکرێت سنووری کارکردنی تیۆری ئێکسباڕ لە فرەیزەوە فراونبکرێت بۆ ئەوەی سنووری مۆرفۆلۆژی، یان پێکهاتەی وشەش بگرێتەوە.(Selkirk 1982: 1- 2)

---

١- بڕوانە: (*Webster's Ninth New Collegiate Dictionary1983, Merriam – Webster INC, USA*)

لەم ڕوانگەوە دەکرێت بگوترێت سنووری سینتاکس و مۆرفۆلۆژی وەك دوو ئاستی لێکۆڵینەوە لە زمان تەواو بەسەر یەکەوەیە، ئەمەش لە خودی ئەرکەکەیانەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئەگەر سینتاکس وەك ئاستێك لێکۆڵینەوە بێت لە یاساکانی ڕۆنانی فرەیز و ڕستە ئەوا مۆرفۆلۆژیش لێکۆڵینەوەیە لە وشەکان و یاساکانی داڕشتنیان. واتە هەر دوو ئاستەکە دەکەونە ژێر سنووری ڕێزمان لە ڕووە شکڵییەکەیەوە.

## ١ - ٢ تیۆری ئێکسباڕ X – Bar Theory

سنووری کارکردنی ئەم تیۆرە بریتییە لە پێکهاتەکانی ڕستە و فرەیز و یەکە بچوکەکانی دیکەی ناو ڕستەکانی زمان. واتە ئەم تیۆرە تایبەتە بە پێکهاتەی ناوەوەی پێکهاتەکانەوە و پەیوەندیی پێکهێنەرەکانی ناو پێکهاتەکان ڕووندەکاتەوە، بۆیە هێڵە سەرەتاییەکانی تیۆرەکە وەك لە شێوە و سنووری کارکردنیدا دەردەکەوێت بۆ بنیادگەرەکان دەگەڕێتەوە.(مرتضی جواد باقر ٢٠٠٢: ٩٧) سەرەتاکانی هاتنەکایەی ئەم تیۆرە بۆ (زیلیج هاریس)ی ئەمریکی دەگەڕێتەوە، بەلاّم دواتر لە ساڵی ١٩٧٠ەوە لە لایەن چۆمسکییەوە پەرەی پێدراوە تا بۆتە یەکێك لە لقە تیۆرەکانی ناو ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە بە گشتی و لە چوارچێوەی ئەم ڕێزمانەدا گەشەی زۆری پێدراوە. زەقبوونەوە و گرنگیی ئەم تیۆرە لە کەموکورتییەکانی لێکدانەوەی بابەتی فرەیزپێکهێنانەوە هاتووە، بە تایبەتی لە شیکردنەوەی بابەتی سەرەی پێکهاتەکاندا. (Trask 1993: 307)

### ١ – ٢ – ١ تیۆری ئێکسباڕ لە سینتاکسدا

کاری سەرەکی تیۆری ئێکسباڕ لە سینتاکسدا ئەوەیە، کە تایبەتمەندییە گشتییەکانی ڕۆنان و پێکهاتەی فرەیزی زمانەکان بە شێوەیەکی گشتی و لەیەك ڕووکاریی ئاساییدا بخاتەڕوو، واتە لە چوارچێوەی بنەماکانی زمانی یونیڤێرساڵدا (Universal Language) کاردەکات، ئەمەش لە ڕێی بەکارهێنانی یاسایەکی گشتگیرەوە کە بتوانێت ڕۆنان و پێکهاتەی فرەیزی هەموو زمانەکان لێکبداتەوە و شیبکاتەوە. شێوازی کارکردنی ئەم تیۆرە ئەوەیە، کە هەمو فرەیزێك لە سەرەیەك و چەند پێکهێنەرێکی دیکە (تەواوکار) پێکدێت، بەشێوەیەك کە سەرە هەڵگری چ کەتیگۆرییەکی ڕێزمانی بێت فرەیزەکەش هەڵگری هەمان کەتیگۆرییە، واتە ئەگەر سەرەی فرەیزەکە ناو بێ ئەوا فریزەکەش ناو دەبێت .... تد (مرتضی جواد باقر ٢٠٠٢: ٩٨ – ٩٩)

بە پێی تیۆرەکە هەموو فرەیزێك دەبێ سەرەدار بێت چونکە فرەیزەکە بە فرەیزی ناوەکی (Endocentric) دادەنرێت، بەمەش ئێکسباڕ دوو ئاستی جێکەوتە جیادەکاتەوە، کاتێك تەواوکار و (X) جێکەوتەی (X') پێکدەهێنێت و کەرستە سەربارەکان و جێکەوتەی (X') بەیەکەوە جێکەوتەی مەزنی (X") پێکدێنن، کە دەکرێت بەم هێڵکارییە بخرێتەڕوو:




(Haegman 2008: 105)

ئەگەر ئەم هێڵکارییە بە ڕوکارێکی دیکە بنووێندرێت ئەوا دەکرێت فرەیزەکان لە کەرەسەی دیکەی بچوکتر پێکبێن واتە فرەیزی (A) لە (B) و (C) پێکبێت و هەر یەکە لەو دوو کەرەسەیەش لە کەرەسەی دیکە پێکبێن تا پێکهاتەکە شێوەیەکی هەرەمی وەردەگرێت و هەر کەرەسەیەك سەرووی درەختەکە بگرێت دەسەڵاتی بەسەر کەرەسەکانی ژێر خۆیەوە دەبێت، بۆ نمونە:




(سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٩: ٣٢)

بە پێی ئەوەی تیۆرەکە زیاتر بە لای نووانەنێکی گشتگیری ڕۆنانی پێکهاتەکانی هەموو زمانەکانەوەیە بۆیە دەکرێت ئەم هێڵکارییە درەختییەی سەرەوە ڕووتبکرێتەوە بۆ هێڵکارییەکی جەبری ڕووت و تەنها (X) وەك هێمای گۆڕاو یان (س) و (ص)ی بیرکاری تێدا بهێڵدرێتەوە. بەم شێوەیە:




واتە دەتوانرێت گرێ بەتاڵەکان بە پێی تایبەتمەندیی زمانەکان پڕبکرێنەوە، چونکە هەموو زمانەکان وەك یەك نین. (مصطفى غلفان ٢٠١٠: ١٨٦)

## ١ - ٢ - ٢ تیۆری ئێکسبار لە مۆرفۆلۆژیدا

ئامانجی سەرەکی تیۆری ئێکسبار ئەوەیە، کە ڕۆنانی پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕستەکان شیبکاتەوە بەوەی لە بنەڕەتدا یەکن و هاوشانن، بۆیە لەسەر ئەم ڕاستییە پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکانیش وەك وشە ناسادەکان دەکرێت بخرێنە چوارچێوەی شیکردنەوەی ئەم تیۆرەوە، چونکە ڕۆنانی ئاستی مۆرفۆلۆژیش هەمان ڕووکاری ڕۆنانی ئاستی سینتاکسی هەیە، واتە وشە ناسادەکان خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆیین و لە چەند دانەیەکی پێکهێنەر پێکهاتوون، کە هاوشێوەی ڕۆنانی سینتاکسی چوونەتە پاڵ یەکەوە، بۆیە (پێکهاتەی وشەکان بە درێژکراوەی ڕۆنانی سینتاکسی دادەنرێن). (ستیفن بنکر ٢٠٠٠: ١٦٤)

ئەگەر پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکانی وەك وشە ناسادەکان لە شێوەی پێکهاتەدا وەربگرین ئەوا دەکرێت ئاستی مۆرفۆلۆژیش لە پاڵ سینتاکسدا بە شێوەیەکی گشتی ئاستی (X) پڕبکاتەوە (Scalise 1986: 186) چونکە چۆن فرەیزەکان سەرەدارن بە هەمان شێوە ئەم جۆرە وشانەش لە شیکردنەوەی پێکهاتەکەیاندا دەردەکەوێت، کە سەرەدارن. (Katamba 2006: 316)

لەگەڵ گەشەپێدانی تیۆری ئێکسبارەوە گریمانە لێکسیکییەکان گفتوگۆییەکی زۆریان هێنایە ناو تیۆرەکەوە، بە تایبەتی پەیوەندیی مۆرفۆلۆژی بە سینتاکسەوە. ئەمەش لە هەر دوو خاڵە سەرەکییەکەی مۆرفۆلۆژییەوە واتە گیرەکە ڕێزمانی و گیرەکە وشەدارێژەکانەوە. لەبەر ئەوە زمانەوانەکان لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە تایبەتیش (هال) هەوڵیاندا تیۆری ئێکسبار بەو ڕادەیە فراونبکەن، کە ئاستی مۆرفۆلۆژیش بگرێتەوە تاوەکو چەند هەوڵێکی دیکەشی لە لایەن زمانەوانەکانی دیکەی وەکو (ئارۆنۆف و ولیەمز و مارتینز) بەدواداهات. ناوەڕۆکی هەوڵی ئەمانە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە ڕۆنانی ناوخۆیی وشە ناسادەکان یان پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکان هەمان ڕووکاری گشتی ڕۆنانی فرەیزەکانیان هەیە و دەکرێت هەمان تیۆری تێدا بکرێتە پێوەری شیکردنەوە. (مصطفی غلفان ٢٠١٠: ١٨٣-١٨٤)

گرنگیی شیکردنەوەی وشە ناسادەکان بە تیۆری ئێکسبار بۆ پەیبردنە بە خودی پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان، چونکە ئەم شیکردنەوەیە وردەکاریی پێکهاتەکە بە تەواوی دەخاتەڕوو و پەیوەندیی پێکهێنەرەکانی وشەکەش لە سەرە و دانەکانی دیکە ڕووندەکاتەوە، هەروەك لە یاساکانی داڕشتنی وشەشدا ئەوە بەرچاودەکەوێت، واتە ڕوکاری گشتگیری وشە ناسادەکان بە هەمان شێوەی فرەیزەکان پیشاندەدات لە شێوەی یاسایەکی گشتیدا، کە دەکرێت یاساکە هەموو پێکهاتەیەکی وشە ناسادەکان بگرێتەوە.

یەکێك لەو پرۆژانەی، کە لە بابەت ئێکسباری وشە ناسادەکانەوە هەیە پرۆژەکەی سێلکێرك (Selkirk)ە. ئێمە لەم بابەتەدا جەخت لەسەر ئەم پرۆژەیە دەکەینەوە، چونکە سێلکێرك لە خستنەڕووی بابەتەکە وەك خۆی ئاماژەی پێداوە هەوڵیداوە گفتوگۆ لەسەر دوو خاڵ یان دوو بیرۆکەی سەرەکی بکاتەوە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی پێش خۆیدا (Selkirk 1982: 6) بەمەش بە یەکێك لەو پرۆژانە دادەنرێت، کە بە شێوەیەکی ورد بابەتەکەی خستۆتەڕوو. (Scalise 1986: 187)

تیۆری ئێکسباڕ لە چوارچێوەی ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بە دەوری دوو خاڵدا دەسوڕێتەوە:

١- نووسینەوە و داڕشتنی یاسای وشە ناسادەکان لە سیاقێکی ئازاددا واتە لە دەرەوەی ئەو سیاقەی وشەکەی تێدایە لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژیدا بە پێی چەند هێمایەك کە لە شێوەی هێمایەکی بیرکاریانەدا دەخرێتەڕوو، بەشێوەیەك کە وردەکاری پێکهاتەی ناوخۆیی وشەکان لە خودی یاساکاندا بەرجەستەببێت، واتە جۆری کەتیگۆری پێکهاتەکە و دانەپێکهێنەرەکانی وشە ناسادەکان وەك پێکهاتەیەك دەخاتەڕوو، چونکە وەك سێلکێرك ئاماژەی پێدەدات، نوسینەوە و داڕشتنی یاسای وشە ناسادەکان لە سیاقێکی ئازاددا وەك سیستەمێك (لە توانایدا هەیە بەرهەمهاتنی هەموو وشەیەکی زمان ڕوونبکاتەوە). (Selkirk 1982: 4)

٢-دووبارەکردنەوەی هەمان وردەکاری ناو یاساکە لە نواندنێکی درەختیدا بەمەبەستی دیاریکردنی ئاستی دانە پێکهێنەرەکانی ناو پێکهاتەی وشە ناسادەکان، بەشێوەیەك کە هەموو پێکهاتەکە وەك جێکەوتەیەکی مەزن بە دوو باڕەوە پیشاندەدرێت و هەتا شیکردنەوەکە بەرەوخواربێتەوە ژمارەی باڕەکانیش کەمدەکات.

سێلکێرك یاساکانی شیکردنەوەی وشە ناسادەکانی بە پێی خاڵی یەکەم، کە داڕشتنەوەی یاساکانی وشە ناسادەکانە لە سیاقێکی ئازاددا بەم سێ چەشنە یاسایە خستۆتەڕوو:

$$1\text{-}\ P \longrightarrow \varphi\ Q\ \ AF\ \psi$$
$$2\text{-}\ P \longrightarrow \varphi\ AF\ \ Q\ \psi$$
$$3\text{-}\ P \longrightarrow \varphi\ Q\ \ R\ \psi$$

هەر یەکە لە (P) (Q) (R) بەرجەستەکەری دانە پێکهێنەرەکەن لە ڕۆنانی پێکهاتەکەدا لە کاتێکدا هەر یەکە لە نیشانەکانی (φ) (ψ) بەرجەستەکەری جۆری کەتیگۆری گۆڕاوی دانە پێکهێنەرەکانن. هەروەها دەکرێت هەر یەکە لە (P) (Q) (R) بە هێمایەکی نادیار دەستنیشانبکرێن، بەم شێوەیە: (Ibid: 4)

$$1\text{-}\ P \longrightarrow \Delta$$
$$2\text{-}\ Q \longrightarrow \Delta$$
$$3\text{-}\ R \longrightarrow \Delta$$

ئەم سێ یاسا بیرکارییە لە توانایاندا هەیە ئەگەرەکانی وشە ناسادەکان لەخۆبگرن، چونکە:

١- یاسای یەکەم و دووەم تایبەتە بە وشە داڕێژراوەکان و لە دوو ئەگەردا خراوەتەڕوو بە پێی خودی ئەو گیرەکەی وشەکەی داڕشتووە یان بە شێوەی پێشگر دێت یان بە شێوەی پاشگر.

٢- یاسای سێیەم تایبەتە بە وشە لێکدراوەکان و ڕوونکردنەوەی هەر سێ پیتەهێمای (P) (Q) (R) بە نیشانەی نادیارەکەی (Δ) ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەگەرەکانی هاتنی وشە لێکدراوەکان زیاترە لە گیرەکەکان (واتە: وشە داڕێژراوەکان).

داڕشتنەوەی یاساکانی ڕۆنانی وشە ناسادەکان بە نواندنی درەختیانەی ئێکسباڕەوە لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژیدا بەوەی، کە هەتا شێوە هەڕەمییەکە بێتە خوارەوە ژمارەی باڕەکانیش

کەمبکات ئەوا ئاستی سروشتی وشە ناسادەکە و دانە پێکهێنەرەکانی بە گوێرەی ئەم سێ پاسایەی سەرەوە دەخاتەڕوو، چونکە بە پێی داڕشتنی وشە ناسادەکان سێ ئاست دیاریدەکات، بەم شێوەیە:

خودی وشە ناسادەکە وەك پێکهاتەکە بریتییە لە ئاستی (+1)

وشە سادەکانی ناو ڕۆنانی پێکهاتەکە بریتین لە ئاستی (0)

گیرەکەکانی ناو ڕۆنانی پێکهاتەکەش بریتین لە ئاستی (-1) (Scalise 1986: 188)

ئەگەر ئەم تێڕوانینەی سێلکێرك بەم هێڵکارییەی خوارەوە بخەینەڕوو، ئەوا:

$$X^{+1}$$
$$|$$
$$X^{0}$$
$$|$$
$$X^{-1}$$

تەنها لە ئاستی ژێرەوەدا دەتوانرێت پایە بە وشە سادەکان پێبدرێت، بە پێچەوانەوە هەرچی گیرەکەکانن ئەوا ناکەونە ئاستی ژێرەوە و هیچ پایەیەکیشیان پێنادرێت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە بەشێکی زۆری وشەکان بەهۆی گیرەکەکانەوە دروستدەبن و ڕۆدەنرێن، لەبەرئەوە لە نووسینەوەی پاساکاندا هەمیشە ئاستی گیرەکەکان بە شێوەی(-1) دەنوسرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

$$X^{+1} \longrightarrow Y^{0} \quad X^{-1}$$
$$X^{+1} \longrightarrow X^{-1} \quad Y^{0}$$
$$X^{+1} \longrightarrow Y^{0} \quad Y^{0}$$

ئەمەش بەرەو بابەتێکی دیکە ڕاماندەکێشێت، کە بریتییە لەو پرسیارەی ئایا وشە ناسادەکان لە ڕۆنانی ژێرەوەیاندا چۆن دەگەنە ڕۆنانی سەرەوە؟ بە ڕێگای گوێزانەوەوەیە یان ڕێگای لادان؟

## ١ – ٢ – ٣ کەرەسەی تاریك و ڕوون

دەستنیشانکردنی کەرستەی تاریك و ڕوون لە فەرهەنگی هەر زمانێکدا پەیوەندی بە بابەتی پەیوەندیی نێوان فۆڕم و واتاوە هەیە، پەیوەندیی فۆڕم و واتاش یەکێکە لە بابەتە هەرە سەرەکییەکانی سیمانتیك وەك لایەنێکی زمانەوانی. ئەگەر زمان بەوە لێکبدرێتەوە کە دیوێکیان دەنگە و دیوەکەی دیکەش واتا. پەیوەندیی فۆڕم و واتا لەوە هاتووە، کە سیمانتیك وەك هێمایەکی زمانی مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکات، بەم پێیە هەموو هێمایەکی زمانی لە یەك کاتدا فۆڕم و واتای هەیە.

فێردینان دی سوسێر هێما زمانییەکە وەك فۆڕم بە دال (signifier) و مەدلولیش بە (signified) ناودەبات، بەڵام بە لای سوسێرەوە فۆڕمەکە پەیوەست نییە بەو شتەی لە جیهانی دەرەوەدا هەیە واتە دال و مەدلولەکە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، چونکە پەیوەندییەکی لۆجیکی یان سەبەبی بۆ ئەو مەبەستە لە نێوان دال و مەدلولەکەدا نییە. (فێردینان دی سوسور ١٩٨٥: ٨٦) دەکرێت ئەم بۆچوونەی سوسێر بە پێی سینتاکسی وشە، وشە وەك کەرەسەیەکی زمانی بەسەر کەرەسەی تاریك و ڕووندا دابەشبکرێت.

تاریك و ڕوونیی وشە وەك کەرستەیەك بە هۆی جۆری وشەوە لە ڕوی پێکهاتنەوە یان لە چوارچێوەی بابەتی سینتاکسی وشەوە دەستنیشاندەکرێت، چونکە:

١- وشە سادە فەرهەنگییەکان هێمایەکی زمانی ئەوتۆن، کە شێوەی بەرهەمهاتنیان کەوتۆتە بەر ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییەوە، واتە پەیوەندییەکی هۆیی (سببی) لە نێوان فۆڕم و واتاکەیانەوە نییە، بۆیە هێمای تاریکن.

٢- وشە ناسادە فەرهەنگییەکان بە هەر سێ جۆری داڕێژراو و لێکدراو و ئاڵۆزەوە بە ڕادەیەکی زۆر هێمایەکی زمانی ئەوتۆن، کە شێوەی پێکهاتنیان پەیوەندییەکی هۆیی لە شێوەی دروستبوونیانەوە هەیە، بۆیە هێمای ڕوونن.

بەم شێوەیە تاریك و ڕوونیی هێمای زمانی لەسەر پێکهاتەی ناوەوەی هێماکە خۆی وەستاوە، واتە وشە سادەکان بۆیە هێمای تاریکن، چونکە پێکهاتەی ناوەوەیان نییە یان سینتاکسی پێکهاتنیان نییە واتاکەیان لە پێکهاتەی خۆیانەوە پێشبینی ناکرێت، بەڵام وشە ناسادەکان بۆیە هێمای ڕوونن، چونکە پێکهاتەی ناوەوەیان هەیە یان سینتاکسی پێکهاتنیان ڕوونە و دیارە و تاڕادەیەك واتاکەیان لە پێکهاتەی خۆیانەوە پێشبینی دەکرێت بە بەراوردکردن لەگەڵ وشە سادەکاندا.

سینتاکسی وشە کە تیۆری ئێکسباڕ دەکاتە بنەمای لێکۆڵینەوە، دەکرێت بەم هێڵکارییە ڕوونیی و تاریکیی وشە بە پێی ئاستەکانییەوە بخاتەڕوو:

$$X^{+1}$$

|

$$X^{0}$$

|

$$X^{-1}$$

بە پێی هێڵکارییەکە هەموو وشەیەکی سادە ئاستی ناوەندی پڕکردۆتەوە، کە ئاستی (0) و هەموو وشەیەکی ناسادە بە هەر سێ جۆرەکەیەوە ئاستی(+1) گرتووە. خاڵی تێبینی لێرە ئەوەیە کەرەسەی

زمـان هەمیـشە بـە وشـە لێکدراوەتـەوە، بـەڵام تیـۆری ئێکـسباڕ گیرەکـەکانیش دەخاتـە ئاسـتێکی سەربەخۆوە، کە ئاستی خوارەوە دەگرن، کە ($1^-$)ە.

جیاوازیی نێوان هەر دوو ئاستی ($1^+$) و ($0$) لەگەڵ ئاستی ($1^-$) لە واتاداری و بێ واتایی دایە، چـونکە هـەر یەکـە لـە ئاسـتی یەکـەم و دووەم کەرەسـەیەکی زمـانی واتـادارن، بـەڵام ئاسـتی سـێیەم کەرەسەیەکی زمانی بەند پرپیدەکاتەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا گیرەکـەکان بـەو سروشتەی هەیانە کەرەسەی تاریکن یان ڕوون؟

لـە دۆخـی ئێـستای زمانـدا گیرەکـەکان وشـەدارێژبن یـان ڕێزمـانی مـۆرفیمی بەنـدن، بۆیـە ناکرێـت بەندیی گیرەکەکان ببێتە هۆی ئەوەی بە بێ واتایی لێکبدرێنەوە، چونکە:

١- هەندێك لە پێناسەکانی مۆرفیم ئەوەمان پێدەڵێن، کە مۆرفیم بچوکترین یەکەی زمانە، کە واتا یان ئەرکی هەیە. بەم پێیە ئەرك و واتا بەرامبەر یەك وەستاون.

٢- وشە سادەکانی زمان لـە توانـای پێشکەوتنی بـەردەوامیی ژیانـدا نین و پێویـستە وشـەی تازە لە سەر بنەمای لێکدان و دارشتن بێتە ئاراوە، بەشێکی زۆری ئەم جۆرە وشـانەش لـە ڕێی گیرەکەکانەوە بەرهەمدەهێنرێن.

وشە دارێژراوەکان کە لە ئاستی ($X^{+1}$)دان بە هۆی گیرەکەکانەوە دادەرێژرێن و هەموو فۆرمێکیش کـە دەچـێتە چوارچـێوەیەکی گراماتیکییـەوە دیـسان هـەر گیرەکـەکان ئـەو دۆخـەی پێـدەدەن، بۆیـە گیرەکەکان لەم بوارەدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن. بەم پێیە گیرەکەکان کەرەسەیەکی ڕوونکەرەوەن.

بەرهەمهێنەریی گیرەکەکان لەوەدایە، کە ئەگەر خۆشیان هاوشانی وشە سادەکان کەرەسـەی تاریك بن، بەڵام دەبنە هۆی ڕەواندنەوەی تاریکیی وشە سادەکە کاتێك پێیەوە دەنوسێت، چونکە لەبەر ئەوەی واتـای وشـە تازەکـە لـە کـۆی هەردووکیانـەوە دێـت، بۆیـە واتاکـەی لـە کـۆی کەرتەکانییـەوە پێـشبینی دەکرێت.

بۆ نمونە:

لە شیکردنەوەی وشەی (**پیاوانە**)دا کە وشـەیەکی دارێـژراوە، کـەرتی یەکـەمی وشـەکە (**پیـاو**) وەك وشـەیەکی سـادە هێمایـەکی تاریکـە و هـیچ پەیوەندییـەك لـە نێـوان فـۆرمی وشـەکە و واتاکـەی نییـە و پێشبینی نەکراوە، بەڵام واتای فۆرمە تازەکە پێشبینی کراوە. هۆکـاری ئـەم ڕوونییـەش لـە گیرەکەکەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەو گوزارشتە نوێیەکەی بە فۆرمە تازەکە داوە، هەر بۆیەش دەبێتە سـەرەی وشـە تازەکە. پێویستە لەسـەر بنـەمای هێڵکارییەکـەی پێشوتری کەرەسـەی تاریك و ڕوون ئـەم هێڵکارییـەی خوارەوە پەسندبکرێت:




بە پێی هێڵکارییەکە کەرەسە ڕوونەکان لە هەر دوو ئاستی ژێرەوە و سەرەوەدا هەر ڕوونن، کەرەسە تاریکەکان (و. سادە) لە هەر دوو ئاستەکەدا هەر تاریکن، بەڵام کاتێك:

١- وشەیەکی سادە لەگەڵ وشەیەکی سادەی دیکەدا یەکدەگرێت دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەی وشە سادەکەی دیکە.

٢- هەروەها گیرەکەکان تایبەتمەندیی ئەوەیان هەیە، کە لە دروستبوونیان و واتایاندا وەك وشە سادەکان وان، بەڵام لە ئاستی سەرەوەیاندا دەبنە هۆی ڕوونی وشە نادەکان.

ئەم هێڵکارییە ئەوەش دەخاتەڕوو، کە گیرەکە وشەدارێژەکان بەهۆی تایبەتمەندییەکانیانەوە بەو ئاراستەیەدا دەچن، کە بکەونە ئاستی ژێرەوەی وشەدارێژراوەکان، واتە لە یاساکانی بەرهەمهێناندابن نەك لە گوێزانەوەدا دەربکەون، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە سەرەکییەکانی گیرەکە وشەدارێژەکان ئەوەیە، کە کاتێك دەچنەسەر وشەیەکی سادە فۆڕمێکی تازە بە واتا و کەتیگۆرییەکی تازە یان فۆڕمێکی تازە بە هەمان کەتیگۆری وشە سادەکە دادەڕێژن و بەمەش دەچنە ئامێزی وشە سادەکەوە و دەروازەیەکی فەرهەنگی تازە بە وشەکە دەدەن لە ڕووی کەتیگۆری و واتاییەوە.(محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٦: ٥٧-٦٠)

بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی زیاتری ئەم بابەتە دەکرێت پایەی هەر یەکە لە وشە سادەکان و وشە ناسادەکان و گیرەکەکان بە لۆجیکێکی بیرکارییانە لەم سێگۆشەیەدا بخرێتەڕوو:



ئەگەر ئاستی وشە سادەکان بە پێی تیۆری ئێکسباڕی وشەکانەوە بریتی بێت لە (0) و وشە ناسادەکانیش بریتی بێت لە ( $1^{+}$ ) و گیرەکەکانیش بریتی بێت لە ( $1^{-}$ ) ئەوا بە پێی پێکهاتەی وشە ناسادەکان پێویستە ئەم دوو هاوکێشەیە بۆ لێکدانەوەی ڕوونیی و تاریکیی کەرەسە زمانییەکان پەسندبکرێن:

$$0 + {}^{-}1 = {}^{+}1$$

$$0 + 0 = {}^{+}1$$

هەر یەکە لە (0) و ($1^{-}$ ) هەم کەرەسەی تاریکن و هەم کەرەسەی ڕوونکەرەوە، چونکە کاتێك لە ئاستی خوارەوەدا گیرەکێك بە سیماکانی خۆیەوە سەردەکەوێت و لەگەڵ وشەیەکی سادەدا یەکدەگرێت، کەرەسەیەکی ڕوون بەرهەمدەهێنێت، هەروەها کاتێك لە هەمان ئاستدا وشەیەکی سادە لەگەڵ وشەیەکی سادەی دیکەدا یەکدەگرێت بە هەمان شێوە کەرەسەیەکی ڕوون بەرهەمدەهێنن، وەك لەم دوو هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:




بە پێی شیکردنەوەی ئێکسباڕ بێت گیرەکەکان لە ئاستی خوارەوەدا هیچ پایەیەکیان پێنادرێت، بەلاّم ئیتاڕۆڵ ڕۆڵیان پێدەدا و کاتێك سەردەکەون بە هەموو سیما جیاکەرەوەکانی خۆیانەوە سەردەکەون و لە یەکەم هەنگاویشیاندا لەگەڵ وشە سادەکاندا یەکدەگرن و وشەی ناسادە دروستدەکەن.




بە هەمان شێوەیە کاتێك وشەیەکی سادە لە هەمان ئاستی خۆیدا لەگەڵ وشەیەکی هاوتای لە ئاستدا یەکدەگرێت وشەیەکی ناسادە دروستدەکات.

بۆ نمونە:

| | | |
|---|---|---|
| ١- و. ساده + تاریکی | = | و. ساده + گیرەك |
| خەم + ناك | = | *و. دارێژراو* |
| ٢- و. ساده + گیرەك | = | و. ساده + ڕوونی |
| *و. دارێژراو* | = | *کەرەسەی ڕوون* |

واتە: وشەی سادە و گیرەکان هەردووکیان هەم کەرەسەی تاریکن و هەم کەرەسەی ڕونکەرەوەن و لێڵی وشە سادەکان دەرەوێننەوە و گیرەکانیش بە تەواوی سیماکانی خۆیانەوە بە یاسای گوێزانەوە سەردەکەون.

بە پێی ئەو ئەرك و ڕەفتارەی گیرەکەکان هەیانە و دەینووێنن، دەبێت گیرەکەکان توانای بەرهەمهێنانیان هەبێت، بۆیە ئەم شیکردنەوەیە تیۆری ئێکسباڕی وشە دەخاتە بەردەم ئەو ڕەخنەیەی کە نابێت لە پێدانی ئاستی ($1^-$) بە گیرەکەکان لە توانای بەرهەمهێنانی گیرەکەکان کەمبکاتەوە بەڵکو دەبێت ئەمە وەکو نرخێکی ڕووتی بیرکاریانە دابنرێت نەك بکرێتە بەهای گیرەکەکان. بە بۆچوونی ئێمە بیّ واتایی گیرەکەکان دارێژەرانی تیۆری ئێکسباڕی وشەی بەو ئاراستەیەدا بردووە، کە لە ئاستی خوارەوەی پێکهاتەی وشە ناسادەکاندا هیچ پایەیەك بە گیرەکەکان نەدەن، بەڵام پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگیرێت، کە گیرەکەکان بە تایبەتیش گیرەکە وشەدارێژەکان وەکو مۆرفێمیکی بەند بە واتایەکی ئەبستراکتی لە مێشکی ئاخێوەراندا کاردەکەن و ئەرکدارن، بەمەش لە بەرهەمهێنانی وشە ناسادەکاندا بەشدارن و بە کردەی گوێزانەوە دەگەنە ئاستی سەرەوە، بەڵام بۆچوونەکەی سێلکێرك بەوەی تەنها ئەو جۆرە کردە ناکەن، لەگەڵ سینتاکسی وشەکانی زمانی کوردی ناگونجێت، چونکە بە پێی ئەوەی کوردی لە پۆلی زمانە تێکچڕژاوەکاندایە و زمانێکی مۆرفۆسینتاکسییە، بۆیە گیرەکە ڕێزمانییەکان لە پێکهاتەی کار و چاوگدا هەمان پایەی گیرەکە وشەدارێژەکانیان هەیە و هاوشانن، کە لە ئاستی خوارەوەدا هەن و بەشێکن لە کردەی بەرهەمهێنان و بە گوێزانەوە دەگەنە ئاستی سەرەوە. (*بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە بڕوانە:* **سینتاکسی چاوگ** *لە بەشی دووەمی نامەکەدا*)

### ١ - ٣ سەرە Head

سەرە بریتییە لەو توخمەی پێکهاتە، کە جۆری کەتیگۆری پێکهاتەکە لەخۆیدا کۆدەکاتەوە (سەرە دەستەڵاتی بەسەر کەرەسە شوێنکەوتووەکانی خۆیەوە هەیە) (سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٩: ٣١) و دەبێتە چەقی پێکهاتەکە. لە هەر پێکهاتەیەکدا یەکێك لە دانەپێکهێنەرەکانی پێکهاتەکە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەکە هەڵدەگرێت و هەموو کەرەسەکانی دیکە لە دەوری خۆیدا کۆدەکاتەوە. واتە ئەگەر سەرە دەلالەت بۆ چ کەتیگۆرییەك بکات پێکهاتەکەش هەمان کەتیگۆری هەڵدەگرێت بۆ نموونە: ئەگەر سەرە ناو بێت یان دەلالەت لە ناو بکات، ئەوا پێکهاتەکەش کەتیگۆری ناو هەڵدەگرێت،

خۆ ئەگەر سەرە دەلالەت لە کۆ بکات ئەوا خودی پێکهاتەکەش لە ڕوی ڕێزمانییەوە دەلالەتی کۆ دەدات. (INT-2: 9) بۆ نمونە: لە فرەیزی (**گوڵی گەنم**) وشەی (**گوڵ**) کە ناوە سەرەی فرەیزەکەیە، واتە کەتیگۆری فرەیزەکە بە کەتیگۆری وشەی (**گوڵ**) بەستراوەتەوە، ئەمە لە وشەکانی کوردیشدا هەر وایە بە تایبەتی لە وشە داڕێژراوەکاندا کە گیرەك سەرەی وشەکان دەگرن، بەلام لە سینتاکسی وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا مەرج نییە ئەمە هەموو دەم وەکو خۆی بێتەوە، هەروەك دواتر لە بەشی سێیەمی نامەکەدا ئاماژەی پێدەدەین.

ئەگەرچی بیرۆکەی سەرە لە ڕێزماندا بۆ ڕێزمانی تەقلیدی دەگەڕێتەوە، بەلام بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە وەك ئەو گرنگییەی ئێستا لە ڕێزماندا و بە تایبەتی لە تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا هەیەتی و پێیدراوە.

بیرۆکەی سەرە بە شێوەیەکی دیکە لە سەردەستی بنیادگەرە ئەمریکییەکاندا و بە تایبەتی دوای دۆزینەوەی بیری مۆرفیم گەشەیپێدرا، چونکە لە شیکردنەوەی پێکهاتە سینتاکسی و وشەکاندا مۆرفیم تەوەرەی سەرەکی بوو، مۆرفیم بووە چەقی لێکۆڵینەوە لە ڕۆنانی پێکهاتەکاندا، بۆیە گەشەکردنی بیرۆکەی سەرە لە زمان بۆ ئەوان دەگەڕێنرێتەوە. ئەگەرچی لە سەردەمی ئێستادا گرنگیی سەرە لە تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا دەردەکەوێت، بەلام لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم تیۆرەوە تا ماوەیەك سەرە فەرامۆشکرابوو، بەلام دواجار لەگەڵ سەرهەڵدانی تیۆری ئێکسبار لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە جارێکی دیکە ئەم تیۆرە گەڕایەوە سەر گرنگی و پایەی سەرە لە شیکردنەوەکانیدا. تا وای لێهاتووە پێکهێنەرێك بە جێکەوتەی سەرەیەکی لێکسیکی دابندرێت. (Trask 1993: 125 - 126) بەمەش سەرە پەیوەندی نێوان پێکهاتە و پێکهێنەرەکان دەخاتەڕو، واتە پێکهێنەرەکانی فرەیز.

## ١ - ٣ - ١ سەرە لە مۆرفۆلۆژیدا

ئەگەر ڕوکاری سەرەکی لە پێکهاتە سینتاکسی و مۆرفۆلۆژییەکاندا بۆ خودی چەمکی پێکهاتە و پێکهێنەر بگەڕێندرێتەوە، ئەوا دەکرێت بگوترێت بیرۆکەی بابەتی سەرە لە مۆرفۆلۆژیدا هەمان ئەو بیرۆکەیەیە، کە لە سینتاکسدا هەیە، چونکە لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیشدا سەرە ڕۆڵێکی گرنگ لە شیکردنەوەی پێکهاتەکەدا دەگێڕێت. بۆیە لە هەندێك تێڕوانینی مۆرفۆلۆژیانەدا ئەوە باوە، کە دەگوترێت سەرە ڕۆڵێکی گرنگ لە شیکردنەوەی داڕشتنی وشەدا دەبینێت، چونکە مۆرفیمێك دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە داڕشتنی وشەدا بگێڕێت بە بەراوردکردن لەگەڵ ڕۆڵی سەرە لە پێکهاتە سینتاکسییەکاندا. (Ibid: 126)

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو یاسایانەی لە بابەتی پێشتردا لە بارەی یاساکانی داڕشتنی وشەدا بەشێوەی جەبری خستمانەڕوو، ئەوا سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکانمان بەوردی بۆ دەردەکەوێت. بۆ ئەمە یەکێك لە یاساکان شیدەکەینەوە.

$$[\,W\,]_N \longrightarrow [\,[\,\text{ئازاد}\,]_{Adj} + [\,\text{ی}\,]_{Af}\,]_N$$

بە لێکدانەوەی یاسای ڕۆنانی پێکهاتەی (**ئازادی**) دەردەکەوێت، کە:

١- وشەی (ئازاد) ڕەگە بنەڕەتەکەی پێکهاتەکەیە، کە ئاوەڵناوە، بەڵام سەرە نییە.

٢- گیرەکی (ی) کە چۆتە سەر ئاوەڵناوەکە وشەیەکی تازەی بە فۆڕمێکی تازەوە داڕشتووە، ئەم فۆڕمە تازەیە، هەم لە واتادا تازەیە هەم لە جۆری کەتیگۆرییەکەشی تازەیە.

٣- بەم شێوەیە گیرەکەکە پێکهاتەکەی داڕشتووە، بۆیە خۆشی دەبێتە سەرەی پێکهاتەکە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بە سەرەبوونی گیرەکەکە ئەگەر پێکهاتەی وشەکە بە هێڵکاری درەختی بخرێتەڕوو باشتر دەردەکەوێت، بەم شێوەیە:




وەك لە هێڵکارییەکەدا خراوەتەڕوو (X) ئاماژەیە بۆ کۆی پێکهاتەی (ئازادی) کە ناوە وەك لە خوارەوەی هێڵکارییەکەدا ئاماژەی پێدراوە، دوو گرێیەکان دوو پێکهێنەرەکەی پێکهاتەکە بەرجەستەدەکەن و ئەو ڕاستەهێڵە چەماوەیەش، کە لە گیرەکەکەوە بە ئاراستەی (X)ەوە چووە نیشانەی بەسەرەبوونی گیرەکەکەیە لە پێکهاتەکەدا.

## ١ - ٣ - ٢ نوواندنی سەرە

بۆ نوواندنی سەرەی وشە ناسادەکان لە ڕێی شیکردنەوەی دارئاسادا، دوو ڕێگای جیاواز گیراوەتەبەر، کە بریتین لە:

١- دەکرێت سەرەی وشەکە لە ڕێی کێشانی ڕاستەهێڵێکی چەماوەوە بۆ لوتکەی هێڵکارییە دارئاساکە پیشانبدرێت. وەك لە نموونەکەی سەرەوەدا خراوەتەڕوو.

٢- دەکرێت ئەو گرێیە (Node)ی بەرجەستەکەری سەرەی وشە ناسادەکەیە بە جووت هێڵ یان جووت ڕاستەهێڵ پیشانبدرێت. وەك لەم نموونەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو.




لە نموونەکانی دیکەی ناو نامەکەدا بە پێی پێویست بۆ نوواندنی سەرەی وشەکان هەر دوو ڕێگاکە بەکارهێنراون.

## ١ - ٣ - ٣ ناسینەوەی سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکان

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، سەرچاوەکان لە دەستنیشانکردنی سەرەی وشەکاندا بەو ئاراستەیەدا چوونە، کە ئەگەر سەرە ناو بێت یان دەلالەت لە ناو بکات، ئەوا پێکهاتەکەش کەتیگۆری ناو هەڵدەگرێت، خۆ ئەگەر سەرە دەلالەت لە کۆ بکات ئەوا خودی پێکهاتەکەش لە ڕووی ڕێزمانییەوە دەلالەتی کۆ دەدات. (INT-2: 9) واتە کامە دانەی پێکهێنەری پێکهاتەکە کەتیگۆری پێکهاتەکەی دەستنیشانکردووە ئەم دانەیەیان دەبێتە سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکە، بەڵام ئەم بۆچوونە بۆ دەستنیشانکردنی سەرەی وشەکان لە زمانی کوردی پراوپڕ نییە و وەك خۆی نایەتەوە، بۆیە (دەستنیشانکردنی سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکان دەبێت لە سیاقی پێکهاتەکە خۆیەوە وەربگیرێت). (INT-1: 6). هەروەك لە بەشی سێیەمی نامەکەدا باسی دەکەین. چەند ڕوانگەیەکی جیاواز بۆ ناسینەوەی سەرە دەستنیشانکراون، وەك:[٢]

١- **ڕوانگەی سیمانتیکی**: ئەم ڕێگایە سەرە لە چوارچێوەی بابەتی هایپۆنیم (داپۆشین) کۆتدەکات، چونکە بەو ئاراستەیەدا دەچێت، کە هەندێك سەرەی پێکهاتەکان دەتوانن شوێنی هەموو پێکهاتەکە بگرێتەوە. بۆ نموونە لە پێکهاتەی (apple pie) دا پێکهێنەری (pie) سەرەی پێکهاتەکەیە، چونکە هەموو (apple pie) جۆرێکە لە (pie).

٢- **ڕوانگەی دابەشکاری**: ئەم ڕوانگەیە هەر لە خاڵی یەکەمەوە وەرگیراوە، بە پێی ئەم ڕوانگەیە لەبەر ئەوەی سەرەی هەر پێکهاتەیەك دەتوانێت شوێنی پێکهاتەکە بگرێتەوە بۆیە هەمان ئاستی دابەشکارییان هەیە. واتە: هەر یەکە لە (pie) و (apple pie) دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە.

٣- **ڕوانگەی مۆرفۆسینتاکسی**: بە پێی شیکردنەوەی مۆرفۆسینتاکسییەوە سەرەی پێکهاتەکە دەبێتە شوێنی پێوەنوسانی گیرەکە ڕێزمانییەکان. واتە (سەرە پلەیەکی مۆرفۆسینتاکسی هەیە و هەڵگری نیشانەیەکی ڕێزمانییە، کە بۆ هەمو پێکهاتەکە دەگەڕێتەوە). (سەباح ڕەشید قادر٢٠٠٩: ٣١)

بۆ نموونە:

لە نمونەی سەرەوەدا ئەگەر پێکهاتەکە نیشانەی ڕێزمانی کۆی بخرێتەسەر ئەوا گیرەکەکە بە (pie)ەوە دەنوسێت نەك بە (apple)ەوە، واتە دەبێتە (apple pies) نەك (apples pie).

ئەم سێ ڕوانگەیە کە بۆ ناسینەوەی سەرە جیاکراونەتەوە زیاتر بۆ زمانێکی وەکو ئینگلیزی گونجاون، چونکە ناتوانرێت، بەسەر وشە کوردیدا جێبەجێبکرێن، بۆ نمونە گیرەکە ڕێزمانییەکان لە وشەی لێکدراوی کوردیدا مەرج نییە بە سەرەی وشەکە بلکێت، وەك لە وشەی (**گوڵەگەنمەکە**) دا بە تەواوی دیارە، کە گیرەکی (ەکە)ی ناسیاری بە سەرەی وشەکەوە نەلکاوە بەڵکو بە دیارخەری سەرەکەوە لکاوە، ئەمەش بۆچوونەکە لە زمانی کوردیدا هەڵدەوەشێنێتەوە.

---

٢- بڕوانە : (INT- 3:120)

## ١ – ٤ گیرەك و سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکان

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە گیرەك بریتییە لەو مۆرفیمە بەندەی بۆ گێڕانی ئەرکێکی سینتاکسی یان خستنەوەی وشەیەکی تازە بە فۆرم و واتایەکی تازە یان بە فۆرمێکی گراماتیکی تازە دەچێتەسەر مۆرفیمێکی سەربەخۆی دیکەوە. خاڵی سەرنج لێرەدا ئەوەیە، بۆچی گیرەکەکان دەبنە سەرەی پێکهاتەی لێکدراو و داڕێژراو؟

بۆ وەڵامی ئەمە دەکرێت بگەڕێینەوەسەر تایبەتمەندییەکانی خودی گیرەك و کاریگەری لە تیۆری داڕشتنی وشەدا بخەینەڕوو، چونکە وەك ئاماژەمان پێدا دەبێت سەرە لە چوارچێوەی خودی پێکهاتەکانەوە دەستنیشانبکرێت، بۆیەش ئەرکی گیرەکەکان لە خودی پێکهاتەکانەوە دەردەکەوێت.

زۆربەی زمانەکانی جیهان ناتوانن هەر بە تەنها بە وشە سادەکانەوە (ڕەگەکان) تەواوی پێداویستییەکانی خۆیان لە وشەکانی زماندا پڕبکەنەوە، بۆیە هەمیشە وشەی تازە بە پێی پێویستیی ژیانی کۆمەڵگاکان دێتەئاراوە. بۆ ئەو مەبەستە گیرەکەکان وەك زیادەیەك دەچنەسەر ڕەگەکان و وشەی تازە بە فۆرم و مانا و دۆخێکی دیکەی ڕێزمانی دادەهێنن. بەم پێیە بە سەرەبوونی گیرەکەکان لەم چوارچێوەیەدایە. بۆ ئەمە دەکرێت ئەم هێڵکارییە بخەینەڕوو:




ئەگەر لاکێشە گەورەکە تەواوی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی بەرجەستەبکات، ئەوا ناوەوەی پێکهاتەکە دوو ئەگەری بۆ دانراوە یان گیرەکەکە دەکەوێتە لای ڕاستی بنکەی پێکهاتەکە یان دەکەوێتە لای چەپی بنکەی پێکهاتەکە.

لە هەمو پێکهاتەیەکدا وشە سادەکە دەبێتە بنکەی پێکهاتەکە، بەڵام پێکهاتەکە بە کۆی بنکەکە و گیرەکەکە پێکهاتووە، بۆیە کاتێك گیرەکەکەی پێوەدەنوسێت بنکەکە تایبەتمەندییە کەتیگۆرییەکەی وەك کەتیگۆری پێکهاتەکە لەدەستدەدات، بەمەش گیرەکەکە دەبێتە سەرەی پێکهاتەکە، ئەمەش لە تایبەتمەندیی هەر دوو گیرەکی وشەداڕێژ و ڕێزمانییەوە دەردەکەوێت.

بۆ نمونە:




گیرەکی (بە) کە گیرەکێکی وشەداڕێژە، چەند تایبەتمەندییەکی هەیە:

١- چۆتە دووتوێی وشەکەوە و بەمەش وشەیەکی دیکەی فەرهەنگی بە واتایەکی تازە و فۆرمێکی تازە دروستکردووە.

٢- جۆری کەتیگۆری بنکە بەندەکەی لە ناوەوە کردووە بە ئاوەڵناو.

٣- هێزی وشەکە (هەڵوێستی وشەکە)ی بۆ خۆ ڕاکێشاوە.

## ١ - ٤ - ١ شوێنی سەرە لە پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکاندا

بابەتی پارامیتەری سەرە بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت، کە شوێنی سەرە لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیدا بخاتەڕوو، واتە دەستنیشانکردنی سەرەی پێکهاتەکە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی پارامیتەری سەرەیە، بە شێوەیەك، کە ئاخۆ سەرەی پێکهاتەکە لای ڕاست دەگرێت یان لای چەپی پێکهاتەکە.

دەستنیشانکردنی شوێنی سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکان بە پێی زمانەکان جیاوازی تێدەکەوێت. سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی (ئیدوین ولیەمز) بۆ ئەوە چووە، کە سەرە هەمیشە دەکەوێتە لای ڕاستی پێکهاتەکەوە، ئەم بۆچوونەی (ولیەمز) خراوەتە دوتوێی تیۆرییەکەوە بە ناوی ( Right – Hand Head Rule) کە (RHR) کورتکراوەکەیەتی. بە گوێرەی ئەمە سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکان بە پێی شوێن دیاریدەکرێت نەك تایبەتمەندی و پەیوەندیی نێوان پێکهێنەرەکان (Selkirk 1982: 21) بۆ نمونە دەکرێت پێکهاتەی (Football) بە پێی بۆچوونەکەی (ولیەمز) بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە:







ئەگەر ئەم بۆچوونەی (ولیەمز) بەڕادەیەکی زۆر تایبەت بێت بە زمانی ئینگلیزییەوە بەوەی سەرەی وشە ناسادەکانی زمانی ئینگلیزی بە ڕادەیەکی زۆر دەکەونە لای ڕاستی پێکهاتەکانەوە، ئەوا ئەم بۆچوونە لە زمانەکانی دیکە وەك خۆی جێبەجێنابێت بە تایبەتی زمانێکی وەکو کوردی.

لە زمانی کوردیدا گیرەکە وشەدارێژەکان هەمیشە بە پێی ئەو هێلکارییەی لەسەرەوەدا لە بارەی شوێنی گیرەکەکانەوە خرایەڕوو ڕیزنابن، بەڵکو لە هەر دوو سەری بنکەکەوە دێن واتە دەکرێت بە لای ڕاستدا بێن و بە لای چەپیشدا بێن، بۆیە ئەگەر ئەم جۆرە گیرەکانە لە پێکهاتەی وشە دارێژراوەکاندا ببنە سەرەی پێکهاتەکە ئەوا ئەم یاسایە وەکو خۆی لە شیکردنەوەی وشە دارێژراوەکانی کوردیدا جێبەجێنابێت، چونکە سەرەی ئەم وشانە لە سیاقی ئازادی وشەکان خۆیانەوە وەردەگیرێت. لە کاتێکدا دەکرێت ئەم یاسایە بەسەر هەندێك لە وشەکانی زمانی کوردیدا جێبەجێبکرێت، وەك لە نموونەکەی (**داردەست**)دا ڕوونکراوەتەوە، کە پێکهێنەری (دار) سەرەی وشەکەیە و بە لای ڕاستیشدا هاتووە.

## ١ – ٥ سەرەی ناوەکی و سەرەی دەرەکی (Endocentric & Exocentric)

هەر دوو چەمکی ئێندۆسێنتریك و ئێکسۆسێنتریك شێوازێکی دابەشکارییە و بریتییە لەو دوو ڕێگایەی، کە بەهۆیانەوە پێکهاتە سینتاکسییەکان لەیەك جیادەکرێنەوە ئەمەش بە پێی سەرەی پێکهاتەکان. (Crystal 2003: 161) بەمەش زمانەوانەکان لە کاتی شیکردنەوەی وشە ناسادەکاندا وەك پێکهاتەیەکی سینتاکسی پەنا بۆ بەکارهێنانی ئەو دوو چەمکە دەبەن. ( Aronoff & Fudeman 2011: 114)

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا، کە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی تیۆری ئێکسباڕ لە چوارچێوەی سینتاکسدابووە، چونکە ئامانجی ئەم تیۆرە ئەوەبوو، وای لێکدەدایەوە، کە فرەیزەکان لە هەموو زمانێکدا لە بنەڕەتدا یەك پێکهاتنی ناوەوەیان هەیە و هەموو فرەیزێکیش سەرەدارە، بەم پێیە تیۆری ئێکسباڕ ئەوە دەخاتەڕوو، کە هەموو فرەیزێك ئێندۆسێنتریك (Endocentric)ە.

بە پێچەوانەی ڕۆنانی فرەیزەکانەوە، ناتوانرێت لە شیکردنەوەی وشە ناسادەکاندا بە پێی هەمان تیۆرەوە بگوترێت، کە هەموو وشەیەکی ناسادە هاوشێوەی فرەیز ناوەکییە، چونکە شیکردنەوەی وشە ناسادەکان بە پێی تیۆری ئێکسباڕ دەیخاتەڕوو، کە وشە ناسادەکان بە تایبەتیش لێکدراوەکان بەسەر هەر دوو جۆری ئێندۆسێنتریك و ئێکسۆسێنتریکدا دابەشدەبن.

هەمو پێکهاتەیەکی سینتاکسی سەرەدار واتا پێکهاتەیەکی ناوەکی (Endocentric)ە (Trask1993: 91) لە شیکردنەوەی وشە لێکدراوەکاندا چەمکی ئێندۆسێنتریك بەو وشانە دەگوترێت، کە پێکهێنەرێکی وشەکە سەرەی وشە لێکدراوەکە بێت وەك پێکهاتەیەکی سینتاکسی، چونکە لە هەموو پێکهاتەیەکی لەو جۆرەدا سەرەی پێکهاتەکە پارچەیەکی واتایی لێکدراوەکەیە و لەبەر ئەوەشە وشە لێکدراوەکە بە پێکهاتەیەکی ناوەکی دادەنرێت، چونکە تایبەتمەندیی سەرەکە بەرامبەر هەموو پێکهاتەکە دەوەستێت.(Aronoff & Fudeman 2011: 114)

لە وشەی لێکدراوی ناوەکیدا سەرە دەبێتە چەقی پێکهاتەکە و بەوە جیادەکرێتەوە. بۆ نموونە (**گوڵـەباخ**) وشەیەکی لێکدراوی ناوەکییە، چونکە لە پێکهاتەی وشەکەدا پارچەی (گوڵ) چەقی پێکهاتەکەی گرتووە پارچەکەی دیکە تەنها بۆ خستنەڕووی زیاتری (گوڵ) هاتووە وەك دیارخەرێك.

بە پێچەوانەی ئێندۆسێنتریکەوە، هەمو پێکهاتەیەکی سینتاکسی، کە سەرەدار نەبێت سەرە دەرەکی (Exocentric)یە. (Trask 1993: 97) واتە لە پێکهاتەیەکی لەو جۆرەدا هیچ پارچەیەکی وشە لێکدراوەکە نابێتە چەقی پێکهاتەکە تا بە وشەیەکی ناوەکی لێکبدرێتەوە.

دەکرێت جیاکردنەوەی ئەو دوو چەمکە بەوە کۆتبکرێت، کە هەمو پێکهاتەیەکی سینتاکسی کە بە تیۆری ئێکسباڕ شیدەکرێتەوە سەرەدارە، بەڵام لە شیکردنەوەی وشە ناسادەکاندا سەرەی سینتاکسی و سەرەی واتایی هەیە. هەمو پێکهاتەیەکی ناوەکی هەر دوو سەرەی هەیە، چونکە یەکێك لە دانە پێکهێنەرەکانی پێکهاتەکە وەك پێکهاتەیەك بە پێی پێناسەی ئێندۆسێنتریکەوە چەقی پێکهاتەکە دەگرێت، بەمەش لێکدراوەکە هەم لە ڕووی سینتاکسییەوە هەم لە ڕووی سیمانتیکیشەوە سەرەدارە. بۆ نمونە لە وشەی (دەم و چاو)دا هیچ کام لە پێکهێنەرەکانی (دەم) و (چاو) چەقی پێکهاتەکە ناگرن، بەمەش پێکهاتەکە خۆی دەبێتەوە بە سەرەی خۆی لە شیکردنەوەی ئێکسباڕییانەدا. لەو وشە ناسادە لێکدراوانەی، کە لەسەر بنەمای دیارخە و دیارخراودا بەرهەمهاتوون، هەمیشە کەرتی دیارخەر سەرەی سیمانتیکی پێکدێنێت، بۆ نمونە لە وشەی (**ڕەشـەبا**)دا کەرتی (**ڕەش**) سەرەی سیمانتیکی وشە لێکدراوەکەیە، چونکە لە لێکدانەوەی سیمانتیکیدا ئەو کەرتە واتاکەی بە کەرتی (**با**) داوە.

## ١- ٦ تیۆری داڕشتنی وشە Word - Formation Theory

لە شیکردنەوەی سینتاکسیی وشەدا بە پێی ئەوەی وشە وەك پێکهاتەیەك لێکدەدرێتەوە بۆیە پشت بە خودی وشە خۆی دەبەسترێت، واتە وشە ماکی لێکۆڵینەوەکەیە، بەڵام خاڵی سەرەنج لێرەدا ئەوەیە، کە وشە خۆی چییە؟

ناسین و ناساندنی وشە بە پێی قۆناغەکانی تیۆرە گشتییەکانی زمانەوانی گۆڕاوە و گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. (ئەگەرچی وشە دانەیەکی زمانی یەکجار بەربڵاو و ئاشنایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە پێناسەیەکی ورد و قوڵ و تەواوی بخرێتەڕوو). (محەمەد مەعروف فەتاح ٢٠١١: ٨٩) ئەگەر ڕێزمانی تەقلیدی لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا وشەی بە بنچ دانابێت (وریا عومەر ئەمین ١٩٨٢: ٨٣-٨٣) ئەوا ڕێزمانی هاوچەرخ و بە تایبەتیش بنیادگەرەکان بەم شێوەیە سەیری وشەیان نەکردووە، چونکە بە لای ئەوانەوە هەموو پێکهاتەیەکی زمانی دەبێت بۆ پێکهێنەرەکانی شیبکرێتەوە، بۆیە لە ڕوانگەی ڕێزمانی هاوچەرخەوە (وشە یەکەیەکی لاوەکییە). (کۆمەڵێك زمانەوان ٢٠٠٩: ٢٣٤) لەم ڕوانگەوە دەکرێت هۆکاری ئەم بۆچوونەی بنیادگەرەکان بۆ ئەوە بگەڕێندرێتەوە، کە هەموو پێکهاتەیەکی لەو جۆرە نابێت بە سادە تەماشابکرێت، چونکە (وشە خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆییە و دەکرێت کەرتبکرێت بۆ پارچەی وردتری وا، کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت، بەم جۆرە ڕۆنانکارەکان مۆڕفۆلۆجیان کرد بە بەشێك لە زمانەوانی و ئەرکی لێکدانەوە و ڕێکخستنی مۆڕفیمیان لەناو چوارچێوەی وشەدا پێ سپارد). (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٦: ٧)

بەم شێوەیە بنیادگەرەکان لە ئاستی مۆڕفۆلۆژیدا گەڕانەوە سەر خاڵی سفر لە بارەی لێکۆڵینەوە و گەیشتن بە یەکەیەك کە بچوکترین یەکەی زمانی بێت لە بەرامبەر وشەدا، کە دواجار لە سەرەتای

چلەکانی سەدەی بیستەمدا بیری مۆرفیمیان داهێنا و سەلماندیان، کە دەکرێت وشە لە ڕووی ڕۆنانەوە کەرتبکرێت بۆ پارچەی بچوکتر لە خۆی، کە واتا یان ئەرکی هەبێت.

ئەم سەلماندنەی بنیادگەرەکان وا لێکدەدرێتەوە، وشە وەك یەکەیەکی لاوەکی زمانی کە بەسەر پارچەی لە خۆی بچوکتردا دابەشدەبێت، واتە قالبی وشە پێکهاتەیەکی زمانییە و هەموو پێکهاتەیەکیش بە پێی بنەڕەت و فەلسەفەی بنیادگەری لە کۆی پێکهێنەرەکانییەوە دێت بەمەش پێکهاتەکە بە پرۆسەیەکدا دەچێت.

دانانی وشە وەك پێکهاتەیەکی زمانی بە پێی ئەم شیکردنەوەیەی سەرەوە بۆ بنیادگەرە ئەمریکییەکان دەگەڕێتەوە، بنیادگەرە ئەمریکییەکان بە پێی سروشتی کارەکەیان زیاتر کاریان لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆژی کردووە (هەرچەندە لە جیاکردنەوە و ترازاندنی ئاستەکانی زماندا بەهەڵەداچوون، بەڵام لە بواری مۆرفۆلۆژیدا جێپەنجەیان دیارە) (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ۲۰۰٦: ۷) دەکرێت دۆزینەوە و خستنەڕووی بیری مۆرفیم بە خاڵی سەرەکی ئەم کارەیان دابنرێت.

ئەگەر سەردەمی بنیادگەرەکان بە لوتکەی گەشەکردنی مۆرفۆلۆژی دابندرێت ئەوا ئەم سەردەمە لەگەڵ بلاوبونەوەی یەکەم کتێبی چۆمسکی (syntactic structures) لە ۱۹٥۷دا چووە قۆناغی پاشەکشەکردنەوە، چونکە لەگەڵ بلاوبوونەوەی ئەم کتێبە سینتاکس بووە چەقی لێکۆڵینەوەی زمانی و مۆرفۆلۆژیش تەنها وەك پێکهێنەرێکی سینتاکسی سەیریدەکرا، بەڵام زۆری نەبرد لە دوای قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا، بە تایبەتی لە بابەتی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێناندا جارێکی دیکە زمانەوانەکان بە ئاراستەیەکی دیکە گەڕانەوە سەر مۆرفۆلۆژی، چونکە بەرەوپێشچوونەکانی سینتاکس ئەوەی لێکەوتەوە، کە هێشتا زۆر پرسیار هەن و پێویستە مۆرفۆلۆژی وەڵامیان بداتەوە، بۆیە گەشەکردنەکانی سینتاکس پێویستیی گەشەکردنی زیاتری مۆرفۆلۆژی لەگەڵ خۆیدا هێنا. (فوزي حسن الشايب ۱۹۹۹: ۲۸۱ – ۲۸۲)

بەم پێیە خاڵی گەڕانەوە بۆ سەر گرنگیی مۆرفۆلۆژی لە پێناو وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی ماون لە خودی چەمکی وشەدا سەرچاوەی گرت و بەمەش تیۆری دارشتنی وشە یان یاساکانی ڕۆنانی وشە داهێنرا. چەمکی دارشتنی وشە (Word - Formation) ئەو ڕێگایانە لێکدەداتەوە کە بە هۆیەوە دەتوانرێت وشەی تازەی پێ دروستبکرێت (Trask 2007: 325) بەم پێیە لێکۆڵینەوە لە تیۆری دارشتنی وشە فۆڕمی وشە (Word Form) بەهەندوەردەگیرێت.

پێویستیی ژیانی کۆمەڵ، زیادبوونی بەرهەم، پێشکەوتنی بیر و فکری مرۆڤ ... هەمیشە پێویستیان بە پەیدابوون و هاتنە کایەی وشەی نوێ هەیە. وشەکانی زمان زیاد دەبن و گەشەدەکەن و لەسەر بنچینەی ئەو وشانەی لە زووەوە لە زماندا هەن، وشەی نوێ دروستدەبێت. (ئەورەحمانی حاجی مارف ۱۹۸۷: ۲۸)

دەکرێت گرنگیی دارشتنی وشە بۆ ئەوە بگێڕدرێتەوە، کە هیچ زمانێك ناتوانێت هەتاسەر پشت بە وشە تاریکەکان ببەستێت بە بێ بیرکردنەوە لە داهێنانی وشەی تازە، چونکە بەشێکی وشەکانی هەر زمانێك وشەی سادەن، ئەم جۆرە وشانەش لە زانستی زمانەواندا بە وشەی تاریك دادەنرێن لە بەر

ئەوەی واتاکانیان لە فۆڕمەکانیانەوە پێشبینی ناکرێت. (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٦: ٤١) بۆیە زمانەکان پەنا بۆ هەر یەکە لە ڕێگاکانی دارشتن و لێکدان دەبن لە دروستکردنی وشەی تازەدا.

بەم پێیە تیۆری دارشتنی وشەش بە دوای ڕێگاکان و چۆنیەتی دروستبوونی وشە ڕوونەکانەوە دەگەڕێت و یاساکانیان دەخاتەڕوو. بۆیە کەرتکردنی وشە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لە بابەت لێکۆڵینەوەی زماندا کارێکی گرنگە چونکە ئەمە نەك تەنها چۆنیەتی ڕۆنان و پێکهاتن و دروستبوونی وشە ئاشکرا دەکات، بەڵکو دەکرێت تاڕادەیەك یارمەتی ڕوونکردنەوەی تەواو و قوڵتری مانا و ناوەڕۆکەکەشی بدات. (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٨٧: ٤٧)

پەیوەندیی و تێکچڕژانی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس لەم بارەوە بۆ چەمکی ڕۆنان و پێکهاتە دەگەڕێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا هەر یەکە لە پێکهاتەی سینتاکسی و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی لە چەمکی پێکهاتەدا هاوشانن واتە یاساکانی ڕۆنانی وشە و یاساکانی ڕۆنانی فرەیز لە بنەڕەتدا هەمان تایبەتمەندیان هەیە لە ڕوی ڕۆنان و پێکهاتنەوە (Selkirk1982: 10) چونکە جیاوازیی زمانەکان لە بنچینەدا سیفەتێکی مۆرفۆلۆژیانە لەخۆدەگرێت. (Chomsky 1995: 388)

## ١ – ٦ – ١ مۆرفۆلۆژی و تیۆری دارشتنی وشە

بە پێی ئەوەی لایەنێکی مۆرفۆلۆژی وەك ئاستێکی زمان لێکۆڵینەوەیە لە فۆڕمی وشە، بۆیە تیۆری دارشتنی وشەش بابەت و وردەکارییە مۆرفۆلۆژییەکان دەکاتە پێوەر. دەکرێت گرنگیی تیۆری دارشتنی وشە لە چوارچێوەی سینتاکسی وشەدا لەم هێڵکارییەدا بخرێتەڕوو:




(Ingo Plag 2002: 22)

بە پێی هێڵکارییەکە چەمکی مۆرفۆلۆژی لە نێوان لێکۆڵینەوە لە ئەرکە سینتاکسییەکانی مۆرفیم و دارشتنی وشەدایە، چونکە:

١- گرێ (نۆد)ی لای ڕاست مۆرفۆلۆژی بە لێکۆڵینەوە لە دارشتنی وشە خەریکدەکات، دارشتنی وشەش بەسەر هەر دوو تەوەرەی لێکدان و دارشتندا دابەشدەبێت، بۆیە بنەمای سەرەکی لە دارشتنی وشەدا لێکۆڵینەوەیە لە وشە ناسادەکان، واتە ئەو وشانەی خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆیین و پێکهاتەن.

٢-	گـریَ (نـۆد)ی لای چـەپیش مۆرفۆلـۆژی بـە ئەرکـە سینتاکـسییەکانی مۆرفیمـە ڕێزمانییەکانەوە خەریکدەکات.

بە پێی ئەم دوو ئەرکەی مۆرفۆلۆژییەوە، مۆرفیم دەبێتە خاڵی دەستپێکی لێکۆڵینەوە لە بابەتی سینتاکسی وشەدا. بۆ ئەمەش پێویستە چەند زاراوەیەکی تایبەتی بواری مۆرفۆلۆژی وەربگرین، کە لە بیری مۆرفیمدا کەوتونەتەوە و دەبنە بنەمای یاساکانی داڕشتنی وشە:

## ١ – ٦ – ١ – ١ ڕەگ root

ڕەگ کرۆکی نەگۆڕی وشەیە، کە هیچ شتێکی پێوە نەنوسابێت. (Katamba 2006: 42) یان ئەو بەشەی وشەیە، کە ناکرێت لەوە بچوکتر بکرێتەوە بیَ ئەوەی سەربەخۆیی فۆڕمەکەی لەدەستبدات، یان ئەو بەشەی وشەیە دوای ئەوەی هەموو پارچە زیاد و گیرەکانی لێدەکرێتەوە. ( :Crystal 1992 336) بـە پێی ئـەم تایبەتمەندییـەی ڕەگ ئەگـەر فـۆڕمێکی وشـە بەسـەر پارچـەی لـە خـۆی بـچوکتردا دابەشنەبێت ئەوا وشەکە خـۆی ڕەگـە، بەڵام ئەگـەر فـۆڕمی وشـەکە خـاوەن ڕۆنانێکی نـاوخۆیی بێـت و بەسەر پارچەی لەخۆی بچوکتردا دابەشبێت ئەوا یـەکێك لـە پارچـەکان ڕەگـە و بەمـەش فـۆڕمی وشـەکە بـەر یاسـاکانی داڕشـتنی وشـە دەکـەوێت. بـەم پێیـە هـەموو وشـەیەکی فەرهـەنگی، کـە لـە پێکهاتـە ئاساییەکەیدا سادەبێت ئەوا لـە هـەمان کاتیشدا ڕەگـە، بۆیـە لەبـەر ئـەوەی زمانـە دابڕاوەکـان بـە زمـانی مـۆرفیمی ناسـراون و ڕۆنـانی مۆرفۆلۆژییـان تێدانییـە و دەکرێـت پێیانبگوترێـت زمـانی وشـە ڕەگـەکان (حەیـدەر حـاجی خـدر ٢٠١٠: ٤٥) چـونکە وشـەکانی ئـەم جـۆرە زمانانـە جێگیر و نـەگۆڕن و توانـای ئەوەیان تێدا نییە گیرەك وەربگرن. (فوزي حسن الشايب ١٩٩٩: ٢٩٦)

ئەگەرچی ڕەگ لە داڕشتنی وشـەدا دەبێتـە لایـەنی سـەرەکی لـە پێکهاتـەی خـودی وشـەکەدا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە هەمیشە ڕەگەکە دەبێتە چەقی وشـەکە بـە تایبـەتیش لـە باسـکردنی سـەرەدا، هـەروەکو لـە باسـی سـەرە لـە پێکهاتـە مۆرفۆلۆژییەکانـدا ئاماژەمـان پێـدا. لـە باسـکردنی ڕەگـدا دەبێـت تێبینی ئەوە بکرێت، کە ڕەگ واتا مۆرفیم، بـە پێـی ئـەوەی مـۆرفیمیش بەسـەر هـەر دوو جـۆری ئـازاد و بەنددا دابەشدەبێت بۆیـە ڕەگیش دوو جۆری ئازاد و بەنـدی هەیـە. ئـەوەی لـەم بـارەوە بـە لای ئێمـەوە گرنگـە ڕەگـی بەنـدە، واتـە ڕەگـی کـار. ڕەگـی کـار لـە کوردیـدا ڕەگێکـی بەنـدە چـونکە لـە دەرکەوتنـدا سەربەخۆ نییە و بە پێچەوانەوە لە واتادا سـەربەخۆیە واتـە ئەگـەر بـە سـیمای جیاکـەرەوە پیـشانبدرێت ئەوا ڕەگی کار لە دەرکەوتندا (−)ە و لە واتاشدا (+)ە. بۆیە جیاکردنەوە ڕەگی کار وەك بنکـەیـەکی بەنـد لـە زمـانی کوردیـدا باشتر ڕۆنـانی نـاوخۆیی هەنـدێك پێکهاتـەی زمـانی دەخاتـەڕوو، چـونکە (ڕەگی کار دەبێتە بنکەیەك بۆ گیرەکەکان). (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٦: ٣٠)

## ١ – ٦ – ١ – ٢ قەد Stem

قەد بریتییە لەو بەشەی وشە پێش لێکردنـەوەی مۆرفیمـە ڕێزمانییـەکان، واتـە ئـەو مۆرفیمـەی کـە دەکرێت مۆرفیمێکی ڕێزمانی بخرێتەسەر. (Katamba 2006: 46) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە هـەموو

قەدێك دەبێت لە ڕەگێك و مۆرفیمێكی ڕێزمانی پێكهاتبێت، بۆیە ڕەگەكان لە چوارچێوەی كارەكاندا دەبنە بنكەی بەند بۆ وەرگرتن و پێوەنووسانی گیرەكەكان چونكە (دەمێكە دەركەوتووە، كە قەد سادە نییە، چونكە پێكهاتووە لە ڕەگ و مۆرفیمی ڕابردوو). (سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٠: ٥٤)

## ١ – ٦ – ١ – ٣ بنج Base

بنج و ڕەگ لەیەكەوە نزیكن، ئەگەر ڕەگ كرۆكی نەگۆڕی وشە بێت بنجیش ئەو بەشەی وشەیە، كە توانای وەرگرتنی پارچە زیادەكانی هەیە واتە گیرەكە ڕێزمانی و وشەداڕێژەكان ( Katamba 2006: 46)

## ١ – ٦ – ١ – ٤ گیرەك Affix

گیرەك ئەو مۆرفیمەیە، كە بە تەنها دەرناكەوێت و تەنها لە شیكردنەوەی بنج و قەدی وشەكانەوە دەبیندرێت، چونكە گیرەك مۆرفیمێكە دەچێتە سەر فۆرمێكی دیكە بۆ گێڕانی ئەركێكی سینتاكسی یان خستنەوەی فۆرمێكی تازە بە واتایەكی تازە، بەمەش ئەركی ئەوە دەخاتە ئەستۆ، كە لێڵی وشە سادەكان (كەرەسە تاریكەكان) بڕەوێنێتەوە.

## ١ – ٦ – ٢ نوواندن و یاساكانی داڕشتنی وشە Word-Formation Rules

دەكرێت لەسەر بنەمای ئەو وردەكاریانەی سەرەوە داڕشتنی وشە بخرێتە قالبی چەند یاسایەكەوە. مەرج نییە لە دانانی یاساكانی داڕشتنی وشەدا بۆ هەموو حاڵەتێك یاسایەكی دیاریكراو هەبێت، بەڵكو دەكرێت یاساكە لەسەر بنجێك دابنرێت و ئەو بنجە بكرێتە پێوەر بۆ حاڵەتەكانی دیكە، چونكە لە ڕووی ژێربێژیشەوە هەر وایە، كە وردەكاری زیاتر لە خاڵی دەستپێكەوە دەكەوێتەوە. لەم بارەوە ئەو هەوڵانەی لە بارەی داڕشتنی وشەدا لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێناندا كاریانكردووە هاودەنگ نین لە شێوەی یاساكاندا، بەڵام جیاوازیشیان تا ئەو ڕادەیە نییە جیاوازیی بنەڕەتی لێكەوتبێتەوە، بەڵكو ئاساییە بنەڕەتی هەموویان بۆ بنجێك بگێڕدرێتەوە.

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا، كە داڕشتنی وشە بە پێی هێڵكارییەكە زیاتر داڕشتن و لێكدان دەگرێتەوە، بەشێكی زۆری زمانەكانیش بەم دوو ڕێگایە وشەی تازە دادەڕێژن. دەكرێت ئەم دوو ڕێگایە بخەینە ژێر ناونیشانی وشە نا سادەكانەوە. ئێمە لەم سەرباسەدا تەنها لایەنە تیۆرییەكەی داڕشتنی وشە وەكو یاساكان وەردەگرین و وردەكاری چۆنیەتی داڕشتنی وشەی لێكدراو و داڕێژراو ناخەینەڕوو، چونكە لە بەشی دووەم و سێیەمدا بە وردی باسیدەكەین.

بە گوێرەی شیكردنەوەكانی پێشتر فۆرمی ئەو وشەیەی خاوەن ڕۆنانێكی ناوخۆییە یەكسانە بەوەی ئەم فۆرمە سادە نییە، بۆیە دەكرێت لەمەوە یاسایەك بۆ ئەمە هەڵبهێنجرێت، بەم شێوەیە:

$$[\,W\,]_X \longrightarrow [\,[\,W]_X + Af\,]_Y$$ [٣]

به پێی ئەم یاسایە:

١- ئەو وشەیەی کە بریتییە لە کەتیگۆری (X) وشەیەکی سادەیە و خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆیی نییە، واتە ئەو وشە سادەیە کە دەچێتە پرۆسەی دارِشتن و لێکدانەوە.

٢- پێکهاتەی ئەو ڕۆنانە ناوخۆییە بەرهەمهاتووە بریتییە لە ناواخن یان پێکهاتەی ناو کەوانە گەورەکەی بەرامبەری یان بە واتایەکی دیکە پێکهاتەی وشە ناسادەکە کەوانە گەورەکەی ڕاستی تیرئاساکە ڕوونیدەکاتەوە، کە پێکهاتووە لە وشەیەك و گیرەکێك.

٣- پیتی (X)ی ناو کەوانە گەورەکە کەتیگۆری وشەکە ڕووندەکاتەوە و پیتی (Y) دەرەوەی کەوانە گەورەکەش کەتیگۆری ڕۆنانە پێکهاتووەکە ڕووندەکاتەوە.

ئەگەر یاساکە وەك بنجێك دابنێین ئەوا دەتوانین لەسەر ئەم بنجە دارِشتنی وشەیەك بەم هەنگاوانەی خوارەوە لێکبدەینەوە:

$$[\,W\,]_X \longrightarrow [\,[\,W]_X + AF\,]_Y$$
$$[\,W\,]_N \longrightarrow [\,[\,W]_N + AF\,]_D{}^{word}$$
$$[\,\text{بەرد}\,]_N \longrightarrow [\,[\,\text{بەرد}]_N + \text{ەڵان}\,]_D{}^{word}$$

ئەگەرچی ئەم یاسایەی سەرەوە دارِشتنی وشەی ناسادە لێکدەداتەوە، کە چۆن وشەکە پێکهاتووە، واتە ئەم یاسایە وشەیەکی دارێژراو ڕووندەکاتەوە، کە پێکهاتووە لە وشەیەك و گیرەکێك، بۆیە ئەم یاسایە دەکرێت بکرێتە بنج بۆ پیشاندان و ڕوونکردنەوەی وشە ناسادەکانی دیکەی لێکدراو و ئاڵۆز و هەموو ئەگەر و حاڵەتەکانی دیکەش شیبکاتەوە، بۆیە لەم یاسایەوە دەتوانین ئەم چەند یاسایە هەڵبهێنجین:

1- $[\,W\,] \longrightarrow [\,Root]_x$
2- $[\,W\,] \longrightarrow [\,[\,Root]_x + AF\,]_y$
3- $[\,W\,] \longrightarrow [\,AF + [\,Root]_x\,]_y$
4- $[\,W\,] \longrightarrow [\,[\,Root]_x + Root]_y$
5- $[\,W\,] \longrightarrow [\,Root + [\,Root]_x\,]_y$

ئێمە ئەم چەند ئەگەرەمان لەسەر بنجی ئەو یاسایە دارِشتووە، کە وشە ناسادەکان بەم شێوەیە لێکدەداتەوە:

$$[\,X \;\; Y\,]_Y$$ [٤]

بە مەرجێك:

هەموو (X)ێکی ناو کەوانەکە ئاماژەیە بۆ: ڕەگ و وشەی سادە.

---

٣- بڕوانە: (Scalise1986: 42)

٤- بڕوانە: (Ingo Plag 2002: 175)

هەموو (Y)ێکی ناو کەوانەکە ئاماژەیە بۆ: ڕەگ و وشە و گیرەك.

هەموو (Y) ێکی دەرەوەی کەوانەکە ئاماژەیە بۆ ئەو کەتیگۆرییەی کە (Y)ەکەی ناو کەوانەکە بە پێکهاتەکەی دەدا، واتە سەرەی پێکهاتەکە.

ئەم چەند یاسایەی سەرەوە تەواوی وشە ناسادەکان وەك بنچ لێکدەدەنەوە. ئێمە لە نووسینەوەی یاساکاندا ڕەگمان لە شوێنی وشە خستۆتە ناو کەوانەکانەوە. بە بۆچوونی ئێمە بۆ دارشتنی یاساکان گەڕانەوە بۆ چەمکی ڕەگ لە زمانی کوردیدا پەسندترە، چونکە کوردی لە زمانە تێکچڕژاوەکانە و تایبەتمەندیی ئەو جۆرە زمانانەش ئەوەیە، کە لە وشە ئاساییەکاندا تارادەیەك دابڕاون و لە پێکهاتەی کاریشدا تێکچڕژاون، بۆیە لە دارشتنی کەتیگۆرییەکاندا مامەڵە لەگەڵ ڕەگدا دەکرێت تا چەمکی وشە، چونکە هەموو پێکهاتەکە وەك ڕۆنان لە پرۆسەی دارشتن و لێکداندا دەکرێت بەر چەمکی وشە بکەوێت، جا ڕەگەکە ئازاد بێت یان بەند.

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا، کە دارشتنی وشە (Word - Formation) مامەڵە لەگەڵ ڕۆنانی ناوەوەی وشە دەکات و لەو وشانە دەکۆڵێتەوە، کە خاوەن ڕۆنانی ناوخۆیین، کەچی یاسای یەکەم لەم بۆچوونە بەدەرە، بەڵام نووسینەوەی یاساکە تەنها بۆ ئەوەیە، کە یەکێك لە ئەگەرەکانی سروشتی وشە ڕوونبکاتەوە، کە وشە سادەکانە.

ئەم جۆرە نووسینەوەیە یان نوواندنی یاساکان دوو سەرنجی لێدەکەوێتەوە:

١- وەك لە یاساکاندا خراوەتەڕوو، تەنها ڕەگەکە لە ڕۆنانەکەدا خراوەتە ناو کەوانەی تایبەتەوە، ئەوەی بە ڕەگەکەوە نووساوە و بۆتە مایەی دروستبوونی ڕۆنانەکە نەخراوەتە ناو کەوانەی تایبەتەوە. ئەگەرچی ئەم شێوازە دەکرێت تایبەتمەندیی ئەوە بەو زیادەیە بدات، کە بە ڕەگەوە نووساوە بەوەی دەبێتە سەرەی ڕۆنانەکە، هەروەك ئەوەش ڕوونده‌کاتەوە کە ڕەگی وشەکە کامەیە، کە بۆتە خاڵی سەرەتای ڕۆنانەکە، بەڵام دەکرێت بۆ تێگەیشتنی قوڵتر لە یاساکە ئەو زیادانەش بخرێنە ناو کەوانەی تایبەتەوە، بۆئەوە بتوانرێت کەتیگۆرییەکەیان ڕوونبکرێتەوە. بەم شێوەیە:

$$[\,W\,] \longrightarrow [\,[\,W\,]_X + [\,Aff\,]_X\,]_Y$$

$$[\,W\,] \longrightarrow [\,[\,W\,]_N + [\,Aff\,]_X\,]_D{}^N$$

$$[\,\text{کورد}\,] \longrightarrow [\,[\text{کورد}]_N + [\,\text{ستان}\,]_N{}^{Af}\,]_D{}^N$$

بەمەش جەخت لەسەر کەتیگۆری دانە پێکهێنەرەکانی ناو ڕۆنانەکە دەکرێتەوە.

٢- دەکرێت نوسینەوەی یاساکان بەم شێوە بیرکارییە جەبرییە کەموکورتی ئەوەی تێدابێت، کە نەتوانێت تەواوی وردەکارییەکانی ناو پێکهاتە و ڕۆنانەکە بخاتەڕوو، بە تایبەتی لە پیشاندانی ڕەگە بنەڕەتییەکاندا، چونکە ناکرێت بۆ هەر ئەگەرێك یاسایەك بنووسرێتەوە، لەبەرئەوە لە نوواندنی ڕۆنانەکە بە هێڵکاری درەختی دەکرێت شوێنی ڕەگە بنەڕەتییەکانی ناو ڕۆنانەکە بە هێمایەك دەستنیشانبکرێت و هێماکە هێما بێ ئەو دانەیەی، کە ڕەگە لە ڕۆنانەکەدا بە بێ ئەوەی هیچ جیاوازییەکی دیکە بکەوێتە نێوان ئەم دوو شێوە نوواندنە. وەك لەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو:




(Scalise 1986: 44 )

لێکدانەوەی هێڵکارییەکە بەم شێوەیەیە:

- (Y) دەستنیشانکەری ڕۆنانەکەیە و کەتیگۆری ڕۆنانەکەش پیشاندەدات.

- (X) کەتیگۆری ئەو فۆڕمە ڕووندەکاتەوە، کە لە ڕۆنانەکەدا ڕەگە بنەڕەتەکەیە.

- (Af) ئەو گیرەکەیە، کە چۆتەسەر ڕەگە بنەڕەتەکە و ڕۆنانەکەی لایەنێکی ڕۆنانەکەی گرتووە وەك سەرە.

- (Δ) (دەلتا یان دەمی dummy ) هێمایە بۆ هەر فۆڕمێك کە دەچێتە چوارچێوەی ڕۆنانێکی لەو جۆرە. بەم شێوەیە (Δ) شوێنەکەی کۆتکردووە بە شێوەیەکی نادیار بۆ هەر توخمێکی پێکهاتەکە.

لەبەر ئەوەی هەموو پێکهاتەیەکی تازە هەر بە هۆی گیرەکەکانەوە نییە، بەڵکو دەکرێت ڕەگێکیش ئەو ڕۆڵە بگێڕێت هەروەك لە نووسینەوەی یاساکاندا ئاماژەی پێدرا، بۆیە دەکرێت هێڵکارییەکە پێچەوانە بکرێتەوە بۆ ئەوەی شوێنی سەرەی ڕۆنانەکەش کۆتبکات.

٣- بێجگە لەم دوو نواندنەی ڕۆنانی وشە، دەکرێت پشت بە نووسینەوەی ئەو کەوانەدارییەش ببەسترێت، کە بە کەوانە ناونراوەکان یا کەوانە لۆجیکییەکان ناونراوە، نوواندنی ئەم جۆرەیان لەوەدایە، کە کەوانەکان لە دەوری کەرەسەکان دادەنرێن و بەمەش کەوانەکە ناوی کەتیگۆرییەکە هەڵدەگرێت.(سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٩: ٢١) بەم شێوەیە:

$[\,W\,]_Y \longrightarrow [\,[\,[$ئازاد$]_{Adj} + [$ی$]_{Af}\,]_Y$

لە تیۆری دارشتنی وشەدا پێویستە ڕەچاوی چەند خاڵێك بکرێت، کە بریتین لە:

١- پێکهاتەی هەموو وشەیەك بە پێی ڕۆنانەکەی بە چەند جێکەوتەیەك شیدەکرێتەوە، ئەگەرچی چەمکی جێکەوتە (Projection) لە بنەڕەتدا لە ئاستی سینتاکس و شیکردنەوەی ئێکسباڕیانەی فرەیزەکاندایە، بەڵام لەگەڵ فراوانکردنی ئەم تیۆرە بۆ ئەوەی ئاستی مۆرفۆلۆژیش بگرێتە ئەم چەمکەش هاتۆتە ناو شیکردنەوەی وشە ناسادەکان، چونکە چەمکی جێکەوتە خۆی لە زانیارییە فەرهەنگییەکانی وشەوە دەستپێدەکات، لەبەر ئەوەی ئاخێوەری هەر زمانێك بەو زانیارییانەی سەبارەت بە وشەکانی زمانەکەی لە فەرهەنگی زەینی (Mental Lexical)ەوە هەڵیگرتووە.

بە پێی یاساکانی ئێکسباڕ بێت لە شیکردنەوەی فرەیزەکاندا چۆن ژمارەی باڕەکان وەکو یاسایەکی بنجی بریتییە لە جووتباڕ و تاکباڕ و بێباڕ، کە هەر یەکەیان جێکەوتەیەك پیشاندەدات واتە

جێکەوتەی مەزن و جێکەوتەی ناوەند و جێکەوتەی نزم، دەبێت وشەکانیش هەمان ئەو ئاستەیان هەبێت، بەڵام مەرج نییە بتوانرێت ئەم بنجە لە وشەی زمانە تێکچرژاوەکاندا وەکو زمانی کوردی جێبەجێبکرێت، بەڵکو کۆنتێکستی هەندێك وشەی ئاڵۆز دەریدەخات، کە پێویستە دەستکارییەکی بەرەوخواری ئەم بنجە بکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت جێکەوتەکانی هەندێك وشە ڕوونبکاتەوە. (بڕوانە: **سینتاکسی وشەی ئاڵۆز لە بەشی سێیەم**)

٢- لە تیۆرەکانی چۆمسکیدا فۆنۆلۆژی دەکەوێتە ئاستی خوارەوە و فۆنەتیکیش دەکەوێتە ئاستی سەرەوە، بۆیە پێویستە لە شیکردنەوەی هەندێك وشەدا ڕەچاوی بنەڕەتی فۆرمی لۆژیکی و ( LF - Logical Form) و فۆرمی فۆنەتیکی (PF – Phonetic Form) وشەکان بکرێت، واتە ئەو وشانەی کە لە کاتی گوێزانەوەدا فۆرمە لۆژیکییەکەی خۆیان لەدەستدەدەن. ئەم دیاردە زمانییە لە کوردیدا بە ڕادەیەك بەرچاودەکەوێت، چونکە کوردی لەو زمانانەیە لە کاتی چوونەسەریەکیان، مۆرفیمەکان ناتوانن پارێزگاری لە بوونی فۆنەتیکی خۆیان بکەن چونکە (سنووری مۆرفەکان بە ئاشکرا و بە هەمان باری فۆنەتیکی خۆیان ناتوانرێ لێکجیابکرێنەوە) (حەیدەر حاجی خدر ٢٠١٠: ٢٥) بۆ نموونە: لە وشەی (**گاسن**)دا کەرتی (**گا**) سەرەی وشەکەیە و کەرتی دووەمیش کە بریتییە لە (**ئاسن**) دیارخەرەکەیەتی. ئەم وشەیە فۆرمە لۆژیکییەکەی لە کردەی گوێزانەوەدا لە ئاستی خوارەوەدا بۆ سەرەوە لەدەستداوە، چونکە بە سیمای فۆنۆلۆژییەوە بەسەرناکەوێت، بەڵکو نواندنی سەرەوە سیمای فۆنەتیکی هەڵدەگرێت، بەڵام لە زەینی ئاخێوەردا بەرهەمهاتنی ئەم وشەیە بریتییە لەیەکگرتنی هەر دوو وشەی (**گا**) و (**ئاسن**) بۆیە فۆنەتیك لە ئاستی سەرەوە واتە نوواندنی فۆرمەکە، کە دەکرێت بەم هێڵکارییە بخرێتەڕوو[٥]:




ئەگەر لەم وشە لێکدراوەدا گۆڕانکاریی فۆنەتیکی تەنها لە کەرتێکی وشەکەدا ڕوویدابێت ئەوا لە هەندێك وشەی دیکەدا گیرەکی بەستنەوەش تێدەچێت و گۆڕانکاری فۆنەتیکی بەسەر کەرتێکی وشە ناسادەکەشدا دێت، وەك: (**مزاش** – واتە: **مزی ئاش**) ئەم هێڵکارییە ئەوە دەخاتەڕوو، کە یاسا فەرهەنگییەکان (Lexical Rules) هەمیشە بەدوای ئەوە وەیە وردەکارییەکانی پێکهاتنی هەموو وشەیەکی ناسادە لە ئاستی خوارەوە ڕوونبکاتەوە بەوەی:

- جۆری کەتیگۆری ئەو وشانەی دەچنە پاڵ یەکەوە چییە؟

---

٥- *ئەم هێڵکارییە بە دەستکارییەوە لە هێڵکارییەکی (سیدریك)ەوە وەرگیراوە. بڕوانە: (Cedric Boeckx 2006: 80)*

- ئەو گیرەکە چییە بە وشەکەوە نووساوە؟
- گیرەکەکە یان وشەکە بە کوێوەی وشە بنەڕەتەکەوە نووساوە؟
- سروشتی پێکهاتەی وشە تازەکە لە ڕووی کەتیگۆرییەوە چییە و چۆن پێکهاتووە؟
- دیوی دەرەوە یان فۆڕمی دەرەوەی پێکهاتەی وشە تازەکە چۆنە؟

واتە: یاسا فەرهەنگییەکان تەنها جەخت لە دیوی ناوەوەی پێکهاتەی وشە ناسادەکان دەکاتەوە و وردەکارییەکانی دوای گوێزانەوەی وشە ناسادەکە لە ئاستی خوارەوە بۆ ئاستی سەرەوە دەخاتە بەردەست (Post-Lexical Rules). (بڕوانە: Katamba 2006: 104-109)

## بەشی دووەم

# سینتاکســـــی وشــــەی داڕێژراو


٢ – ١ وشە لە ڕووی پێکهاتنەوە

٢ – ٢ وشەی داڕێژراو

٢– ٣ ئەگەرەکانی وشەی داڕێژراو

٢ – ٤ سروشتی گیرەکەکان

٢ – ٤ – ١ لە ڕووی شوێنیانەوە

٢ – ٤ – ٢ لە ڕووی تایبەتمەندیانەوە

٢ – ٥ سەرەی وشە داڕێژراوەکان

٢ – ٦ وشەداڕێژراوەکان لە ڕوی ژمارەی پێکهێنەرەکانیانەوە

٢ – ٧ جۆری گیرەکەکان لە ڕووی کەتیگۆری و ئەرکەوە

٢ – ٧ – ١ گیرەکە وشەداڕێژەکان

٢ – ٧ – ١ – ١ گیرەکە وشەداڕێژە ناوییەکان

٢ – ٧ – ١ – ١ – ١ پاشگرەکان

٢ – ٧ – ١ – ١ – ٢ پێشگرەکان

٢ – ٧ – ١ – ٢ گیرەکە وشەداڕێژە ئاوەڵناوییەکان

٢ – ٧ – ١ – ٢ – ١ پاشگرەکان

٢ – ٧ – ١ – ٢ – ٢ پێشگرەکان

٢ – ٧ – ١ – ٣ گیرەکە وشەداڕێژە ئاوەڵکارییەکان

٢ – ٧ – ١ –٣– ١ پاشگرەکان

٢ – ٧ – ٢ گیرەکە ڕێزمانییەکان

٢ – ٨ سینتاکسی چاوگ

# بەشی دووەم

# سینتاکســـــی وشـــەی دارێژراو

## ٢ – ١ وشە لە ڕووی پێکهاتنەوە

ئەگەرچی بنیادگەرەکان لە دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆرەوە لە بارەی وشە و چەمکی وشە گەیشتنە ئەو باوەڕەی، کە وشە یەکەی سەرەکی ڕێزمان نییە بەڵکو بۆ چەمکێکی دیکەی بچوکتر لە وشە گەڕان کە دواتر بە مۆرفیم ناونرا، بەهۆی ئەوەی پێیان وابوو، وشە خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆیە و دەکرێت کەرتبکرێت بۆ پارچەی لە خۆی بچوکتر، کە واتا یان ئەرکی هەبێت، بەڵام ئەم بۆچوونە بەوەی وشە خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆیە، بە شیکردنەوەی وشە لە سەر بنەمای پێکهاتە و پێکهێنەر هەمیشە بەڕاست ناگەڕێتەوە بە تایبەتی لە دەستنیشانکردنی وشە لە ڕووی پێکهاتنەوە، چونکە مەرج نییە هەموو وشەیەك بەسەر پارچەی لە خۆی بچووکتردا دابەشببێت.

لە شیکردنەوەی بنەما و یاساکانی دارشتنی وشە (Word - Formation)دا دەکرێت ئەم هێڵکارییە بخرێتەڕوو:




هێڵکارییەکە ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە گرێ (نۆد)ی لای ڕاست (و. سادە) تەنها یەك ئەگەری هەیە، کە خودی وشەکە خۆیەتی و بەسەر پارچەی بچوکتر لە خۆیدا دابەشنابێت، واتە تاکە وشەیەك بە تەنها چەمکی وشەی سادە دەگەیەنێت و کەرەسەیەکی تاریکە، بەڵام گرێی لای چەپ کە بەسەر هەر یەکە لە وشەی دارێژراو و لێکدراو و ئاڵۆزدا دابەشدەبێت، ئەوا لە هەر سێ لقەکەدا لە ڕێی چەند ئەگەرێکەوە چەمکی دارێژراو و لێکدراو و ئاڵۆز ڕووندەبێتەوە، ئەمەش ئارگومێنتی پێکهاتەی وشە لە ڕووی دارشتنەوە (Word - Formation) دەخاتەڕوو. لەم ڕوانگەوە هەمو وشەیەکی ناسادە پێکدێت لە زیاتر لە پارچەیەك واتە لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکدا دەردەکەوێت، واتە پێکهاتەکە لە کۆی پەیوەندیی پێکهێنەرەکانییەوە دێت، ئەم جۆرە کەرەسانەش کەرەسەی ڕوونن. هەروەها ئەم هێڵکارییە ئەوەشمان بۆ دەخاتەڕوو، کە وشەی ناسادە هەر بریتی نییە لە دارێژراو و لێکدراو، بەڵکو لە ڕووی پێکهاتەی ناوەوەی هەندێك وشە وشەی ئاڵۆزیش هەیە. هەروەك لەم بەشە و بەشی سێیەمی نامەکەدا دەخرێتەڕوو.

ئەم شیکردنەوەیە ئەوەمان پێدەڵێت، کە وشە بە پێچەوانەی بۆچوونی بنیادگەرەکان لە وازهێنان لە چەمکی وشە و دۆزینەوەی مۆرفیم وەك یەکەیەکی بچوکتر لە وشە، مەرج نییە هەموو وشەیەك خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆ بێت، بەڵکو پێویستە خودی وشەکە خۆی لەبەرچاوبگیرێت، چونکە وشەی سادە ناچێتە قالبی پێکهاتە و پێکهێنەرەوە لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژییەوە، بە پێچەوانەوە وشەی ناسادە (داڕێژراو، لێکدراو، ئاڵۆز) دەچێتە ئەو چوارچێوەیە، چونکە وشەی سادە ڕۆنانی ناوخۆیی نییە، بەڵام وشە ناسادەکان ڕۆنانی ناوخۆییان هەیە.

## ٢ – ٢ وشەی داڕێژراو

وشەی سادە کەرەسەیەکی تاریکە و ناتوانرێت لە ڕەوتی پێشکەوتنی ژیان و بیری مرۆڤەوە هەر پشت بە وشە سادەکانی زمان ببەسترێت، بۆیە داڕشتن یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە زمانەکان بۆ هێنانەکایەوە یان پێکهێنانی وشەی تازە بەکاریدەهێنن.

وشەی داڕێژراو لە کۆی وشەیەکی سادەی واتادار و گیرەکێك پێکدێت. بەم پێیە هەموو پێکهاتەیەکی داڕێژراو وەك فۆرمێکی تازە لە کۆی پێکهێنەرەکانییەوە دێت. واتە: مەبەست لە داڕشتن پێکهێنانی فۆرمێکی تازەیە، هەر فۆرمێکی تازەش کە لەسەر بنەڕەتی وشەیەکی سادەی واتادارەوە دروستدەبێت، سێ تایبەتمەندی هەڵدەگرێت:

١- پێدانی فۆرمێکی تازە بە بنجەکە.

٢- دروستبوونی فۆرمێکی تازە بە واتا و کەتیگۆرییەکی تازە.

٣- گۆڕینی فۆرمی وشەکە بە فۆرمێکی گراماتیکی.

بۆ نموونە:

سەبارەت بە خاڵی یەکەم:

**باخ** (ن.) + **چە** (گ.)    باخ (ن.)

وشەی (**باخ**) کە وشەیەکی سادەیە لە ڕوی جۆری کەتیگۆرییەوە ناوە، بەڵام کە گیرەکی (**چە**)ی چۆتەسەر فۆرمێکی تازەی بە هەمان کەتیگۆری بە بنجەکە داوە.

سەبارەت بە خاڵی دووەم:

**پیاو** (ن.) + **انە** (گ.)    **پیاوانە**

وشەی (**پیاو**) کە وشەیەکی سادەیە لە ڕوی جۆری کەتیگۆرییەوە ناوە، بەڵام کاتێك گیرەکی (**انە**)ی چۆتەسەر فۆرمێکی تازەی بە واتا و کەتیگۆرییەکی تازە داڕشتووە، چونکە وشە بنەڕەتەکەی لە ناوەوە کردووە بە ئاوەڵناو.

سەبارەت بە خاڵی سێیەم:

**کوڕ** (ن.) + **ەکە** (گ.)

وشەی (کوڕ) کە وشەیەکی سادەی واتادارە لە ڕووی جۆری کەتیگۆرییەوە ناوە، بەڵام کاتێک گیرەکی (**ەکە**)ی چۆتەسەر فۆڕمێکی گراماتیکی بە هەمان فۆڕمی وشە بنەڕەتەکە بەخشیوە.

بەم پێیە لەسەر بنەمای ئارگومێنتی سینتاکسییەوە وشەی داڕێژراو بۆ هەردوو جۆری داڕێژراوی لێکسیکی و داڕێژراوی گراماتیکی دابەشدەبێت، چونکە بابەتی سینتاکسی وشە، وشە نەك هەر لە چوارچێوەی فەرهەنگدا شیدەکاتەوە بەڵکو لە چوارچێوەی حاڵەتی ڕێزمانیشدا شیدەکاتەوە وەك سیاقێکی ئازاد.

## ٢- ٣ ئەگەرەکانی وشەی داڕێژراو

وشە داڕێژراوەکان لە ڕوی ئارگومێنتی گونجانیانەوە تەنها لە دوو ئەگەردا یان لە دوو قالبدا دەردەکەون، چونکە وەك لە چەمکی داڕێژراودا بۆمان دەردەکەوێت، گیرەك بەشداری پێکهێنان و داڕشتنی وشەی داڕێژراو دەکات و دەچێتە سەر وشەیەکی سادەی واتادارەوە، کە دەکرێت بەم دوو یاسایە بخرێتەڕوو:

$X^{+1}$ $Y^{0}$ $X^{-1}$

$X^{+1}$ $X^{-1}$ $Y^{0}$

ئەم دوو یاسایە ئەم چەند تێبینییەی لێدەکەوێتەوە:

١- فۆڕمە تازەکە لە دوو قالبدا دەردەکەوێت بە پێی گیرەکەکانەوە، یان گیرەکەکە بە پێشەوەی وشە سادەکەوە دەنووسێت لە شێوەی مۆڕفیمی پێشگرەوە یان بە دوایەوە دەنووسێت لە شێوەی مۆڕفیمی پاشگرەوە.

٢- فۆڕمە تازەکە پێکهاتەیەکە و لە کۆی پێکهێنەرەکانیەوە دێت، واتە سینتاکسیی نێوان پێکهێنەرەکان بەرهەمهێنەری پێکهاتەکەیە، چونکە گیرەك بە تەنها نایەت و هەمیشە لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکدا دەردەکەوێت.

٣- لە چوارچێوەی پێکهاتەکەدا ئەگەرچی وشە سادەکە پێکهێنەرێکی بنەڕەتییە یان تەوەرەیە، چونکە بەشێکی واتای فۆڕمە تازەکە لەوەوە دێت، بەڵام مەرج نییە سەرەی وشە ناسادەکە بێت، چونکە ئەو کەتیگۆری و واتا و فۆڕمە گراماتیکییەکەی دانەهێناوە، بەڵکو گیرەکەکە ئەم دۆخەی بە فۆڕمە تازەکە داوە.

٤- بە پێی هەر دوو یاساکە ($X^{+}1$) پێکهاتەکە (وشە ناسادەکە) دەنووێنێت، لە شیکردنەوەی سینتاکسی وشەدا هەمیشە وشەی ناسادە (+1)ە چونکە بەسەر پێکهێنەرەکانیدا دابەشدەبێت. هەرچی وشە سادەکەیە هەمیشە (0)ە چونکە کەرەسەیەکی تاریکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی گیرەکەکە (-1)ە کەچی سەرەی پێکهاتەکە دەگرێت.

٥- گیرەکان لە هەر دوو یاساکەدا سەرەی پێکهاتەکەن، ئەگەر یاساکان بە نمونە و هێڵکاری درەختییەوە بنوێندرێن دەردەکەوێت، وەك:




## ٢ – ٤ سروشتی گیرەکان

داڕشتنی وشە بریتی بوو لە پێکهاتەیەکی ئارگومێنت سینتاکسی بۆیە هەموو پێکهاتەیەکی لەو جۆرە (وشەی داڕێژراو) دوو تایبەتمەندیی سینتاکتیکی هەڵدەگرێت:

١- ئاستی گیرەکە لە شیکردنەوەی ئێکسباریانەی وشەداڕێژراوەکە و شوێنی گیرەکە لە زنجیرەی پێکهێنەرەکانی پێکهاتە داڕێژراوەکەدا.

٢- جۆری گیرەکە خۆی جۆری کەتیگۆری پێکهاتەکە دەستنیشاندەکات. ( Selkirk 1982: 59 - 60)

سەبارەت بە خاڵی یەکەم:

هەمو گیرەکان ڕێزمانی بن یان وشەداڕێژ، لە ئێکسباری وشە ئاسادەکاندا لە ئاستی (1-) دان، وەك ئەوەی لە نمونەکانی سەرەوەدا خراوەتەڕوو، ئەمە وێڕای ئەوەی خودی گیرەکەکان سەرەی وشە ئاسادەکە پێکدەهێنن، بێجگە لەوەی کە گیرەکەکە خۆی تایبەت دەبێت بە چ جۆرە وشەیەکەوە بنوسێت لە ڕوی کەتیگۆرییەوە. بۆ نمونە: لە زمانی کوردیدا گیرەکی (بێ) گیرەکێکی کارایە و بەزۆری دەچێتەسەر ناو و پێکهاتەیەکی ئاوەڵناوی دادەڕێژێت، وەك: **بێگیان، بێکار، بێهۆش، بێهێز، بێسنوور، بێبەش** ......**تد**

سەبارەت بە خاڵی دووەم:

کاتێـك گیرەکێـك چ پێـشگر چ پاشـگر دەچێتەسـەر وشـەیەکی سـادەی واتـادارەوە بـۆ دارشـتنی وشەیەکی دیکەی تازە، هەمیشە گیرەکەکە ناسنامەی کەتیگۆری وشەدارێژراوەکە دەسشتنیاندەکات، نـەك وشـە سـادە واتادارەکـە. ئەگـەر یاسـای هـەر یـەك لـەم نمونانـەی سـەرەوە بـە هێڵکـاری درەختـی (شیکردنەوەی ئێکسباریانە) یان کەوانە ناونراوەکانـەوە بنووسینەوە ئەم ڕاستییە دەردەکەوێت، بۆ نمونە:







[X] Adj ⟶ [ [ X] Af [Y] N ] Adj

[بێگیان] Adj ⟶ [ [بێ ] Af [گیان] N ] Adj

لە شیکردنەوەی یاسای کەوانەکە دەکرێت بپرسین:

وشە سادەکە، کە بریتییە لـە (گیـان) لـە ڕووی کەتیگۆرییەکەیـەوە (نـاو)ە، کـە دیـوی دەرەوەی وشـە ناسـادەکە دەخاتـەڕوو، ئـاخۆ کـەتیگۆری پێکهاتـە تازەکـە بـە چ بۆتـە ئاوەڵنـاو؟ بۆیـە کەوانەکـە پێمـان دەڵێت، کە گیرەکەکەیە کەتیگۆرییەکەی بە پێکهاتەکە داوە.

دەکرێت سروشتی گیرەکەکان لەم سەرباسانەی خوارەوە خوردبکەینەوە:

## ٢ – ٤ – ١ لە ڕووی شوێنیانەوە

لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفیمەوە، گیرەك ئەو مۆرفیمـە بەندانـەن، کـە دەچـنە سـەر وشـەیەك بـۆ گـۆڕانی ئەرکێکی سینتاکسی یان دروستکردنی وشەیەکی تازە بە واتا و فۆرمێکی تازە. بە پێی شـوێنیش سـێ جۆری هەیە، یان دەکەونە پێشەوەی ئەو وشەیەی پێیەوەدەنووسێن و پێیاندەگوترێت پێشگر، یان بە دواوەی وشەکەوە دەنووسێن پێیاندەگوترێت پاشگر، یان دەچنە ناو خودی وشـەکەوە پێیاندەگوترێت نـاوگر. (Trask 2007: 8-9) ئێمـە لـەم بابەتەمانـدا زیـاتر جـەخت لەسـەر سینتاکسیی ئـەو وشـە دارێژراوانە دەکەینەوە، کە بە هۆی گیرەکی پاشگر و پێشگرەوە دادەڕێـژێن، چونکە جۆری سێیەمیان (واتە: ناوگر) لە دۆخی ئێستای زمانی کوردیدا بە هیچ شێوەیەك بەرچاوناکەوێت.

گیرەکە وشەدارێژەکان پێشگر بن یـان پاشـگر، لـە ڕووی شـوێنەوە هەمیـشە لـە ڕەگـی ئـەو وشـەیەوە دوورناکەونەوە، کە پێیانەوە دەنووسێن، واتە: کاتێك گیرەکێکی وشـەدارێژ لەگـەڵ وشـەیەکی سـادە لـە چوارچێوەی پێکهاتەیـەکی تـازەدا یەکـدەگرێت هەمیـشە لـە نزیکـی یەکـەوە دەبـن و بـە ئاسـانی ڕێگـا بەوەنادەن گیرەکێکی دیکە بکەوێتە نێوانیانەوە.

بە بۆچوونی ئێمە دەكرێت هۆكاری ئەمە بۆ دوو خاڵ بگێردرێتەوە:

١- پێكهاتەی وشەداڕێژراوەكە لە كۆی وشە سادەكە و گیرەكەوە دێت، بۆیە سینتاكسی وشەداڕێژراوەكە ڕێگا بەوە نادات لەیەك دوور بكەونەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی كە واتای پێكهاتەكەش هەر لەو سەرچاوەیەوەیە.

٢- گیرەكەكە پێشگر بێ یان پاشگر هێزی سەرەكی وشەكە بۆ خۆی ڕادەكێشێت بۆیەش سەرەی وشەداڕێژراوەكە پێكدێنێت، سەرەی وشەكەش هەمیشە دەستنیشانكەری كەتیگۆری پێكهاتەكەیە، بۆیە ئەم ئارگومێنتەش ڕێگرە لەوەی لەیەك دابڕێن.

ئەم تایبەتمەندییە لە چوارچێوەی خودی پێكهاتە داڕێژراوەكەدا هەمیشە درووستە، بەڵام كاتێك وشەداڕێژراوەكە دەكەوێتە چوارچێوەی سینتاكسی ڕستە و گیرەكە ڕێزمانییەكان دێنە ناو سینتاكسی وشەداڕێژراوەكەوە ئەوا مەرج نییە ئەم تایبەتمەندییە وەك خۆی بمێنێتەوە، چونكە دەكرێت لە ڕووی ڕیزبوونی گیرەكەكانەوە گیرەكی ڕێزمانی نزیكتر بێت لە بنجی وشە سادەكە تا گیرەكە وشەداڕێژەكە.

بۆ نمونە:

لە وشەی (**هونەرمەندێتی**)دا دوو گیرەكی وشەداڕێژ دەبینین، بە شیكردنەوەی كەوانەدارییەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە:

[**هونەر**]$_N$

[**هونەرمەند**]$_N$ ⟶ [ [**هونەر**]$_N$ + [**مەند**]$_{Af}$ ]$_N$

[**هونەرمەندێتی**]$_N$ ⟶ [ [ [**هونەر**]$_N$ + [**مەند**]$_{Af}$ ]$_N$ + [**ێتی**]$_{Af}$ ]$_N$

ئەو سێ نمونەیەی سەرەوە ئەوە دەخەنەڕوو، كە:

١- وشەی (**هونەرمەند**) لە كۆی وشەیەكی سادە (**هونەر**) و گیرەكێكی وشەداڕێژ (**مەند**) پێكهاتووە، لەبەر ئەوەی پێكهاتەكە تەنها لە دوو كەرت پێكهاتووە بۆیە ڕاستەوخۆ نووساون بەیەكەوە.

٢- وشەی (**هونەرمەندێتی**) بە هەمان شێوە وشەیەكی داڕێژراوە، بەڵام جیاوازییەكەی لەوەدا ئەوەیە كە پێكهاتەیەكی داڕێژراو چۆتە پێكهاتەیەكی دیكەی داڕێژراوەوە، بەڵام تەماشادەكەین گیرەكی (**ێتی**) شوێنی گیرەكی (**مەند**)ی نەشێواندووە، بەڵكو بەدوای یەكدا ڕیزبوونە. بەم پێیە هیچ گیرەكێكی وشەداڕێژ ناتوانێت بچێتە نێوان وشەیەك و گیرەكێكی دیكەی وشەداڕێژەوە، واتە قالبی پێكهاتەیەكی داڕێژراو بە وشەیەكی سادە و گیرەكێكی وشەداڕێژەوە بە هیچ شێوەیەك بە گیرەكێكی دیكەی وشەداڕێژەوە ناشكێندرێت.

بە پێچەوانەی گیرەكە وشەداڕێژەكانەوە، گیرەكە ڕێزمانییەكان لە توانایاندا هەیە بچنە نێوان بنج و گیرەكی وشەداڕێژەوە، بە تایبەتی لە پێكهاتەی كاردا واتە لە مامەڵەكردنیان لەگەڵ پێشكارەكانەوە، بەم پێیە دەستنیشانكردنی سروشتی گیرەكە ڕێزمانییەكان لە ڕووی شوێنەوە پێویستە بە بەرامبەركردنیان

بێ بە گیرەکە وشەداڕێژەکانەوە، چونکە هەر دوو جۆری گیرەکەکان پەیوەندییان بە بنجی وشەوە هەیە.

بۆ نمونە:

فۆڕمی (**هەڵدەگرت**) کە پێکهاتەیەکی مۆڕفۆسینتاکسییە، بریتییە لە پێکهاتەی کارێکی ڕابردووی بەردەوام. پێکهاتەی ئەم کارە بریتییە لە:

گ. (**هەڵ**)ی وشەداڕێژ + گ. (**دە**)ی بەردەوامی (ڕێزمانی) + قەد (ڕەگ + گیرەکی کاتی ڕابردوو)

کە دەکرێت بەم هێڵکارییە بخرێتەڕوو:




بەم پێیە گیرەکی ڕێزمانی دەتوانێت بچێتە نێوان گیرەکێکی وشەداڕێژ و بنجەوە، دەکرێت هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێندرێتەوە، کە گیرەکی وشەداڕێژ دروستبوونی فۆڕمێکی جیاواز بە واتا و فۆڕمێکی جیاواز لە وشەی پێشتر دەگەیەنێت، بەڵام گیرەکی ڕێزمانی حاڵەتێکی گراماتیکی بە هەمان فۆڕمی وشەکە دەدات بێ ئەوەی واتای وشەکە و فۆڕمی وشەکە بگۆڕێت.

ئەم سروشتە جیاوازەی کە هەر دوو گیرەکەکە هەیانە، لە هەموو بارێکدا وا نایەتەوە، بەڵکو ئەگەرچی دەکرێت بگوترێت لە زمانی کوردیدا هەر دوو جۆری گیرەك (**وشەداڕێژ و ڕێزمانی**) ئاشنایەتیان لەگەڵ بنجدا هەیە، بەشێوەیەك گیرەکە وشەداڕێژەکان ئەگەر بوونە پاشگر ئەوا لەو بنجەی پێیەوە دەنووسێت دووردناکەوێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر گیرەکە ڕێزمانییەکان پێشگر بوون ئەوا ئاشنایەتیان لەگەڵ بنجدا هەیە و لێی دووردناکەونەوە، واتە: هەردەم گیرەکە وشەداڕێژەکان دەکەونە لای ڕاستی گیرەکە ڕێزمانییەکانەوە.(بازیان یونس محی الدین ٢٠٠٨: ٤٠)

بە بۆچوونی ئێمە ئەم لێکدانەوەیە دوو سەرنج هەڵدەگرێت:

١- ئەو نمونانەی کە ئەم تایبەتمەندییە هەڵدەگرن، زیاتر لە پێکهاتەی کاردا دەردەکەون، پێکهاتەی کاریش لە زمانی کوردیدا (پێکهاتەیەکی ئەوتۆیە، کە لە ڕەگێکی بەند و گیرەکێکی ڕێزمانی و نووسەکێك پێکدێ، بەم تایبەتمەندییەوە لە ئاستی مۆڕفۆلۆژییەوە دەترازێت و پێویستی بە لێکدانەوەیەکی مۆڕفۆسینتاکسیانەوە هەیە، بۆیە بە هەمان شێوەی ناو و ناوەڵناو و چاوگ و ... تد ناچێتە قالبی بەشەئاخاوتنەکانەوە) (حەیدەر حاجی خدر ٢٠١٠: ١٢٠) بەم پێیە ئەم لێکدانەوەیە تەنها لە چوارچێوەی ئەو نمونانەدا بردەکات، کە کارن نەك وشەی فەرهەنگی، سینتاکسیی وشە ناسادەکان ئەوە لێکدەداتەوە، هەر وشەیەکی فەرهەنگی کە دەچێتە چوارچێوەیەکی سینتاکسییەوە هەمیشە دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی ڕێزمان و دەکەوێتە بەر یاساکانی سینتاکسەوە.

٢- شیكردنەوەی پێكهاتەی چاوگ لە زمانی كوریدا ئەم لێكدانەوەیە بۆ زمانی كوردی هەڵدەوەشێنێتەوە، كە پێی وایە ئەگەر گیرەكە وشەدارێژەكان پاشگر بن ئەوا لە بنجدا نزیكترن تا گیرەكە ڕێزمانییەكان، چونكە (ن)ی چاوگ لە زمانی كوردیدا گیرەكێكی وشەدارێژە و بە دوای گیرەكی كاتەوە دێت. كاتێك (ن)ی چاوگ دەچێتەسەر قەدێك، بەشە ئاخاوتنێك دروستدەكات، واتە: چاوگ دەبێتە ناوی ئەو گۆڕانكارییەی كار دەیگەیەنێت، بەم پێیە (ن)ی چاوگ دەكەوێتە دوای گیرەكی كاتەوە بەمەش لێكدانەوەكەی پێشتر هەڵدەوەشێنێتەوە و وەكو گیرەكە وشەدارێژەكانی دیكە نییە لە ڕووی نزیكیان لە بنجەوە (حەیدەر حاجی خدر ٢٠١٠: ٨٤) یان هەمیشە بكەوێتە لای ڕاستی گیرەكە ڕێزمانییەكانەوە. وەك لەم هێڵكارییەدا خراوەتەڕوو:




ئەمە هەر لە چاوگدا بەرچاو ناكەوێت بەڵكو لە چەند پێكهاتەیەكی دیكەی دارێژراویشدا دەردەكەوێت. ئەو ناوە بكەرییە دارێژراوانەی بە هۆی گیرەكی (وو)ەوە دروستدەبن هەمیشە گیرەكە وشەدارێژەكەی (وو) لە ڕەگە بەندەكە دوورترە تا گیرەكە ڕێزمانییەكە و ناشكەوێتە لای ڕاستەوە، وەك:




بەم پێیە لە زمانی كوردیدا سروشتی كاركردنی هەر دوو جۆری گیرەكەكان لەگەڵ یەك بەو ڕاددەیە سنووردار نییە بتوانرێت لە ڕووی شوێنەوە لەیەك جیابكرێنەوە، بۆیە ئەمە بە یەكێك لە پارامیتەری

ئەفیکسەکان دادەنرێت لە کوردیدا، بەڵام دەتوانرێت بگوترێت هەر دوو جۆری گیرەکەکان بە شێوەی پێشگر و پاشگر کاران لە سنووری کارکردنیاندا.

## ٢ – ٤ – ٢ لە ڕووی تایبەتمەندیانەوە

هەر یەکە لە گیرەکە وشەدارێژ و گیرەکە ڕێزمانییەکان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، تایبەتمەندیی هەر یەکەشیان لە ناوی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتووە. دەکرێت ئەم تایبەتمەندییانەش لە خودی پێناسەکردنی مۆرفیمەوە هەڵبهێنجرێن، چونکە زۆربەی ئەو پێناسانەی بۆ مۆرفیم کراون پێیان وایە، مۆرفیم بچوکترین یەکەی زمانە، بەڵام ئەم یەکەیە یان واتادارە یان ئەرکی هەیە، کە وەك بیرێکی ئەبستراکت لە مێشکی ئاخێوەردا هەن و لە ڕێی مۆرفەوە دەنوێندرێن.

ئەوەی ئێمە لە باسکردنی سروشتی گیرەکەکانەوە پێویستمان بێت بۆ بابەتی سینتاکسی وشە، بنەمای دووەمیانە، واتە ئەرکی گیرەکەکانە، ئەرکی گیرەکیش لە نێوان دارشتنی وشەیەکی تازە لەسەر بنەمای مۆرفیمێکی سەربەخۆ، یان بەگراماتیکی کردنی خودی وشە سەربەخۆکەیە، کە دەکرێت تایبەتمەندییەکانیان لە ڕووی سینتاکسی وشەوە بە پێی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەستنیشانبکرێن، دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانیش شیکردنەوەی ئێکسباری وشەکان دەیخاتەڕوو:

هەر گیرەکێکی وشەدارێژ بچێتە سەر هەر بنجێك:

١– دەکرێت فۆرمێکی تازە بە واتایەکی تازە و کەتگیۆرییەکی تازە دابرێژرێت. بۆ نمونە: پێکهاتەی دارێژراوی (**ترسناك**) ڕۆنانێکی ناوخۆیی هەیە، کە بە هۆی گیرەکی (**ناك**) و چوونی بۆ سەر بنجی (**ترس**)ەوە دارێژراوە.

٢– یان فۆرمێکی تازە بە واتایەکی تازە و بە هەمان کەتیگۆری بنجەکە دادەڕێژرێت. بۆ نمونە: پێکهاتەی دارێژراوی (**چاویلکە**) بەهەمان شێوەی نمونەکەی پێشتر ڕۆنانێکی ناوخۆیی هەیە، کە لە هەر دوو پارچەی (**چاو**) و (**یلکە**) دارێژراوە.

تایبەتمەندیی گیرەکە وشەدارێژەکە لە هەر دوو نمونەکەی سەرەوەدا بریتییە لە وەی کە لە یەکەمیاندا گیرەکەکە هەم واتایەکی تازەی هێناوەتە ئاراوە و هەم کەتیگۆریی بنجەکەشی گۆڕیوە، بەڵام لە هی دووەمیاندا تەنها واتایەکی تازەی داهێناوە، بەڵام لە هەر دوو باردا گیرەکەکە هەر سەرەی وشەدارێژراوەکەیە، چونکە واتا و کەتیگۆری لە شیکردنەوەی پێکهاتەی وشەدارێژراوەکەدا دەکرێنەپێوەر، واتە لە هەر دوو باردا گیرەکەکە توانیویەتی پێکهاتە دارێژراوەکە بباتە ناو فەرهەنگەوە و دەروازەیەکی تازە لە فەرهەنگدا دروستبکات، بۆیە دەروازە فەرهەنگییەکە دەبێتە بنەمای بە سەرە بوونی گیرەکەکە.

ئەگەر بەراوردێکی ئەم سێ نمونەیەی خوارەوە بکەین تایبەتمەندیی گیرەکە وشەدارێژەکان لە ڕووی دارشتنی وشەیەکی تازە بە واتا و کەتیگۆری تازەوە ڕوونتر بەرچاودەکەوێت:




هەر گیرەکێکی ڕێزمانی بچێتەسەر هەر بنجێك:

١- جۆری کەتیگۆری بنجەکە ناگۆڕێت، بەڵکو تەنها دۆخێکی گراماتیکی بە بنجەکە دەدات لە چوارچێوەی ڕێزماندا.

٢- وشەکە لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکی سینتاکسییەوە دەخاتە قالبی داڕێژراوەوە نەك لە چوارچێوەیەکی فەرهەنگییەوە، بۆیە وشەکە بە هەمان تایبەتمەندیی و دەروازە فەرهەنگییەکەی خۆی دەمینێتەوە و واتاکەی ناگۆڕێت، بەڵام لە چوارچێوە سینتاکسییەکەدا گیرەکەکە دەبێتە سەرەیەکی ئەرکیی وشەکە. بۆ نمونە: لە پێکهاتەیەکی داڕێژراوی گراماتیکی وەك (**کوڕەکە**)دا گیرەکی (**ەکە**) تایبەتمەندیی ناسیاوی بە بنجەکە (**کوڕ**) دەدا، بێ ئەوەی دەستکاری کەتیگۆری بنجەکە بکات یان فۆڕمێکی تازە بە واتایەکی تازە بهێنێتەئاراوە.

بەم پێیە هەموو گیرەکێك تایبەتمەندییەکانی خۆی بۆ پێکهاتە داڕێژراوەکە سەردەخات، بۆیە پێویستە خودی وشەداڕێژراوەکان لە ڕوی واتا و کەتیگۆری و دۆخە ڕێزمانییەکەیەوە بە گیرەکەکانەوە ببەستینەوە. ئەگەر ئەو دوو نمونەیەی پێشەوە بە هێڵکارییە درەختییەکە شیبکەینەوە دەکرێت بەم شێوەیە بنووێندرێت:




بەپێی هێڵکارییەکە گیرەکی (**ناك**) تایبەتمەندیی خۆی بە پێکهاتە داڕێژراوەکە داوە، کە بریتییە لە بە ئاوەڵناوکردنی ناوی (**ترس**) و خستنەوەی فۆڕمێکی تازە بە واتایەکی فەرهەنگیی تازە.



بە هەمان شێوەی نمونەکەی پێشەوە، گیرەکی (ەکە) تایبەتمەندیی خۆی بە پێکهاتەکە داوە، کە بە ناسیاوی کردنی بنجەکەیە لە ڕووی گراماتیکییەوە.

بەپێی ئەو تایبەتمەندییەی هەر دوو جۆری گیرەکەکە هەیانە، وا پێویست دەکات لە شیکردنەوەی هەر پێکهاتەیەکی دارێژراودا، تایبەتمەندیی گیرەکەکە بکرێتە پێوەر لە نووسینەوەی یاساکاندا، واتە گیرەکەکە وشەدارێژ بێت یان ڕێزمانی چ تایبەتمەندییەك بە پێکهاتە دارێژراوەکە دەدات ئەو تایبەتمەندییە بکرێتە پێوەر، بۆیە هەموو گیرەکەکان وشەدارێژبن یان ڕێزمانی سەرەی وشەدارێژراوەکە پێکدەهێنن.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی گیرەکە ڕێزمانییەکان ئەوەیە کە هەندێك جار دەگوێزرێنەوە بۆ گیرەکێکی وشەدارێژ، بە تایبەتی گیرەکی ڕێزمانی بانگکردن، بۆ نمونە لە وشەکانی (لاوە ، لاوکۆ ، لاوۆ) لە بنەڕەتدا گیرەکی ڕێزمانییە چۆتە سەر وشەی (لاو) بەلام دواتر ئەو فۆرمە گراماتیکییە وەك وشەیەکی دارێژراوی فەرهەنگی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بۆیە ئەرکی گیرەکە ڕێزمانییەکانیش لەم وشانەدا وەکو خۆی نەماوەتەوە بوونەتە گیرەکێکی وشەدارێژ و سەرەیەکی لێکسیکی وشە دارێژراوەکەن.

## ٢ — ٥ سەرەی وشە دارێژراوەکان

وشەی دارێژراو بەشێوە گشتییەکەی هەمیشە لە قالبێکی دیاریکراودا دەرناچێت، کە بریتییە لە پێکهاتەیەك پێکهاتووە لە وشەیەك و گیرەکێك. سەرەی هەموو وشەیەکی دارێژراو بریتییە لە خودی گیرەکەکە خۆی، چونکە گیرەکەکان وشەدارێژبن یان ڕێزمانی تایبەتمەندیی خۆیان بە وشە پێکهاتووەکە دەدەن.

بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی سینتاکسی سەرەی وشە دارێژراوەکان و ئەگەرەکانی هاتنی سەرە لە ڕووی شوێنەوە، پێویستە شوێنی سەرە بکرێتە پێوەر، بۆ ئەمەش پێویستمان بەم هێڵکارییەی خوارەوە دەبێت:




(Selkirk 1982: 20)

بۆ پیشاندان و دەستنیشانکردنی سەرەی هەموو وشەیەکی دارێژراو ئەم هێڵکارییە دەکرێتە پێوەر، بە پێی هێڵکارییەکە هەموو ($X^n$)ێك کە لوتکەی دایەگرامەکەی گرتووە هەمان جۆری کەتیگۆری تێکڕای پێکهاتەکەیە، بەمەش ($X^{n-1}$) دەبێتە سەرەی پێکهاتەکە. هەر دوو لای ڕاست و چەپی سەرەکەش ئەو پێکهێنەرەیەی کە لەگەڵ سەرەکە (واتە: گیرەکەکە) پێکهاتەی وشە دارێژراوەکەی پێکهێناوە.

بەم پێیە هێڵکارییەکە شوێنی سەرە لە پێکهاتەی وشەداڕێژراوەکەدا پیشاندەدات، واتە پێکهێنەرەکەی دیکەی وشەداڕێژراوەکە هەر لایەکی سەرەکەی گرت تایبەتمەندیی سەرە سەرەتا و سەرە کۆتا بە سەرەکە دەبەخشێت، کە دەکرێت بەم دوو هێڵکارییە بنوێندرێت:







کاتێك:

1- $n^{-1} = m$

2- $P = \Delta$

3- $Q = \Delta$

بە پێی هێڵکارییەکە هەر یەکە لە (Q) و (P) خودی ئەو پێکهێنەرەن، کە لەگەڵ گیرەکەکەدا پێکهاتەی وشەداڕێژراوەکە پێکدێنن، بەم پێیە هەر کامەیان لە وشەداڕێژراوەکەدا بێت ئەوا سەرە سەرەتا و سەرە کۆتا دەخاتەڕوو.

زمانەکان لە بارەی شوێنی گیرەکەکانەوە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، چونکە زمانی وا هەیە وەك زمانە تۆرانییەکان پێشگر بەکارناهێنن و هەموو حاڵەتێکی ڕێزمانیان بە هۆی پاشگرەوە دەردەبڕن، بەم جۆرە تێکڕای وشەکانی ئەم جۆری زمانانە لە ڕەگی وشەوە دەستپێدەکەن و زنجیرەیەك پاشگر دەکەونە دوای ڕەگەوە، زمانی دیکەش هەیە بە پێچەوانەوە تەنها پێشگر بەکاردەهێنن و لە هەندێ حاڵەتی بیژۆکدا نەبێت پاشگر بەکارناهێنن، وەك سواحیلی لە خێزانی بانتۆ لە ناوەڕاستی ئەفریقیا. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ١٩٨٧: ٣٧-٣٨) بەم پێیە ئەو جۆرە زمانانەی کە تەنها پاشگر بەکاردەهێنن ئەوا هێڵکاری یەکەم سینتاکسیی سەرەی وشە داڕێژراوەکانیان لێکدەداتەوە بەوەی هەمیشە لە جۆری سەرە سەرەتادان، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوانەی هەمیشە پێشگر بەکاردەهێنن سینتاکسیی وشەداڕێژراوەکانیان هەمیشە لە تایبەتمەندیی سەرە سەرە کۆتا دان.

لە زمانی کوردیدا هەر دوو جۆری گیرەکەکە کاران، بەم پێیە سینتاکسی سەرەی وشەداڕێژراوەکان دەکەوێتەسەر سروشتی سیاقی ئازادیی وشەداڕێژراوەکە خۆی بە شیکردنەوەی بە پێی ئەم دوو هێڵکارییەی لە سەرەوە بۆ بابەتی سینتاکسیی سەرە سەرەتا و سەرە سەرە کۆتا هێنراونەتەوە.

به پێی ئەو پێناسەیە بێت، کە پێشتر بۆ گیرەکمان هێنایەوە، گیرەکەکان واتادار نین، تەنانەت گیرەکە وشەدارێژەکانیش، چونکە واتاکەیان تەنها لە سیاقی وشەدارێژراوەکەدایە و لە دەرەوەی ئەو سیاقە ئەو بەهایەیان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە زانایانی بواری زمان و زمانەوانی لەو باوەڕەدان، کە بەشی زۆری پاشگر و پێشگرەکان لە بنەڕەتدا وشەی سەربەخۆبوون و بە تەنها مانایان هەبووە، بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار بەهۆی ئەوەی لەگەڵ وشەی دیکەدا بۆ دروستکردنی واتای و فۆرمی نوێ یەکیانگرتووە بۆیە گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە و لە ئەنجامی زۆر بەکارهاتنەوە بوونەتە ئەو فۆرمەی ئێستا، کە بە مۆرفیمی بەند ناودەبرێن. (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٨٧: ٣٧)

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا، کە گیرەکە وشەدارێژەکان هەموویان دەبنە سەرەی وشەدارێژراوەکە، دەکرێت هۆکاری سەرەکی لەمەدا بۆ هەڵسوکەوتی خودی گیرەکەکان بگەڕێندرێتەوە، چونکە کاتێك دەچنەسەر وشەیەکی سادە لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی دیکەدا ئەوا هەرچی تایبەتێتی خۆیانە سەری دەخەن بۆ هەموو وشەکە، واتە ئەگەر ئەمان ناوبن ئەوا وشە دارێژراوەکەش دەبێتە ناو. (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٦: ٦٢) بۆ نمونە:




نمونەی یەکەمی هێڵکارییەکە ئەوە دەخاتەڕوو، کە گیرەکی (ناك) کاتێك چۆتە سەر وشەی سادەی (خەم) ئاوەڵناوێکی پێکهێناوە، بەم پێیە گیرەکەکە تایبەتمەندییەکانی خۆی سەرخستووە و بۆتە سەرەی وشەدارێژراوەکە، بەڵام نمونەی دووەمی هێڵکارییەکە ئەوە دەخاتەڕوو، کە کاتێك گیرەکی (ی) چۆتەسەر پێکهاتەکەی پێشتر پێکهاتەکەی لە ئاوەڵناوەوە کردۆتە ناو، بەم پێیەش گیرەکەکە تایبەتمەندییەکانی خۆی بۆ وشەدارێژراوەکە سەرخستووە. ئەگەر یاساکانی ئەم دوو نمونەیە بە کەوانە ناونراوەکانەوە بنوێنین بەم شێوەیەی لێدێت:

[خەم]$_{N}$ ⟵ [ [خەم]$_{N}$ + [ناك]$_{Af}$ ]$_{Adj}$

[خەمناك]$_{Adj}$ ⟵ [ [ [خەم]$_{N}$ + [ناك]$_{Af}$]$_{Adj}$ + [ی]$_{Af}$ ]$_{N}$

بەپێی ئەو تایبەتمەندییەی هەر دوو جۆری گیرەکە هەیانە، وا پێویست دەکات لە شیکردنەوەی هەر پێکهاتەیەکی داڕێژراودا، تایبەتمەندیی گیرەکە بکرێتە پێوەر لە نووسینەوەی یاساکاندا، واتە گیرەکەکە وشەداڕێژ بێت یان ڕێزمانی چ تایبەتمەندییەك بە پێکهاتە داڕێژراوەکە دەدات بکرێتە پێوەر، بۆیە هەموو گیرەکەکان سەرەی وشەداڕێژراوەکە پێکدەهێنن. ئەم تایبەتمەندییە وا پێویست دەکات لە شیکردنەوەی تایبەتمەندیی گیرەکەکاندا ئەم هێڵکارییە وەك یاسایەك ڕەچاوبکرێت:




هەر گیرەکێك بە چ تایبەتمەندییەکەوە دەبێتە سەرەی وشەداڕێژراوەکە پێویستە بەوە بخرێتە قالبی هێڵکارییەکەوە، واتە ئەگەر گیرەکەکە بنجەکە بکاتە ئاوەڵناو ئەوا پێویستە بە گیرەکی ئاوەڵناوی ناوببرێت یان ئەگەر بنجەکە بکاتە ناو، ئەوا پێویستە بە گیرەکی ناوی ناوببرێت، چونکە تایبەتمەندیی گیرەکەکە گیرەکەکەی کردۆتە سەرەی وشەداڕێژراوەکە.

بە پێی هێلکارییەکە و یاساکەش گیرەکەکان جۆری کەتیگۆری وشەداڕێژراوەکە دەردەخەن، بۆیە دەکرێت بۆ هەمو جۆرە وشەداڕێژراوەکان لە ڕووی کەتیگۆرییەوە یان بەشەئاخاوتنەوە پشت بەم هێڵکارییەی خوارەوە ببەستین:







کاتێك:

هەموو ($X^{N}$) کەتیگۆری وشەداڕێژراوەکە پیشاندەدا.

هەموو ($X^M$) ئەو تایبەتمەندییە پیشاندەدا، کە بۆ سەری وشەکە سەریخستووە، واتە کەتیگۆری وشەداڕێژراوەکە.

هەموو ($\Delta$ دەلتا یان دەمی)یێك هێمایە بۆ ئەو وشەیەی لەگەڵ گیرەکەکەدا پێکهاتەکەی پێکهێناوە.

## ٢ – ٦ وشەداڕێژراوەکان لە ڕوی ژمارەی پێکهێنەرەکانیانەوە

پێشتر ئامارەمان بەوەدا، کە وشە بۆ وشەی سادە و وشەی ناسادە پۆلێندەکرێت، پۆلێنکردنی وشە بەم شێوەیە بەندە بە بنەمای ڕۆنانی ناوەوەی خودی وشەوە، چونکە وشە سادەکان لە ڕووی پێکهاتنیانەوە هەمیشە کەرەسەی تاریکن و ماناکەیان لە خودی وشەکانەوە نەهاتووە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە بەسەر پارچەی لە خۆیان بچووکتردا دابەشنابن، بۆیە پۆلێنەکە بنەمای ڕۆنانی ناوەوەی وشەکان دەکاتە پێوەر.

بە بۆچوونی ئێمە لێکۆڵینەوە لە وشە ناسادەکان لە ڕوانگەی سینتاکسی وشەوە پێویستە بنەمای ڕۆنانی ناوەوەی وشە ناسادەکان لە ڕووی ژمارەی پێکهێنەرەکانیانەوە لەبەرچاوبگرێت، بۆ ئەمەش دەکرێت سێ جۆری وشە ناسادەکان بە پێی ژمارەی پێکهێنەرەکانیانەوە دەستنیشانبکەین، ئێمە لێرەدا نمونە بە وشەی داڕێژراو دەهێنینەوە، بۆ وشە ئاڵۆزەکانیش دەکرێت هەمان بنەڕەت دەستنیشانبکرێت:

١– **داڕێژراوی دوو کەرتی:** مەبەست لەم جۆرە وشەداڕێژراوەیە ئەوەیە کە گیرەکێك پێشگر بێت یان پاشگر دەچێتە سەر وشەیەکی سادە و وشەیەکی داڕێژراو دروستدەکات، کە دەکرێت بەم دوو یاسایە بخرێتەڕوو:

1- [X] [X [Y] ] x

2- [X] [ [Y] X] x

(Y) وشە سادەکە بەرجەستەدەکات و (X)یش گیرەکە پێشگر و پاشگرەکە، بەم پێیە هەر وشەیەکی لەو جۆرە داڕێژراوێکی دوو کەرتییە.

٢– **داڕێژراوی سێ کەرتی:** مەبەست لە داڕێژراوی سێ کەرتی ئەوەیە کە گیرەکێك پاشگر بێت یان پێشگر دەچێتەسەر پێکهاتەیەکی داڕێژراو و وشەیەکی تازە دادەڕێژێت، کە دەکرێت بەم هێڵکارییە بخرێتەڕوو:



ئەوەی لە هێڵکارییەکانەوە سەرنجەدرێت ئەوەیە، کە گیرەکەکە دەچێتەسەر پێکهاتەیەکی داڕێژراوەوە بۆیە لە نووسینەوەی یاساکانی پێکهاتنی وشە داڕێژراوە سێ کەرتییەکەدا پێویستە یاسای پێکهاتنی وشەداڕێژراوەکە بخرێتە نێوان دوو کەوانەی تایبەتەوە ئینجا یاسای پێکهاتنی وشە داڕێژراوە سێ کەرتییەکەش بخرێتە نێوان دوو کەوانەی تایبەتەوە.وەك:

1- [X]　　　　[ [ [Y] [X] ]  X]x

2- [X]　　　　[ X  [ [Y] [X] ] ]x

٣- **داڕێژراوی چوار کەرتی:** مەبەست لەم جۆرە وشەداڕێژراوە ئەوەیە کە پێشگر یان پاشگرێك دەچێتەسەر پێکهاتەیەکی داڕێژراوی سێ کەرتی و وشەیەکی تازە دادەڕێژێت، کە دەکرێت بەم هێڵکارییە بخرێتەڕوو:




بە هەمان شێوەی داڕێژراوی سێ کەرتی، لە پێکهاتەیەکی داڕێژراوی چوار کەرتیشدا پێویستە نووسینەوەی یاساکە فراوانبکرێت بۆ ئەوەی وردەکارییەکانی شێوەی پێکهاتنی وشە داڕێژراوەکە بگرێتەخۆی، وەك:

[ X ]　　　　[ X [ [ [X]  [Y] ]x  [X] ] ]x

جیاکردنەوەی ئەم سێ جۆرە داڕێژراوە سوودی ئەوەی هەیە، کە:

١- سینتاکسی هەندێك لە بەشە ئاخاوتنەکان هەر سێ شێوەیان هەیە. پێکهاتەی هەندێك لە بەشە ئاخاوتنەکان یان وردتر بڵێین هەندێك وشەی ناسادە وایە کە ڕاستەوخۆ بە وشەی سادە دروستانبن، بەڵکو هەتا وشە سادەکە نەچێتە پێکهاتەیەکی داڕێژراوەوە جارێکی دیکەش ناچێتە ئەو پێکهاتە لێکدراوەی مەبەستە، وەك وشە ئاڵۆزەکان.

٢- گیرەکە وشەداڕێژەکان بە بەرامبەر بە گیرەکە ڕێزمانییەکان توانای شکاندنی قالبی پێکهاتە داڕێژراوەکانیان نییە، چونکە هەر گیرەکێکی وشەداڕێژ، کە دەبێتە سەرەی وشەیەکی داڕێژراو شوێنی خۆی لە بەرامبەر وشە سادەکەوە بۆ هیچ گیرەکێکی دیکەی وشەداڕێژ بەجێناهێڵێت، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو، کە گیرەکەکان لە ئاستی خوارەوەی وشەداڕێژراوەکاندا هەن، هەر بەمەش پایەی سەرەبوونیان لە شیکردنەوەی ئێکسباڕیانەی وشەداڕێژراوەکاندا پێدەدرێت.

## ٢ – ٧ جۆری گیرەکەکان لە ڕووی کەتیگۆری و ئەرکەوە

بە پێی تیۆری مۆرفیم گیرەك مۆرفیمێکی بەندە یان ئەرکێکی وشەدارێژ دەبینێت یان ئەرکێکی ڕێزمانی، بەم پێیە هەر یەکێك لەو دوو گیرەکە، کە دەچێتە ڕۆنانێکی دیکەوە بەو ئەرکەی خۆیەوە دەمینێتەوە.

### ٢ – ٧ – ١ گیرەکە وشەدارێژەکان

گیرەکی وشەدارێژ بە پێی ئەوەی فۆرمێکی تازە بە واتایەکی تازە یان فۆرمێکی تازە بە واتا و کەتگیۆرییەکی تازە دادەڕێژێت، بۆیە دەکرێ گیرەکە وشەدارێژەکان بە پێی کەتیگیۆرییەوە دابەشبکرێن، چونکە سینتاکسی وشە پایەی گیرەکەکە لە ڕووی ئەرکەکەیەوە لەبەرچاودەگرێت، ئەرکی سەرەکی گیرەکی وشەدارێژیش کەتیگۆری یان واتای وشەدارێژراوەکەیە. دەکرێت گیرەکە وشەدارێژەکان لە ڕووی کەتیگۆریانەوە بە پێی ئەم دوو دایەگرامەوە دەستنیشانبکرێن:




پێکهاتەی هەر وشەیەکی دارێژراو بە پێی دایەگرامی یەکەم بێت ئەوا تایبەتمەندیی وشەدارێژراوەکە لە ڕووی سەرەوە سەرە سەرەتایە و پێکهاتەی هەر وشەیەکیش بە پێی دایەگرامی دووەم بێت ئەوا تایبەتمەندیی سەرە کۆتایە.

#### ٢ – ٧ – ١ – ١ گیرەکە وشەدارێژە ناوییەکان

بە پێی چەمکی دارشتن بێ، ناوی دارێژراو لە کەرتێکی واتادار و گیرەکێك دادەڕێژرێت. لە زمانی کوردیدا ناوی دارێژراو بەو تایبەتمەندییە جیادەکرێتەوە، کە (بە زۆری بە هۆی گیرەکی پاشگرەوە دادەڕێژرێت) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ١٩٧٩: ١٠٧) واتە بە پێی یاسای سەرە کۆتا دادەڕێژرێت و خودی گیرەکەکەش سەرەی وشە دارێژراوەکە پێکدێنێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نمونەی وامان نەبێت لە ڕێی گیرەکی پێشگرەوە دارێژرابێت.

##### ٢ – ٧ – ١ – ١ – ١ پاشگرەکان

پاشگرە وشەدارێژە ناوییەکان لە ڕۆنانێکی دوو کەرتیدا بە پێی ئەم چوار دایەگرامە دەستنیشاندەکرێن:




بە پێی دایەگرامەکان بێت:

١- ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ناوێکی سادە و ناوێکی داڕێژراوی دوو کەرتی دادەڕێژن، وەك گیرەکەکانی:

**( گەر، دار، ساز، بەند، وان، ەوان، چی، باز، مەند، ی، ەتی، ێنی، ەمەنی، گا، ەوار، ەڵان، ڵە، کە، یلـە، چکە، ۆکە، لە، ۆچکە، چە، ۆڵە، ، زار، ێن، ێنە، ینی، وانە، ، گار، ە، ەوا، ، ندە ....... تد)**

وەك لە نمونەکانی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**(ئاسنگەر، گیاندار، ددانساز، ئاڵبەند، باخـەوان، چایـچی، کۆتربـاز، هونەرمەنـد، منـداڵی، پیـاوەتی، گوڵزار، کۆگا، کچێنی، لوتکە، نانەوا، باڵندە، گۆزەڵە، بەردەڵان، شێرەمەنی ... تد)**

٢- ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ئاوەڵناوێکی سادە و ناوێکی داڕێژراوی دوو کەرتی دادەڕێژن، وەك گیرەکەکانی:

**( ی، یی، ێتی، ایەتی، ێتی، ە، ەڵان، ێنە، کە، ان، انە، ەن، ین، ندە، ەمەنی ....... تد)**

وەك لە نمونەکانی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**(کوێری، گەورەیی، سپییێتی، کەمایەتی، چاکە، زەردێنە، پاکانە، درندە، مزرەمەنی...... تد)**

٣ ئـەو پاشـگرانەی دەچنەسـەر ڕەگـی کـار (بنکـەی بەنـد) و نـاوێکی داڕێـژراوی دوو کـەرتی دروستدەکەن، وەك گیرەکەکانی:

**(ار، یار، ەر، مان، ۆك، ە، گە، ەك، ەوە، ەوار، ەمەنی .... تد)**

وەك لە نمونەکانی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**(کوشتار، فڕگە، کوتەك، سوتەمەنی، کۆکە .... تد)**

٤- ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵکارێکی سادە و ناوێکی داڕێژراوی دوو کەرتی دادەڕێژن، وەك گیرەکەکانی:

**(ین، ار، ەوا، ۆك..... تد)**

وەك لە نمونەکانی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**(پێشین ، بنار، پێشەوا، بەرۆك ..... تد)**

بەم پێیـە یاسای دروستبوونی ناوی داڕێژراوی دوو کەرتی لە ڕێی پاشگرەوە بەم شێوە یاسایە لێکدەدرێتەوە:

$$\begin{bmatrix} N \\ Adj \\ Adv \\ V \end{bmatrix} + Af \longrightarrow N$$

واتە: هەموو ئەو گیرەکانەی ناوی داڕێژراو دادەڕێژن گیرەکی ناوین، چونکە بە ناوبوونی وشە داڕێژراوەکە لەوانەوەیە، بۆیە هەموو ئەو گیرەکانە لە نووسینەوەی یاساکانی پێکهاتەی وشەکاندا بە گیرەکی ناوی ($N^{Af}$) دەنووسرێنەوە.

هەروەك چۆن لە داڕشتنی ناوی داڕێژراو وەك پێکهاتەیەکی دوو کەرتی زیاتر گیرەکی پاشگر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بە هەمان شێوە لە داڕشتنی ناوی داڕێژراوی پێکهاتە سێ کەرتیشدا گیرەکی پاشگر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. لەم ڕووە پاشگرەکانی (ی، یی،ێتی) زۆر کاران و هەر تەنها ئەو پاشگرانە لە پێکهاتەی داڕێژراوی سێ کەرتیدا دەبیندرێن. کە دەڵێین پێکهاتەی سێ کەرتی وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەم گیرەکانە:

١- یان دەچنە سەر ناوێکی داڕێژراو و پێکهاتەیەکی دیکە، فۆرمێکی تازە بە هەمان کەتیگۆری و واتایەکی تازە دادەڕێژن.

٢- یان دەچنەسەر ئاوەڵناوێکی داڕێژراو و فۆرمێکی تازە بە واتا و کەتیگۆرییەکی تازە دادەڕێژن.

وەك:




بە پێی ئەم هێڵکارییە پاشگری (ی) چۆتە سەر پێکهاتەی ناوێکی داڕێژراو ناوێکی دیکەی داڕێژراوی داڕشتووە، واتە ناوەکەی کردۆتە ناوی پیشە.




بە پێی هێڵکارییەکە گیرەکی (ی) چۆتە سەر پێکهاتەی ئاوەڵناوێکی داڕێژراو و ناوێکی داڕێژراوی داڕشتووە.

### ٢ – ٧ – ١ – ١ – ٢ پێشگرەکان

لە چەند نمونەیەکی کەم بەو لاوە نەبێت ڕۆنانێکی وامان نییە کە بە هۆی پێشگرەوە ناوی داڕێژراو داڕێژرابێت. ئەو نمونانەی سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەدەن بریتین لە:

(**پێخەف، پێویست، ڕایەخ، هاوولاتی، بەرچنە**.......)

ئەم نمونانە ئەگەرچی خاوەن ڕۆنانی ناوەوەن، بەلاّم لێکجیاکردنەوەیان هەروا ئاسان نییە، دەکرێت نمونەیەك لەم بارەوە شیبکەینەوە:

بە بۆچوونی ئەورەحمانی حاجی مارف بێ وشەی (**پێخەف**) دەکرێت لە پێشگری (**پێ**) و لە ڕەگی کاری (**خەف – خەفتن**) داڕێژرابێت، واتە: پێشگر(**پێ**) + ڕەگی کار (**خەف**) داڕێژرابێت، بەلاّم بە بۆچوونی ئێمە هەر یەکە لە وشەکانی (**پێخەف، پێویست، هاوولاتی**) لە کۆی پێشگر و ناوێکی سادە پێکهاتوون نەك پێشگر و ڕەگی کار ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەشەوە وشەکانی دیکەش (**بەرچنە و ڕایەخ**) هەلاّوێردکردنیان بەو شێوەیە ئاسان نییە بە هۆی تێکچرژانی مۆرفیمەکانەوە.

### ٢ – ٧ – ١ – ٢ گیرەکە وشەداڕێژە ئاوەلّناوییەکان

### ٢ – ٧ – ١ – ٢ – ١ پاشگرەکان

پاشگرە وشەداڕێژە ئاوەلّناوییەکان لە ڕۆنانێکی دوو کەرتیدا بە پێی ئەم دایەگرامانە دەستنیشاندەکرێن:




بە پێی چوار دایەگرامەکە:

١– ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ناوێکی سادە و ئاوەلّناوێکی داڕێژراوی دوو کەرتی دادەڕێژن، وەك:

(**ی، ن، ین، ەوەر، دار، انە، انی، ناك، ە، اوی، ەکی ... تد**)

وەك لە نمونەکانی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(**زستانی، چلکن، بەفرین، بەختەوەر، نازدار، پیاوانە، ژنانی، ترسناك، هاوینە، شاخاوی، دەشتەکی ... تد**)

٢- ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ئاوەڵناوی سادە و ئاوەڵناوێکی داڕێژراوی دوو کەرتی دادەڕێژن، وەك: (انی، ۆکە، یل، کیلە، اك، کە، ایی، ك ... تد )

وەك لە نموونەکانی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(تەختانی، گێلۆکە، گردیل، نەرمایی، نەرمك، ڕووناك، جوانکیلە... تد)

٣- ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ڕەگی کار و ئاوەڵناوێکی داڕێژراوی دوو کەرتی دادەڕێژن، وەك: (ۆك، ەك، ا ... تد )

وەك لە نموونەکانی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(گەڕۆك ، نووسەك، زانا ... تد )

٤- ئەو پاشگرانەی دەچنەسەر ئاوەڵکارێکی سادە و ئاوەڵناوێکی داڕێژراوی دوو کەرتی دادەڕێژن، وەك: (ەکی، وو، ین... تد )

وەك لە نموونەکانی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(سەرەکی، پێشوو، پێشین.... تد )

$$\begin{pmatrix} N \\ Adj \\ Adv \\ V \end{pmatrix} + Af \longrightarrow Adj$$

واتە: هەموو ئەو گیرەکانەی ئاوەڵناوی داڕێژراو دادەڕێژن گیرەکی ئاوەڵناوین، چونکە بە ئاوەڵناوبوونی وشە داڕێژراوەکەوە لەوانەوەیە، بۆیە هەموو ئەو گیرەکانە لە نووسینەوەی یاساکانی پێکهاتەی وشەکاندا بە گیرەکی ئاوەڵناوی ($Adj^{Af}$) دەنووسرێنەوە.

## ٢ - ٧ - ١ - ٢ - ٢ پێشگرەکان

بە هەمان شێوەی ناوی داڕێژراو، لە داڕشتنی ئاوەڵناویشدا ئەوەندەی پاشگر ئەو ڕۆڵە دەبینێت ئەوەندە پێشگرە لە زمانی کوردیدا نابیندرێن ئاوەڵناوی داڕێژراو دابڕێژن، ئەوەی هەیە تەنها بریتین لە بریتین لە پێشگری (بێ ، بە، نە، نا، بـ) وەك لە نموونەکانی (بێهۆش، بێکار، بێگیان، بێبەش، بێکەس، بەهێز، بەجەرگ، بەڕێز، بەتام، بەپێز، بەپیت، بەفەڕ، بەناز، نەگۆڕ، نەساخ، نەخۆش، ناخۆش، ناپاك، بگۆڕ، بکوژ.... تد)دا دەردەکەوێت، کە دەکرێت بەم یاسا و بەم دایەگرامانە بنوسرێنەوە:

$$Af + \begin{pmatrix} N \\ Adj \\ V \end{pmatrix} \longrightarrow Adj$$




گیرەکی (نا ، نە) دەچنەسەر ئاوەڵناو و بنکەی بەند، ئاوەڵناوی داڕێژراو دادەڕێژن، گیرەکی (بێ، بە) دەچنەسەر ناوی سادە و ناوێکی داڕێژراو دادەڕێژن.

بەهەمان شێوەی ناو، ئاوەڵناوی سێ کەرتیش بوونی هەیە، واتە پێکهاتەیەکی دوو کەرتی داڕێژراو دەچێتە پرۆسەیەکی دیکەی داڕشتنەوە بۆ داڕشتنی ئاوەڵناوێك. وەك: ئەو ئاوەڵناوە داڕێژراوانەی دەخرێنە پلەی بەراورد و باڵاوە.

بۆ نمونە:




## ٢ – ٧ – ١ – ٣ گیرەکە وشەداڕێژە ئاوەڵکارییەکان

ئەگەرچی ئاوەڵکار یەکێکە لە بەشەئاخاوتنەکان، بەڵام ڕێژەی ئەو وشە فەرهەنگیانەی کە دەروازەیەکی سەربەخۆی تایبەت بە ئاوەڵکاریان هەیە ئەوەندە زۆر نین، بەم پێیە بە بەرامبەر بە بەشە ئاخاوتنەکانی دیکەی وەك ناو و ئاوەڵناو، ئاوەڵکار کەمتر لە فەرهەنگدا دەستنیشاندەکرێت.

بە بۆچوونی ئێمە دەستنیشانکردنی ئاوەڵکارەکان وەك دەروازەیەکی فەرهەنگی زیاتر لەو وشە سادانەدا دەردەکەوێت، کە واتای کات دەگەیەنن، وەك: **بەیانی، پار، دوور، نزیك، زوو، تەنیشت، کن** .......تد. ئەگینا ئاوەڵکارە داڕێژراوە دوو کەرتییەکان لە بنەڕەتدا زۆربەیان هەر ئاوەڵناون، بەم پێیە سنوری ئاوەڵکار وەك بەشەئاخاوتن و ئاوەڵگوزارە وەك ئەرکێکی سینتاکسی تێکەڵ بەیەکدی بووە، چونکە ئەو ئاوەڵکارانەی کە لە بەشە ئاخاوتنی دیکەوە دادەڕێژرێن زیاتر ئاوەڵگوزارەن.

ئێمە بە پێی ڕێباز و پێویستی بابەتەکە خۆ لەو پرسە دەبوورین، چونکە سینتاکسی وشە وشە لە سیاقێکی ئازاددا هەڵدەبژێرێت، بەم پێیە هەر وشەیەك بتوانێت لە سیاقی ڕستەدا ببێتە ئاوەڵکار –

ئاوەڵگوزارە ئەوا سینتاکسی وشەش پێکهاتەکە دەخاتە قالبی لێکدانەوەی ئاوەڵکارەوە. بەم پێوەرە ئاوەڵکارە داڕێژراوەکانی دوو کەرتی لە زمانی کوردیدا بە پاشگر و پێشگریش دادەڕێژرێن.

## ٢ – ٧ – ١ – ٣ - ١ پاشگرەکان

بۆ خستنەڕوو و دەستنیشانکردن و لێکدانەوەی ئەو ئاوەڵکارە داڕێژراوانەی بەهۆی پاشگرەکانەوە داڕێژراون، پێویستە ئەم دوو دایەگرامە لەبەرچاوبگیرێن:







بە پێی دوو دایەگرامەکە، ئەو:

١- پاشگرانەی دەچنە سەر ناوێکی سادە و ئاوەڵکارێکی داڕێژراوی دوو کەرتی دادەڕێژن، وەک: (ان، انە، یْ ) وەک لە وشەکانی شەوان، زستانیْ.... تد دا دەردەکەوێت.

٢- پاشگرەی دەچێتە سەر ئاوەڵناوێکی سادە و ئاوەڵکارێکی داڕێژراوی دوو کەرتی دادەڕێژن، وەک: (انە) وەک لە وشەکانی ژیرانە، هێمنانە، ئازایانە، مەردانە ... تد دا دەردەکەوێت.

بەم پێیە گیرەکەکانی (ان، انە، یْ، انە) گیرەکی ئاوەڵکارین و بە شێوەی ($Adv^{Af}$) دەنووسرێنەوە.

ئاوەڵکار یان ئاوەڵگوزارەی سێ کەرتیش هەیە، بەڵام ژمارەی ئەو پێشگر و پاشگرانەی بۆ ئەو مەبەستە دەچنەسەر پێکهاتەیەکی داڕێژراوەوە زۆر نین، لە بارەی پێشگرەکانەوە تەنها هەر یەک حاڵەتی زۆر باوە ئەویش ئەوەیە کە بە پێشگری (بە) دادەڕێژرێت، کە دەچێتەسەر ناوی داڕێژراو لە ئاوەڵناو و پاشگر، وەک: بەژیری، بەخۆشی، بەخراپی، بەباشی، بەدۆستایەتی ... تد . یاسای داڕشتنی ئەمانە بریتییە لە:

[بەباشی]Adv [ [بە]Af [ [باش]Ad [ی]Af]N ]Adv



حاڵـەتێکی دیکـەی ئاوەڵکـار– ئـاوەڵگوزارەی داڕێـژراومان هەیـە کـە لـە ڕووی ڕۆنـانی نـاوەوەی داڕێژراوێکی چوار کەرتییە، وەك: **بە بێباکی، بە بێنازی، بە بێ ئاقڵی ... تد**، کە دەکرێت یاساکانی هەر یەکێکیان بەم شێوەیە بخرێتەڕوو:

[ [بە]Af [ [ [بێ]Af [ناز]N ]Adj [ی]Af ]N ]Adv          [بەبێنازی]Adv

یان بەم هێڵکارییەی خوارەوە:




## ٢ – ٧ – ٢ گیرەکە ڕێزمانییەکان

بە پێی پێناسەی داڕشتن بێت وشەی داڕێژراو هەمیشە بە لایەنی کەمەوە لە فۆرمێکی واتاداری سەربەخۆ و گیرەکێك پێکدێت، بەم پێیە کۆنتێکستی وشەکە ئەوە دەخاتەڕوو، کە وشەکە داڕێـژراوێکی فەرهەنگییە یان ئەرکی (گراماتیکی)، چونکە پێویستە پێناسەی داڕشتن وا لێکبدرێتەوە، کە گیرەکێك دەچێتە سەر وشەیەکی سادە و دەیکاتە فۆرمێکی داڕێژراو. بەم پێیە هەمو پێکهاتەیەکی داڕێـژراو یان دەبێتـە پێکهاتەیـەکی داڕێـژراوی فەرهـەنگی یـان داڕێـژراوێکی ئـەرکی (گرامـاتیکی) بـە پێـی خـودی گیرەکەکە.

بـە پێـی ئـەو لێکۆڵینەوانـەی لـە بـارەی تایبەتمەندییـەکانی زمـانی کوردییـەوە کـراون، ئـەوەیان خستۆتەڕوو، کـە زمـانی کـوردی لـە ڕوی تایپۆلۆژییـەوە بـە ڕادەیـەکی زۆر دەکەوێتـە خانـەی زمانـە تێکـچڕژاوەکانەوە (حەیـدەر حـاجی خـدر ٢٠١٠: ١٣٠-١٣١) یـەکێك لـە تایبەتمەندییـە هـەرە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە زمانانـەش ئەوەیـە کە پەیوەندییـە سینتاکسییەکان لـەو زمانانـەدا بە هـۆی گیرەکە ڕێزمانییەکانەوە دەردەبڕدرێن. (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٦: ٩٠).

گیرەکـە ڕێزمانییـەکان هەمیـشە لایـەنێکی ئـەرکیان هەیـە، بۆیـە کـە دەچنەسـەر هـەر وشـەیەکەوە ئەگەرچی تێکەڵ بە خودی وشەکە نابن، بـەڵام فۆرمێکی گراماتیکی بە وشـەکەدەدەن و بەمـەش دەبنە سەرەیەکی ئەرکی بۆ وشەکە لە هـەر جێکەوتەیەکدا بێت. هـەر گیرەکێکی ڕێزمـانی کە دەبێتـە سـەرەی ئـەرکی فۆرمـە گراماتیکییەکـە پێویـستە لـە نووسـینەوەی یاسـاکەدا گیرەکەکـە بـە هـەمان ئەرکـە گراماتکییەکەیـەوە بنووسـرێتەوە، وەك سـیمای جیاکـەرەوە، چـونکە یـەکێك لـە تایبەتمەندییـە سەرەکییەکانی گیرەکە ڕێزمانییەکان ئەوەیە (کەوا زانینی یان ناسینی مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی وشـەکە

ماناى گشتى وشەكە و هەڵوێستە ڕێزمانییەكەشى ڕووندەكاتەوە). (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٦: ٥٣) بۆ نموونە:




ڕیزبوون و شوێنى گیرەكە ڕێزمانییەكان تەنها لە پێكهاتەى چاوگدا نەبێت زۆر سنووردارنییە، بۆیە ڕیزبوون و شوێنى گیرەك دەوەستێتەسەر ئەو شوێنەى گیرەكەكەى تیادا دێت، چونكە دەكەونە ژێر دەستەڵاتى ڕێزمانى زمانەكەوە.

ژمارەى گیرەكە ڕێزمانییەكان لە زمانى كوردیدا زۆر كەمترە لە گیرەكە وشەدارێژەكان، ئەگەر گیرەكە ڕێزمانییەكان بە پێى شوێنیان پۆلینبكرێن ئەوا دەكرێت بڵێین: گیرەكە پاشگرەكان بریتین لە: گیرەكى ناسیاوى، گیرەكى نەناسیاوى، گیرەكى كۆ، گیرەكى ئاوەڵناوى پلەى بەراورد، ئاوەڵناوى پلەى باڵا، گیرەكەكانى كاتى ڕابردوو، گیرەكى ئیزافە، گیرەكى پەیوەندى، گیرەكى نادیارى، گیرەكى دووپاتى، گیرەكەكانى دۆخ. گیرەكە پێشگرەكانیش بریتین لە: گیرەكى داخوازى، گیرەكى دانانى، گیرەكى نەرێ، گیرەكى بەردەوامى.بەم شێوەیە لە گیرەكە ڕێزمانییەكانیشدا ژمارەى پاشگرەكان زیاترە لە چاو پێشگرەكان.

## ٢ — ٨ سینتاكسى چاوگ

لە زمانى كوردیدا چاوگ یەكێكە لەو بابەتانەى، كە تا ئێستاش لە بارەى پێكهاتەكەیەوە كێشەى لەسەرە، چونكە تا ئێستاش هەر زمانەوانێك بە پێى بۆچوونەكانى و ئەو كلاوڕۆژنەیەى لێى دەڕوانێتە بابەتەكە، شیكردنەوەى بابەتەكەى بەلایەكدا بردووە، بۆیە هێشتا یەكدەنگییەكى تەواو لەسەر ئەوە نییە كە ئاخۆ چاوگ وشەیەكى سادەیە یان ناسادە.

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا، كە ئامانجى سەرەكى ئێكسباڕ لێكۆڵینەوەیە لە ڕۆنانى ناوەوەى پێكهاتەكان، جا ئەگەر ئەو پێكهاتەیە فرەیز بێت یان وشە.بۆیە بە بۆچوونى ئێمە شیكردنەوەى ئێكسباڕیانەى وشەكان ئەم كێشەیە بەلاى ئەوەدا دەبات، كە چاوگ بەر پۆلى وشە ناسادەكان دەكەوێت، ئەوەش لە خودى پێكهاتەى چاوگ خۆیەوە هەڵدەهێنجرێت.

چاوگ یەكێكە لە تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەكانى زمانى كوردى و ئەو بەشە ئاخاوتنە لە شێوەى پێكهاتەیەكى مۆرفۆلۆژیدایە و هەموو پێكهاتەیەكیش لە پێكهێنەرێك زیاتر پێكدێت. بەم پێیە كۆى پێكهاتەى چاوگ بریتییە لە: ڕەگ و قەد و بنج. بۆیە دەكرێت بڵێین (لە زمانى كوردیدا چاوگ لە ڕەگەوە

بۆتە قەد و لە قەدیشەوە بۆتە بنج، ئەمەش ئەوەی لێهەڵدەهێنجرێت، کە هەموو مانای ڕەگەکە لە خودی ڕەگەکەدا کۆبۆتەوە). (حەیدەر حاجی خدر ٢٠١٠: ٨٢)

دەکرێت پێکهاتەی چاوگ بە پێی ئەم دایەگرامە شیبکرێتەوە:




بە پێی دایەگرامەکە هەمو چاوگێکی لەو جۆرە هەر سێ جێکەوتەکەی مەزن و ناوەند و نزم پڕدەکاتەوە و دوو سەرەی جیاوازیش لەخۆدەگرێت، سەرەیەکیان ڕێزمانییە (ئەرکی) و ئەوەی دیکەشیان سەرەیەکی لێکسیکی (فەرهەنگی) بەم شێوەیە:

هەموو (X) یەك ڕەگە بەندەکە بەرجەستەدەکات.

هەموو ('X) گیرەکە ڕێزمانییەکە بەرجەستەدەکات، کە ڕەگەکە دەکاتە قەد واتە (Stem).

هەموو ("X) گیرەکە وشەداڕێژکە (ن) بەرجەستەدەکا کە قەدەکە لە فۆڕمێکی گراماتیکییەوە دەخاتە قالبی فۆڕمێکی لێکسیکی تازە بە واتا و کەتگیۆرییەکی تازەوە.

بەمەش گیرەکە ڕێزمانییەکە وشەداڕێژەکە سەرەی وشەداڕێژراوەکە پێکدەهێنن، وەك:




بەم پێیە هەرپێکهاتەیەکی چاوگ کە ڕەگە بەندەکەی سادەبێت تەنها ئەم قالبەی سەرەوەی هەیە.

ئەگەر لێکدانەوەیەکی واتایی بۆ پێکهاتەکەی چاوگ بکەین ئەوا دەکرێت بڵێین:

١- هەموو مانای چاوگەکە لە ڕەگەکەیدا کۆبۆتەوە، واتە سەرچاوەی واتای پێکهاتەکە لە ڕەگەکەوە سەرچاوەی گرتووە.

٢- مۆرفیمێکی ڕێزمانی دەچێتە سەر ڕەگە بەندەکە بۆ ئەوەی گەیاندنێکی (دەلالەتێکی) گراماتیکی (+ڕابردوو)ی پێبدا، ئەو مۆرفیمە ڕێزمانیانەش، کە ئەم ئەرکە دەبینن بریتین لە: (د، ت، وو، ی، ا) هەمیشە دەبنە سەرەیەکی ئەرکی.

٣- مۆرفیمێکی وشەداڕێژ (ن) دەچێتەسەر قەدەکە بۆ ئەوەی فۆرمێکی تازە بە واتا و کەتیگۆرییەکی تازە دابڕێژێت، بۆیە دەکرێت بە سیمای (+ واتا و کەتیگۆری) جیابکرێتەوە.

بەمەش:

١- شیکردنەوەی ئێکسباڕیانەی چاوگ، چاوگ ناخاتە خانەی وشە سادەکانەوە، بەڵکو دەیسەلمێنێت کە چاوگ هەمیشە ناسادەیە، جا ناسادەی داڕێژراو بێت یان ئاڵۆز.

٢- سینتاکسی چاوگ لە کوردیدا یەکێك لە خاڵەکانی پرۆژەکەی سێلکێرك لە بارەی زمانی کوردییەوە هەڵدەوەشێنێتەوە، کە پێی وایە تەنها گیرەکە وشەداڕێژەکان لە ئاستی خوارەوە بە هۆی کردەی گوێزانەوە دەگەنە ئاستی سەرەوە، بەڵام گیرەکە ڕێزمانییەکان ئەو جۆرە ڕەفتارەیان نییە (Selkirk 1982: 1) چونکە لە زمانی کوردیدا چاوگ پێکهاتەیەکی داڕێژراوە و ئەو گیرەکە ڕێزمانییەی کە دەلالەتی کات بە ڕەگەکە دەدات لە ئاستی خوارەوەی پێکهاتنەکەدایە، نەك بە خاڵی لادان بژمێردرێت، چونکە پێکهاتە فەرهەنگییەکەی چاوگ پێمان دەڵێت چاوگ بریتییە لە یەکگرتنی گیرەکە ڕێزمانییەکە لەگەڵ ڕەگی بەند، کە قەد دروستدەکەن، واتە قەدەکە دەچێتە پرۆسەیەکی دیکەی داڕشتنەوە بۆ بەرهەمهێنانی چاوگ.

# بەشی سێیەم

# سینتاکسی وشەی لێکدراو و ئاڵۆز

٣ – ١ وشەی لێکدراو

٣ – ٢ سروشتی پێکهاتەی وشەی لێکدراو

٣ – ٢ – ١ وشەی لێکدراو لە ڕووی ڕوخسارەوە

٣ – ٢ – ٢ وشەی لێکدراو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

٣ – ٣ وشەی لێکدراوی ئێندۆسێنتریك و ئێکسۆسێنتریك

٣ – ٤ ئەگەرەکانی وشەی لێکدراو

٣ – ٤ – ١ ئەگەرەکانی ناوی لێکدراو

٣ – ٤ – ٢ ئەگەرەکانی ئاوەڵناوی لێکدراو

٣ – ٤ – ٣ ئەگەرەکانی ئاوەڵکاری لێکدراو

٣– ٥ سینتاکسی وشەی ئاڵۆز

٣ – ٥ – ١ وشەی ئاڵۆز

٣ – ٥ – ٢ وشە ئاڵۆزەکانی زمانی کوردی

٣ – ٥ – ٣ لە نێوان لێکدراو و ئاڵۆزدا

٣ – ٦ جیاوازیی فرەیز و وشەی لێکدراو

# بەشی سێیەم

# سینتاکسی وشەی لێکدراو و ئاڵۆز

## ٣ – ١ وشەی لێکدراو

لێکدان یەکێکە لەو ڕێگایانەی، کە زمانی کوردی بۆ بەرهەمهێنانی وشەی تازە دەیگرێتەبەر. زۆربەی سەرچاوە کوردییەکان هەر یەکەو بە شێوەیەك پێناسەی لێکدراویان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە تەماشاکردنێکی وردەوە دەکرێت بگەینە ئەوەی کە هەموویان لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە. بەر لەوەی بچینە دووتوێی پێناسەکردنی چەمکی وشەی لێکدراو بە پێویستی دەزانین لە چەند پێناسەیەکیان وردبینەوە.

وشەی لێکدراو: بریتییە لە بێژەیەك کە لە دوو وشەی سادەی واتادار بە زیادییەوە یان بەبێ زیادەوە پێکهاتبێت و پێکەوە واتایەکی نوێ دەگەیەنن. (لیژنەی دەستوری زمانی کوردی ١٩٨٥: ٢٢)

وشەی لێکدراو: ئەو وشەیەیە کە بە لای کەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدابێت. (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٨٧: ٨٣)

وشەی لێکدراو: ئەو وشەیەیە کە پتر لە وشەیەکی واتادار بەشداردەبێت لە پێکهێنانی، هەر چەند زیادەی بێ واتاشی پێوەبلکێت ئەوا هەر بە لێکدراوی دەمێنێتەوە. (مسعود محمد ١٩٨٨: ٢٤٩)

وشەی لێکدراو: دروستکردنی وشەیەکە بە لێکدانی دوو وشە. (کەمال میراودەلی٢٠٠٧: ١٥١)

پێناسەکانی دیکەش هەر لە دەوری ئەو ناوەڕۆکە دەسوڕێنەوە کە ئەم پێناسانە هەڵیانگرتووە، بەڵام بە تێڕوانینی سروشتی وشەی لێکدراو و ناوەڕۆکی ئەم پێناسانە ئەو تێبینیانە دێنە ئاراوە:

١- نابێت چەمکی لێکدراو بە شێوەیەك پێناسەبکرێت لەگەڵ چەمکی وشەی ئاڵۆزدا تێکەڵبێت، چونکە تێڕوانینی پێناسەی دووەم بەوەی بەلایەنی کەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدابێت، پێکهاتەکە بەلای وشەیەکی ئاڵۆزدا دەبات، لەبەر ئەوەی کۆنتێکستی پێناسەکە ئەوەمان پێدەڵێت، کە دەشێت لە لێکدراودا زیاتر لە دوو وشەی واتادار هەبێت.

٢- نابێت ناوهێنانی (زیادە) وەك لە پێناسەی یەکەمەوە دیارە، ئاراستەی پێناسەکە بەرەو ئەوە ببات، کە زیادەکە بە لای یەکێك لە دوو وشە واتادارەکەدا بکەوێت، بەوەی لێکدراو لە پێکهاتەیەکی دارێژراو و وشەیەکی سادەی واتادار پێکبێت، چونکە ئەو کاتە وشەی ئاڵۆز پێکدێت نەك لێکدراو.

٣- ئەو پێناسەیەی مەسعود محەمەد بۆ لێکدراو کردویەتی زۆر گشتییە و لە پەنای ئەو گشتگیریەشدا دەکرێت چەند وردکارییەك بخرێتەڕوو. پێناسەکە ژمارەی بۆ وشە واتادارە پێکهێنەرەکانی لێکدراو دانەناوە و لە بارەی زیادە بێ واتاکانیشەوە ئاماژەی بەوە نەداوە،

که ئەم زیادانە بە لای وشەکانەوەن یان خۆیان پێکهێنەری لێکدراوەکەن، چونکە ئەمە یەکێکە لەو بابەتانەی وشەی لێکدراو و ئاڵۆزی پێ جیادەکرێتەوە.

گونجاوترین پێناسە بۆ لێکدراو بە بۆچوونی ئێمە ئەو پێناسەیەیە، کە پێی وایە وشەی لێکدراو لە دوو وشەی سەربەخۆی واتادار پێکدێت، چونکە چەمکی لێکدراو خۆی ئەوە دەگەیەنێت، کە پێکهاتەکە لە کۆی دوو وشەی واتادارەوە پێکدێت نەك زیاتر، بەڵام پێویستە تایبەتمەندییەکانی لە زمانی کوردیدا بە هەندوەربگرین بە تایبەتی لە بارەی ئەوەی، کە زۆرجار لە ئاستی سەرەوەی وشە لێکدراوەکاندا گیرەکێکی ڕێزمانی دەبێتە پێکهاتەیەکی دیکە لە پاڵ دوو وشە واتادارەکەدا.

بۆ پێناسەکردنی چەمکی لێکدراو لە ڕووی بابەتی سینتاکسی وشەوە پێویستە لێکدراو لە هەر دوو ئاستی سەرەوە و خوارەوەدا لێکبدرێتەوە. بەشێکی سەرچاوەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە لێکدراو بریتییە لە یەکگرتنی دوو وشە بۆ دروستکردن یان بەرهەمهێنانی وشەیەکی تازە. ( Ingo Plag (2002: 170

ئەم پێناسەیە لەسەر دوو بنەما وەستاوە:

١- وشەی لێکدراو تەنها لە دوو پێکهێنەر پێکدێت.

٢- دوو پێکهێنەرەکان وشەن.

سەبارەت بە بنەمای یەکەم:

بە پێی بنەمای یەکەم هەموو وشەیەکی لێکدراو پێکهاتەیەکی سەربەخۆیە و خودی پێکهاتەکە لە کۆی دوو پێکهێنەرەکە هاتووە، جۆری کەتیگۆریی پێکهاتەکە دەبێتە دیوی دەرەوەی پێکهاتەکە و پەیوەندیی پێکهێنەرەکانیش لە پێکهێنانی پێکهاتەکە دەبێتە دیوی ناوەوە. کاتێك دوو پێکهێنەرەکە یەکدەگرن دوو ئەگەر دەهێننە ئاراوە: یەکەمیان: یان واتای پێکهاتەکە لە کۆی واتای پێکهێنەرەکانەوە دێت. دووەمیان: یان واتای لێکدراوەکە لە کۆی دوو پێکهێنەرەکانییەوە نایەت.

هەر سەبارەت بە بنەمای یەکەم پێویستە ئەوە بگوترێت، کە بە پێی ئەوەی زمانی کوردی لە پۆلی زمانە تێکچڕژاوەکاندایە بۆیە لە پرۆسیسی لێکدان و پێکهێنانی وشەی لێکدراودا زۆرجار زیادەیەك دێتە نێوان پێکهێنەرەکانی لێکدراوەکەوە، ئەمە زیاتر پەیوەندیی بە گوێزانەوەی وشە لێکدراوەکەوە هەیە لە ئاستی خوارەوە بۆ سەرەوە نەك پەیوەندیی بە بەرهەمهێنانی وشە لێکدراوەکەوە هەبێت، کە دواتر ئاماژەی پێدەدەین.

سەبارەت بە بنەمای دووەم:

بە پێی بنەمای دووەمی پێناسەکە پێویستە هەر یەکێك لە دوو پێکهێنەرەکانی لێکدراوەکە وشەبن. لە وەرگرتنی ئەم پێناسەیە بۆ شیکردنەوەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا پێویستە ڕەچاوی واتای پێکهێنەرەکان بکرێ نەك فۆڕمی پێکهێنەرەکان، چونکە بنکەی بەند (ڕەگی کار) لە ڕووی فۆڕمەوە بەندە، بەڵام لە ڕووی واتاوە سەربەخۆیە بۆیە پێویستە بنکە بەندەکە هەمان مامەڵەی وشەی سەربەخۆی لەگەڵدا بکرێت.

## ٣ – ٢ سروشتی پێکهاتەی وشەی لێکدراو

### ٣ – ٢ – ١ وشەی لێکدراو لە ڕووی ڕوخسارەوە

وشە ناسادەکان بە داڕێژاو و لێکدراو و ئاڵۆزەوە کەرەسەی ڕوونن لە ڕووی واتاوە. پێویستە ئەم لایەنەی وشە ناسادەکان بە شێوەیەکی گشتی لێکبدرێتەوە، چونکە واتای وشە ناسادەکان بە پێی بنەمای پێکهاتەی سەرە سەرەناوەکی (Endocentric) و سەرە سەرەدەرەکی (Exocentric) ڕووندەکرێتەوە.

بە هەمان شێوەی وشەی داڕێژراوەوە وشە لێکدراوەکانیش خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆیین، واتە هەموو پێکهاتەیەکی لێکدراو لە کۆی چەند پێکهێنەرێکەوە دێت، بەهای خودی پێکهاتەکە لە کۆی پێکهێنەرەکان دایە. بەم پێیە هەموو لێکدراوێك پێکهاتەیەکی سەربەخۆیە. هەموو پێکهاتەیەکیش لە چەند پێکهێنەرێك پێکهاتووە. کە دەگوترێت لە چەند پێکهێنەرێك پێکهاتووە پێویستە دوو ئەگەر لەبەرچاوبگیرێت:

١- یان لێکدراوەکە لە دوو پێکهێنەر پێکدێت، هەر دوو پێکهێنەرەکە وشەیەکی سەربەخۆی واتادارن.

٢- یان لە سێ پێکهێنەر پێکدێت، بە مەرجی ئەوەی یەکێك لە پێکهێنەرەکان زیادەیەکی گراماتیکییە و دوو پێکهێنەرەکەی دیکەش وشەیەکی سەربەخۆی واتادارن.

بۆ نموونە:

وشەی (چاوڕەش) لە ڕووی بەشەئاخاوتنەوە ئاوەڵناوە، پێکهاتەکە بە دوو پێکهێنەر پێکهاتووە، بەم شێوەیە:




بەم پێیە وشە لێکدراوەکە چ لە ڕووی ڕوخسارەوە چ لە ڕووی واتاییەوە لە کۆی هەر دوو پێکهێنەرەکەوە هاتووە، هەروەها لە نووسینەوەی یاسای پێکهاتەکەشدا پێویستە هەر یەکێك لە پێکهێنەرەکان بە تەنها بخرێتە نێوان کەوانەی پێکهێنانەوە. بەم شێوەیە:



وشەی (**بەردەنوێژ**) پێکهاتەیەکی لێکدراوە. ئەم پێکهاتەیە لە سێ پێکهێنەر پێکهاتووە، بەم شێوەیە:




پێکهاتەی (**بەردەنوێژ**) لە ڕووی ڕوخسارەوە لە کۆی ئەو سێ پێکهێنەرە پێکهاتووە. لە شیکردنەوەی ئەم جۆرە وشانەدا پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگیرێت، کە:

١- تەنها ئەو دوو پێکهێنەرەی، کە وشەی سەربەخۆی واتادارن کرۆکی وشە لێکدراوەکەن.

٢- زیادەکە تەنها ئەرکێکی ڕێزمانی هەیە و بەشێك نییە لە لێکدراوەکە، بۆیە لە شیکردنەوەی ئێکسباریانەی وشەکەشدا ئەگەرچی ئەم گیرەکە لە جێکەوتەیەکدا دەبێتە سەرە، بەلاّم سەرەیەکی ئەرکی نەك فەرهەنگی، بۆیە لە ئاستی واتاییدا نابێتە پێکهێنەرێکی پێکهاتە لێکدراوەکە.

٣- پێویستە لە یاسای نووسینەوەی لێکدراوەکەشدا ئەم تێبینییە بە هەند وەربگیرێت و گیرەکە ڕێزمانییەکە وەك هەر پێکهێنەرێکی دیکەی لێکدراوەکە بە تەنها بخرێتە نێوان کەوانەی پێکهێنەرەوە. وەك لە نووسینەوەی یاسای ئەم نمونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:




ئەم گیرەکە لە بنەڕەتدا بریتی نییە لە فۆڕمی (ە) بەڵکو لە کاتی گوێزانەوەی وشە لێکدراوەکە بۆ ئاستی سەرەوە ئەم فۆڕمەی وەرگرتووە، چونکە لە هەندێك شوێن (ی) و لە هەندێك شوێنی دیکەشدا (بۆ)یە، بۆ نمونە:

لەم نمونەی سەرەوەدا (بۆ)یە، چونکە (**بەردەنوێژ**) واتە (**بەرد بۆ نوێژ**) بەلاّم لە لێکدراوی (**ڕەشەبا**)دا زیاتر بە لای (ی)دا دەچێت واتە بریتییە لە (**بای ڕەش**) .

## ٣ – ٢ – ٢ وشەی لێکدراو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

ئەگەر پێکهاتەی هەموو لێکدراوێك لە ڕووی ڕوخسارەوە لە کۆی پێکهێنەرەکانییەوە بێت، ئەوا ئەمە مەرج نییە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ڕاست بێت، چونکە یەکێك لە کێشە هەرە زەقەکانی شیکردنەوەی وشەی لێکدراو لە ڕووی واتاییەوە ئەمەیە، بۆیە ئەمەی سەرەوە دوو خاڵی لێدەکەوێتەوە:

١- یان واتای وشە لێکدراوەکە لە کۆی وشە واتادارە پێکهێنەرەکانیەوە دێت، بە واتایەکی دیکە واتای لێکدراوەکە بە زانینی واتای پێکهێنەرەکانیەوە پێشبینیدەکرێت، وەك: وشەی **(چاوکاڵ)** کە واتای وشە لێکدراوەکە وەك پێکهاتەیەك لە کۆی هەر دوو وشەی **(چاو)** و **(کاڵ)** هاتووە.

٢- یان واتای وشە لێکدراوەکە مەرج نییە لە کۆی پێکهێنەرەکانییەوە هاتبێت. (Fromkin & Rodman 2003: 94) وەك وشەی لێکدراوی **(دەستدرێژ)**.

بەم جۆرە پێویستە لە پێناسەکردنی وشەی لێکدراودا پێناسەکە هەر دوو لایەنی دەرەوە و ناوەوەی پێکهاتە رەنگبداتەوە. ئەم لایەنە لە شیکردنەوەی وشەی لێکدراودا دەمانباتەوە بۆ بابەتی لێکدراوی سەرە سەرەناوەکی و لێکدراوی سەرە سەرەدەرەکی.

## ٣ – ٣ وشەی لێکدراوی ئێندۆسێنتریك و ئێکسۆسێنتریك

ئێندۆسێنتریك ئەو وشانەن کە سەرە ناوەکین، واتا لە کۆی هەر دوو پێکهێنەری وشە لێکدراوەکەدا یەکێك لە وشەکان سەرەی پێکهاتەکە پێکدێنێت و وشەکەی دیکەش دەبێتە دیارخەری بە پێی ئەم هێڵکارییەی خوارەوە:




هەر وشەیەکی پێکهێنەری لێکدراوەکە شوێنی ($X^m$) بگرێت، ئەوا سەرەی وشە لێکدراوەکە پێکدەهێنێت، پێکهێنەرەکانی دیکەی لێکدراوەکە لە شوێنی هەر یەکێك لە چاڵەکانی دیکەی هێڵکارییەکە بێن ئەوا دەبنە دیارخەری سەرەکە، بەمەش لێکدراوەکە دەبێتە لێکدراوێکی سەرە ناوەکی (ئێندۆسێنتریك) بەڵام پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت، کە ئەو وشە لێکدراوانەی لە گوێزانەوەیان بۆ ئاستی سەرەوە پێکهێنەرێکی ئەرکییان بۆ زیاددەبێت ئەوا هێڵکارییەکە دەگۆڕێت بۆیە دەکرێت بە دوو شێوە پیشانبدرێت:



لـە نمونـەی یەکەمـدا وشـە لێکدراوەکـە دوو کەرتییـە، بۆیـە ڕاسـتەوخۆ بەسـەر دوو پێکهێنەرەکـە دابەشبووە، کە یەکەمیان سەرەکەیەتی (واتە: دار) ئەوەی دیکەشیان دیارخەرەکەیەتی (واتە: سێو)، بەڵام لە نمونەی دووەمدا لەو ڕاستەهێڵەی کە سەرەی وشە لێکدراوەکە دەنوێنێت ڕاستەهێڵێکی دیکە هاتۆتە خوارەوە بۆ دەستنیشانکردنی گیرەکە ئەرکییەکە، بۆیـە لـە هـەر دوو جۆرەکەدا سـەرە ناوەکییەکە (کە سەرەیەکی لێکسیکی و ڕێزمانییە) وەك خۆی ماوەتەوە. مەرج نییە گیرەکی ڕێزمانی (ە) هەمیشە بەلای سەرەی وشەکەدا بکەوێت، چونکە لە نمونەی (**شەکرەسێو**)دا کـەرتی (**سێو**) سـەرەیە و لـە شیکردنەوشـیدا (ە) بەلای کەرتە دیارخەرەکەدا دەکەوێت.




لە شیکردنەوەی نمونەی (**شەکرەسێو**)دا بە هێڵکاری ئێسکیبارپیانە پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێـت کە هەمان ئەنجامی هێڵکارییەکەی پێشەوە بەدەستەوە بدات، چونکە ئەم وشەیە وشەیەکی سەرەدارە و نابێت لـە کـاتی شیکردنەوەی ئێکسبارپیانەی وشـەکە پایـەی سـەرە گشتییەکەی وشـەکە کـە (دار)ە بـۆ گیرەکە ئەرکییەکە بەجێبهێشترێت. وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:




بە پێی هێڵکارییەکە دەبێت سەرەی لێکدراوەکە شوێنەکەی لە ڕووی سەرەوە بۆ هـیچ پێکهێنـەرێکی دیکە بەجێنەهێڵێت، واتـە ئەگـەر (X'') پێکهاتـەی دیـوی دەرەوەی پێکهاتـە لێکدراوەکـە بێـت ئـەوا (X') وەك پێکهاتەیەك بۆتە پێکهێنەرێکی پێکهاتە گشتییەکە، وەك لە شیکردنەوەی نمونەکەدا دیارە:



به پێی هێڵکارییەکە لە جێکەوتەی ناوەندا، کە پێکهاتەی (دار + ە) پڕیکردۆتەوە (ە) سەرەیەکی ئەرکییە و بەلای (دار)دا دەکەوێت، بەلام لە جێکەوتەی نزمدا، کە (دار) پڕیکردۆتەوە خودی وشە پێکهێنەرەکە (واتە: دار) سەرەی وشە لێکدراوەکەیە، بۆیە بەهەر یەکێك لەو دوو هێڵکارییە بنوێندرێت (دار) سەرەی وشەی لێکدراوەکەیە، بەلام پێویستە (ە) لە نوسینەوەی یاساکەدا بخرێتە نێوان کەوانەی پێکهێنانەوە و دواتر بە ئاماژەیەك بگەیەندرێت بە وشەی (دار) وەك لەم یاسایەی وشەکەدا خراوەتەوەڕوو:




(ە) لەم نمونەی لەم جۆرەدا زیاتر بەر چەمکی ناوبەند دەکەوێت (واتە ئەوەی لە سەرچاوەکان پێیگوتراوە: ئینتەرفیکس) زیاتر لە پرۆسەی لێکداندا دەبیندرێت و هاریکاری دەکات لە دروستبوونی وشەی لێکدراودا و دەکرێت پێیان بگوترێت مۆرفیمی پەیوەندی، ژمارەیان زۆر نییە وەك: (ە ، و ، ەو ، او ، ان ، بە ) وەك لە نمونەکانی (مزرەسێو، هێلکەوڕۆن، بانەوبان، ڕەنگاوڕەنگ، بەرانبەر، چاوبەکل) دا دەردەکەوێت.(بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٨٧: ٤١-٤٢) لە کۆی ئەم مۆرفیمانەدا هەر یەکە لە ناوبەندی (ە ، بە) لە لێکدراوی سەرەناوەکیدا دەردەکەون، بەلام ناوبەندەکانی دیکە زیاتر لە لێکدراوی سەرەدەرەکیدا دەردەکەون، چونکە هیچ پەیوەندییەکی دیارخەری و دیارخراوی لە نێوان دوو پارچەکانی لێکدراوەکەدا دروستناکەن.

ئێکسۆسێنتریك ئەو وشە لێکدراوانە دەگرێتەوە، کە سەرە دەرەکین، واتە هیچ کام لە وشە پێکهێنەرەکانی پێکهاتە لێکدراوەکە ناتوانێت سەرەی پێکهاتەکە بگرێت، چونکە سەرەکە بەسەر هەر دوو پێکهێنەرەکە دابەشدەبێت.

وشەی لێکدراوی بەستراو (Copulative Compounds)، نمونەی زەقی ئەم جۆرە وشانەن لە زمانی کوردیدا، کە ناتوانرێت هیچ کام لە دوو پێکهێنەرەکانی بە سەرە دابنرێت. وشەی لێکدراوی بەستراو ئەو وشە لێکدراوانە دەگرێتەوە، کە بە هۆی گیرەکی (و)ی بەستنەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، بۆ نمونە: گەنم و جۆ، بوك و خەسو، هێلکە و ڕۆن، گورج و گۆڵ، نەرم و نۆڵ، پەرت و بلاو، ڕەق و تەق، کەس و کار، شۆخ و شەنگ، دەم و دەست، زەبر و زەنگ، دەرودراوسێ، گیروگرفت، شڕ و پڕ، کەڕو و لاڵ، ترس و لەرز.... تد. هەروەها ئەو وشانەی کە بە هۆی هەر یەکە لە ناوبەندەکانی (ەو ، او ، ان) دروستدەبن بە هەمان شێوە دەکرێت هەمان ئەو نرخەیان هەبێت.

پێکهاتەی ئەم جۆرە وشانە هاوشێوەی وشە لێکدراوەکانی دیکە نییە، چونکە لە وشە لێکدراوە سەرەدارەکاندا وشەیەك لە نێوان وشە پێکهێنەرەکانی پێکهاتەکەدا دەبێتە دیارخراو، ئەو پارچەیەش کە دەبێتە دیارخراو قورسایی پێکهاتەکە هەڵدەگرێت بۆیە دەبێتە سەرەی وشە لێکدراوەکە، بەلام لە وشە لێکدراوە بەستراوەکاندا هیچ کام لە پێکهێنەرەکان ئەو ڕۆڵە نابینن. هەر دوو لای کەرتەکانی وشەی لێکدراوی بەستراو هەمان نرخ و پایەیان هەیە، بۆ نمونە ئەگەر:

(**شۆخ و شەنگ**) = ص

(**شۆخ**) لە (**شۆخ و شەنگ**) = س

ئەوا:

(**شەنگ**) لە (**شۆخ و شەنگ**) - س

واتە: نرخی (**شەنگ**)یش بریتییە لە (س) و نابێتە (ع)، بۆیە ئەم جۆرە وشە لێکدراوانە هەمیشە وشەی لێکدراوی سەرە سەرەدەرەکین، واتە هەر دوو کەرتی وشەکە سەرەی وشە لێکدراوەکەن و نابێت لەیەکدابپڕێندرێن، ئەگەرچی:

١- وشەی لێکدراوی وا هەیە هەر تەنها کەرتی یەکەمی واتادارە، وەك: **نەرم و نۆڵ**، بەم شێوەیەش بێت دەبێت کەرتی یەکەمی ئەم جۆرە وشانە لە ڕووی پایە و گرنگییەوە گرنگترین لە کۆی وشە لێکدراوەکەدا.

٢- لەم جۆرە وشانەدا بە ئاشکرا دیارە، کە پارچەی یەکەمی وشەکە زەقترە و ناتوانرێت بە پارچەی دووەمی وشەکە بگۆڕدرێتەوە، چونکە ئەم شوێنگرتنەی کەرتەکان چۆتە فەرهەنگی زەینی ئاخێوەران (Mental Lexical)ەوە بۆ نمونە هەمیشە دەگوترێت: **بوك و خەسو، گیر و گرفت، مشت و مڕ** ناتوانرێت بگوترێت: **خەسو و بوك، گرفت و کێشە، مڕ و مشت** .... تد.

بۆیە ئەم جۆرە وشانە لە ڕووی داڕشتن بەرهەمهاتنیانەوە وشەی بێ سەرەن و (پەیوەندیی نێوان کەرتەکانیشیان پەیوەندیی هاوبەشی و هاوشانییە لە ئاستدا). (Geert Booij 2007: 80)

بەم پێیە لە نووسینەوەی یاسای پێکهێنانی ئەم جۆرە وشانەدا ئاساییە وشە پێکهێنەرەکان بخرێنە ناو کەوانەی پێکهێنانەوە، بەڵام ناتوانرێت بە وشەی سەرە و دیارخەر بنوێندرێن بەڵکو پێویستە هەردووکیان بە هەمان نرخەوە بنووسرێنەوە.

ئەگەر وشە لێکدراوە سەرەدارەکان بە پێکهێنەری دیارخەر و دیارخراو شیبکەینەوە، ئەوا دیارخراو سەرەی وشەکە پێکدێنێت، چونکە دیارخەر لە خزمەتی دیاخراوەکەدا دەبێت، چونکە (وشەی لێکدراو هەمیشە دوو بەش دەگرێتەخۆی، وشەیەکی سەرەکی و وشەیەکی شوێنکەوتوو، کە بە دەستور یان یاسای شوێنکەوتن و گەڕانەوە پێکدێت، واتە وشەیەکیان سەر بە وشەکەی دیکەیە، ئەم پەیوەندیی و پەیوەستدارییە شوێنکەوتەیە سنور بۆ واتا و ڕێزمانی وشە لێکدراوەکە دادەنێت) (کوردستان موکریانی ١٩٨٦: ٣٨ – ٣٩) زۆربەی ئەو جۆرە وشانەی بەم شێوەیە دروستدەبن شێوە پێکهاتنێکی فرەیزیان هەیە لە ڕووی قالبی دروستبوونەوە، واتە بە شێوەی دیارخەر و دیارخراو دروستبوون، کە واتای وشەکە لە کۆی واتای پێکهێنەرەکانییەوە دێت. بۆ نمونە: ئەگەر لە وشەکانی (**دارسێو، دارخورما، دارچنار، دارگوێز** ..... **تد**) وردببینەوە ئەوا هەر یەك لەو وشانە بە پێی یاساکانی فرەیز پێکهاتون لە دیارخراو و دیارخەرێك. کەرتی یەکەمی وشەکە دیارخراوەکە پێکدێنێت و کەرتی دووەمیشی دیارخەرەکە.

زۆربەی زۆری ئەو سەرچاوانەی باسی ئیندۆسێنتریک و ئێکسۆسێنتریکیان کردووە، ئیندۆسێنتریک و ئێکسۆسێنتریکیان بە بابەتی هایپۆنیم (گرتنەوە) بەستۆتەوە لە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی وشەی لێکدراوی سەرەناوەکی و لێکدراوی سەرەدەرەکی، چونکە ئەگەر ئەو کەرتەی سەرەی وشەکە پێکدێنێت نەتوانێت شوێنی تەواوی وشە لێکدراوەکە بگرێتەوە ئەوا بە لێکدراوی سەرەدار دانانرێت، چونکە (سەرەی وشەکە هەمیشە شوێنی وشە لێکدراوەکە دەگرێتەوە). (Crystal 2003: 161) بۆ نمونەی لەم نمونانەی سەرەوە کەرتی (دار) سەرەی وشەکان پێکدێنێت و دەتوانێت لە پەیوەندییەکی هایپۆنیمیدا شوێنی هەموو وشەکە بگرێتەوە، واتە لێکدراوی ئیندۆسێنتریک وشەکەی بەوە کۆتکردووە، کە دەبێت وشەکە جۆرێك بێت لە سەرەکە. بۆ نمونە لە زمانی ئینگلزیدا (apple pie) وشەیەکی لێکدراوی ئیندۆسێنتریکە چونکە کەرتی (pie) سەرەی وشەکە پێکدێنێت و کەرتی (apple) دیارخەرەکەیەتی یان بە واتایەکی دیکە کەرتی (pie) هایپرۆنیمی هەموو وشە لێکدراوەکەیە، چونکە (apple pie) جۆرێکە لە (pie). (INT 3 : 120)

بە پێچەوانەوە وشەی لێکدراوی (cottontail) ئێکسۆسێنتریکە، چونکە هیچ کەرتێکی وشەکە ناتوانێت سەرەی وشە لێکدراوەکە بگرێت، واتە واتای وشەکە پێماندەڵێت کە (cottontail) جۆرێك نییە لە (tail). واتە: (cottontail) جۆرێك نییە لە کلکێك کە لە لۆکە پێکهاتبێت، بەڵکو بۆ وەسفکردنی ناوی جۆرە کەروێشکێکە کە کلکێکی توك قاوەیی یان خۆڵەمێشی هەیە. (INT 2: 12)

بە بۆچوونی ئێمە ئەم جۆرە دابەشکردنە بۆ دەستنیشانکردنی زمانی کوردی ناگونجێت، چونکە پارامیتەری سەرەی وشە لێکدراوەکان لە زمانی کوردیدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ڕوونبکرێتەوە:

١- لە زمانی ئینگلیزیدا وشەیەکی وەکو (pickpocket) بە لێکدراوی ئێکسۆسێنتریك دادەنرێت، چونکە (pickpocket) جۆرێك نییە لە (pocket) بەڵکو بۆتە ناوی بکەر و بە کەسێك دەگوترێت کە گیرفانی خەڵك دەبڕێت(Ibd: 12) ئەم وشەیە لە کوردیدا کە دەکاتە (گیرفانبڕ) بە لێکدراوی بێ سەر (non – headed compound) دانراوە (کەمال میراودەلی ٢٠٠٧: ١٣٢) بە پاساوی ئەوەی (گیرفانبڕ) جۆرێك نییە لە (گیرفان) یان جۆرێك نییە لە (بڕین) بەڵکو ناوە بۆ کەسێك، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا ئیندۆسێنتریکە، چونکە پێکهاتەی ڕێزمانیی وشە لێکدراوەکە پێماندەڵێت کەرتی (بڕ) لە وشە لێکدراوەکە سەرەی وشەکە پێکدێنێت و کەرتی (گیرفان)یش دیارخەرەکەیەتی، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم وشە لێکدراوە لە فرەیزی (بڕینی گیرفان)ەوە وەرگیراوە و ئەم حاڵەتە ڕێزمانییەی پێدراوە، بۆیە کەرتی (بڕ) سەرەیەکی ڕێزمانییە، ئەمە بێجگە لەوەی کە کەرتی (بڕ) لە لێکدراوەکەدا هێزدارە و هێزی وشەکەی کەوتۆتەسەر.

٢- لە زمانی ئینگلیزیدا کام کەرتی وشە لێکدراوەکە سەرەی وشەکە بگرێت ئەوا ئەو کەرتە بێجگە لەوەی کەتیگۆری وشە لێکدراوەکەش دەستنیشاندەکات، هەموو حاڵەتێکی گراماتیکی دەچێتە سەر سەرەکە، بۆ نمونە لە وشەیەکی وەکو (laser printer) دا کەرتی (printer) سەرەی وشە لێکدراوەکە دەگرێت، لە هەمان کاتدا هەر کاتێك ئەم وشە لێکدراوە بخرێتە فۆرمێکی گراماتیکییەوە بەوەی گیرەکێکی ڕێزمانی بۆ زیادبکرێت ئەوا ڕاستەوخۆ دەچێتەسەر کەرتی سەرە و دەبێتە (laser printers) (INT1:11) وەك ئەوەی لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا پیشاندراوە:




له وشەی لێکدراوی کوردیدا مەرج نییە سەرەی وشەی لێکدراو هەمیشە ئاوا ڕەفتاربکات، چونکە هەموو کاتێك گیرەکە ڕێزمانییەکان بۆ پیشاندانی حاڵەتی ڕێزمانی وشە لێکدراوەکە مەرج نییە بچێتە سەر کەرتی سەرە لە وشە لێکدراوەکەدا، بۆ نمونە: لە وشەی (**دارگوێز**)دا کەرتی (دار) سەرەی وشە لێکدراوەکە پێکدێنێت، بەڵام ئەگەر وشە لێکدراوەکە بخرێتە حاڵەتێکی ڕێزمانی بۆ نمونە: کۆ، ناسراوی یان نەناسراوی، ئەوا گیرەکە ڕێزمانییەکەی تایبەت بەم حاڵەتانە هەمیشە دەچێتە کۆتایی وشە لێکدراوەکە و بنەمای لکان بە سەرەی وشەکە لەبەرچاوناگرێت و دەبێتە (**دارگوێزەکە**) وەك لەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو:




٣- هەندێك لە سەرچاوەکان وایان لێکداوەتەوە، کە کەتیگۆری وشە لێکدراوەکە یەکسانە بە کەتیگۆری ئەو وشەیەی سەرەی لێکدراوەکە پێکدێنێت، واتە سەرە هەڵگری چ کەتیگۆرییەك بێت ئەوا پێکهاتەی لێکدراوەکەش هەمان کەتیگۆری هەیە، ئەگەر سەرە ناو بێت ئەوا وشە لێکدراوەکەش ناوە. هەروەها بڕوانە: (Selkirk 1982: 19 - 20 : INT 2: 9) بەڵام ئەم ڕەفتارەی سەرە و پێکهاتەی وشەی لێکدراو لە شیکردنەوەی وشەی لێکدراوی زمانی کوردیدا مەرج نییە وەك خۆی بێتەوە، بۆ نمونە بنکەی بەند (ڕەگی کار) لە بوون بە سەرەی وشەی لێکدراودا کارایە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە کەتیگۆری وشە لێکدراوەکە هەمان کەتیگۆری ڕەگی کارەکەیە کە زیاتر دەچێتە خانەی کارەوە. بۆ نمونە:




لەم نمونەیەی سەرەوەدا (تاش) کە بنکەی بەندە سەرەی وشەکەی گرتووە، کەچی وشەی (دارتاش) لە ڕووی کەتیگۆرییەوە ناوە (ناوی بکەر) بۆیە مەرج نییە کەتیگۆری وشەی سەرە لە لێکدراودا یەکسان بێت بە کەتیگۆری وشە لێکدراوەکە.

## ٣ — ٤ ئەگەرەکانی وشەی لێکدراو

### ٣ — ٤ — ١ ئەگەرەکانی ناوی لێکدراو

ناوی لێکدراو بە پێی پێناسەی وشەی لێکدراو بێت لە زمانی کوردیدا بە پێی ئەم ئەگەرانەی خوارەوە پێکدێت:

-١

$$N \longrightarrow N + N$$

$$[\ ]_N \longrightarrow [[\ ]_N [\ ]_N]_N$$

لە وشە لێکدراوەکانی (**شاهەنگ، بەفراو، گوڵاو، گاسن** ...... **تد**) کەرتی دووەمی لێکدراوەکە سەرە پێکدێنێت و دەکرێت بەم هێڵکارییە پیشانبدرێت:




بەشێکی زۆری ئەم جۆرە وشەلێکدراوانە بە قالبی فرەیز پێکهێنراون، بەڵام لە کاتی گوێزانەوەیان لە ئاستی خوارەوە بۆ ئاستی سەرەوە ئاڵوگۆڕ بە شوێنی کەرتەکانیان کراوە و کەرتی دیارخەر پێش کەرتی دیارخراو کەوتووە، بۆیە کەرتی دووەمی لێکدراوەکە سەرەی وشەکە دەگرێت.

-٢

$$N \longrightarrow Adj + N$$

$$[\ ]_N \longrightarrow [[\ ]_{Adj} + [\ ]_N]_N$$

وشـەکانی (ڕەشماڵ، ڕەشمـار، زەرداو، خۆشـناو .... تـد )نمونـەی ئـەو نـاوە لێکدراوانەیە، کە بە پێی یاساکەی سەرەوە بەرهەمهاتوون. کەرتی دووەمی ئەم لێکدراوانە سەرەی وشەکە پێکدێنێت، وەك لـەم هێڵكارییەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:




-٣

$$N \longrightarrow Adv + N$$
$$[\ ]_N \longrightarrow [[\ ]_{Adv}\ [\ ]_N]_N$$

نمونەی ئەم جۆرە ناوە لێکدراوە وەك: بن پیاڵە، پێشنوێژ ... تد. کەرتی دووەمی ئەم ناوەلێکدراوانە سەرەی وشەلێکدراوەکان پێکدێنێت، بە هەمان هێڵكارییەکەی پێشەوە دەنووێندرێت، وەك:




-٤

$$N \longrightarrow N + V$$
$$[\ ]_N \longrightarrow [[\ ]_N\ [\ ]_V]_N$$

نمونەی ئەم جۆرە وشە لێکدراوانە بریتین لـە: دارتاش، جلدروو، پیلانگێر، سەرتاش ...تـد. ئەم جۆرە وشانە دوو تێبینی هەڵدەگرن:

١- بەشێکی زۆری ئەم جۆرە ناوە لێکدراوانە ناوی بکەرن، کە پیشەیەك پیشاندەدەن.

٢- کەرتی دووەمی وشەلێکدراوەکان سەرەی وشـەکە پێکدێنن، واتـە ڕەگی کار دەبێتـە سـەرەی وشەلێکدراوەکە نەك ناوەکە، وەك لەم هێڵكارییەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




هـەموو ئـەو وشـە لێکدراوانـەی بـە پێـی ئـەم چـوار یاسـایەی سـەرەوە بەرهەمـدێن، لـە تایبەتمەندییەکانیان ئەوە دەبینرێت کە سەرە کۆتان، واتە کەرتی دووەمی وشەلێکدراوەکە سەرەی وشەلێکدراوەکە پێکدێنێت.

٥-

$$N \longrightarrow N + Af + N$$

$$[\ ]_N \longrightarrow [[\ ]_N [\ ]_{Af} [\ ]_N ]_N$$

نمونەی ئەم جۆرە وشانە وەك: **چەرمەگا، گوڵەگەنم، مانگەشەو، بەردەنوێژ**... تد. ئەم جۆرە وشانە بە دوو تێبینی جیادەکرێنەوە:

١- بە قالبی فرەیز بەرهەممهاتوون، جیاوازییان لەگەڵ وشەکانی دیکەی پێشتر ئەوەیە کە کەرتی یەکەمی وشەکان سەرەی پێکهاتەکان پێکدێنێت.

٢- وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، گیرەکەکە لە جێکەوتەیەکدا سەرەیەکی ئەرکی دەنوێنێت، وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا پیشاندراوە:




٦-

$$N \longrightarrow N + Af + Adj$$

$$[\ ]_N \longrightarrow [[\ ]_N [\ ]_{Af} [\ ]_N ]_N$$

نمونەی ئەم جۆرە وشانە بریتین لە: **کێڵەشین، مێرگەسوور**... تـد. کەرتی یەکەمی ئەم جۆرە وشانە سەرەی وشە لێکدراوەکە پێکدێنێت، وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوە خراوەتەڕوو:




-٧

$$N \longrightarrow Adj + Af + N$$

$$[\ ]_{N} \longrightarrow [[\ ]_{Adj} [\ ]_{Af} [\ ]_{N} ]_{N}$$

نمونەی ئەم جۆرە وشانە بریتین لـە: **ڕەشەبا، سەوزەگیا، تەڕەپیاز، شـۆڕەبی** ...تـد. ئەم جۆرە وشانە تێبینی ئەوە هەڵدەگرن، کە:

١- لـە بنەڕەتـدا ئـەم وشـانە بـە قـالبی فرەیزێکـی ئاسـایی بەرهـەمهاتوون، بـەڵام لـە گوێزانـەوەدا ئاڵوگۆڕ بە شوێنی کەرتەکانیان کراوە، چونکە ئاوەڵناوەکە چۆتە پێشەوە.

٢- کەرتی دووەمی ئەم جۆرە وشـانە سـەرەی وشـەلێکدراوەکە پێکدێنێت، وەك لـەم هێڵکارییـەی خوارەوەدا پیشاندراوە:



-٨

$$N \longrightarrow Nu + N$$

$$[\ ]_N \longrightarrow [[\ ]_{Nu.}[\ ]_N]_N$$

نمونەی ئەم جۆرە ناوە لێکدراوانە وەك: **سێ گا، چوارگا، هەزارپێ، هەزارمێرد** .... **تد**. کەرتی دووەمی ئەم جۆرە وشانە سەرەی لێکدراوەکە پێکدێنێت، وەك لەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو:




-٩

$$N \longrightarrow N_{com} + Af$$

$$[\ ]_N \longrightarrow [[[\ ]_N[\ ]_V]\ [\ ]_{Af}]_N$$

نمونەی ئەم جۆرە وشانە وەك: **ماسیگرە** ... **تد**. لە پێکهاتنی ئەم جۆرە وشانەدا دیارە، کە گیرەکەکە سەرەی وشە لێکدراوەکە پێکدێنێت، چونکە واتای وشەلێکدراوەکە بە گیرەکەکەوە هاتۆتەئاراوە، بەڵام لە جێکەوتەی ناوەندا ڕەگی کار (گر) سەرەی ناوە لێکدراوەکە پێکدێنێت، وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوە خراوەتەڕوو:




گیرەکی (ە) فۆرمێکی تازەی بە واتایەکی تازە و بە هەمان کەتیگۆری بەرهەمهێناوە، واتە ئەگەر (گر) ناوی پیشەیەکی بە سیمای جیاکەرەوەی (+ مرۆڤ) لە جێکەوتەی ناوندا بەرهەمهێنابێت، ئەوا گیرەکەکە ناوێکی تازەی بە سیمای جیاکەرەوەی (− مرۆڤ) لە جێکەوتەی مەزندا بەهەمهێناوە.

## ٣ – ٤ – ٢ ئەگەرەکانی ئاوەڵناوی لێکدراو

ئاوەڵناوی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بە پێی ئەم ئەگەرانەی خوارەوە بەرهەمدێت:

-١

$$Adj \longrightarrow N + N$$

$$[\ ]_{Adj} \longrightarrow [[\ ]_N [\ ]_N]_{Adj}$$

هەر یەکە لە (**بەژن چنار، گەردن بلوور، بالاَ عەرعەر... تد**) نمونەی ئەم جۆرە ئاوەڵناوانەن، کە بەم شێوەیە بەرهەمدێن، ئەمانە دوو تێبینی هەڵدەگرن:

١- دوو ناو بەیەکەوە ئاوەڵناو دروستدەکەن.

٢- ئاوەڵناونەبوونی هیچ کەرتێك لە دوو کەرتەکانی ئاوەڵناوە لێکدراوەکە ئەو تێبینییەمان پشتڕاستدەکاتەوە، لە زمانی کوردیدا مەرج نییە کەتیگۆری سەرەی وشە لێکدراوەکە یەکسان بێت بە کەتیگۆری وشە لێکدراوەکە، چونکە لەم نمونەنانەی سەرەوەدا بە ڕوونی دیارە، کە هەر یەکە لە (**بەژن، گەردن، بالاَ**) واتە کەرتی یەکەمی ئاوەڵناوی لێکدراوەکە سەرەی وشەکان پێکدێنن، بەڵام لە ڕووی کەتیگۆرییەوە جیاوازن، کەرتە پێکهێنەرەکان ناون و وشە لێکدراوەکەش ئاوەڵناو، هەروەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا باشتر ڕوونکراوەتەوە:




– ٢

$$Adj \longrightarrow N + Adj$$

$$[\ ]_{Adj} \longrightarrow [[\ ]_N [\ ]_{Adj}]_{Adj}$$

**بالاَبەرز، سەرگەرم، ڕووخۆش، دڵڕەق، چاوجوان ... تد** لە نمونەی ئەم جۆرە ئاوەڵناوە لێکدراوانەن و دوو تێبینی هەڵدەگرن:

١- ئەگەر سەرەی ئەم وشانە بە لایەنە ڕێزمانییەکە لێکبدرێتەوە، ئەوا دیارە کەرتی یەکەمی وشە لێکدراوەکان سەرەی وشەکە پێکدێنێت، چونکە وشەکان بە قالبی فرەیزی دیارخەر و دیارخراو پێکهاتوون.

٢- ئەگەر سەرەی وشەکانیش بە لایەنی سیمانتکیی لێکبدرێتەوە ئەوا کەرتی دووەمی وشە لێکدراوەکان سەرەی وشەکە پێکدێنن، چونکە سیفەتی کەتگیۆرییەکە بە ناوەکە دەبەخشن. هەروەها دەستنیشانکردنی سەرەی ئەم جۆرە وشانە بە ڕۆنانی سیمانتیکییەوە ئەو

تێبینییە لە کوردیش هەروەك خۆی دێتەوە کە پێی وایە کەتیگۆری سەرە یەکسانە بە کەتیگۆری وشە لێکدراوەکە، هەروەك لەم دوو هێڵکارییەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە، جارێك بە لێکدانەوەیەکی ڕێزمانی و جارێکیش بە لێکدانەوەیەکی سیمانتیکی:




واتە ئەگەر سەرەکە بە لێکدانەوە ڕێزمانییەکە بێت ئەوا ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە لە پارامیتەری سەرە سەرەتادان، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر بە لێکدانەوە سیمانتکییەوە وەریانبگرین ئەوا دەبنە سەرە سەرەکۆتا.

هەندێك جار هەمان جۆرە وشە لە کاتی گوێزانەوەدا بە شێوەیەکی دیکە بەرهەمدێن، بە شێوەیەك کە ئاوەڵناوەکە پێش ناوەکە دەکەوێت، وەك: **خۆش باوەڕ**.... لەم حاڵەتەدا پێویستە ئەم یاسایەیان بۆ پەسندبکرێت:

$$Adj \longrightarrow Adj + N$$
$$[\ ]_{Adj} \longrightarrow [[\ ]_{Adj} [\ ]_{N} ]_{Adj}$$

ئەم جۆرە ئاوەڵناوە لێکدراوانە شوێنی سەرەکانیان بە پێی لێکدانەوەی سەرەی ڕێزمانی و سەرەی سیمانتیکی پێچەوانە دەبێتەوە، وەك لەم دوو هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:




-٣

$$Adj \longrightarrow N + V_{root}$$
$$[\ ]_{Adj} \longrightarrow [[\ ]_{N} [\ ]_{V\,root} ]_{Adj}$$

نمونەی ئەم جۆرە وشانە وەکو: **دڵگیر، دڵڕفێن، کەللەتەزێن ... تد**. لەم جۆرە وشانەدا کەتیگۆری هیچ کەرتێکی پێکهێنەر ئاوەڵناو نییە، بەڵام پێکهاتەکە لە دیوی دەرەوەیدا ئاوەڵناوە. بە لێکدانەوەیەکی ڕێزمانی کەرتی دووەمی ئەم وشانە (واتە: ڕەگی کار) سەرەی ڕێزمانی ئاوەڵناوە لێکدراوەکە پێکدێنێت، وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:




٤-

$Adj \longrightarrow Nu + N$

$[\ ]_{Adj} \longrightarrow [[\ ]_{Nu.} [\ ]_{N}]_{Adj}$

نمونەی ئەم جۆرە وشانە وەکو: **دوودڵ، چوارچاو، دووزمان، دووڕوو، چوارشانە .... تد**. لەم جۆرە وشانەدا ئەو کەرتەی ژمارە پڕیکردۆتەوە کەرتێکی دیارخەرییە و کەرتی دووەمی وشەکانیش سەرەی ئاوەڵناوە لێکدراوەکە پێکدێنن، وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:




٥-

$Adj \longrightarrow N + Af + N$

$[\ ]_{Adj} \longrightarrow [[\ ]_{N} [\ ]_{Af} [\ ]_{N}]_{Adj}$

نمونەی ئەم جۆرە وشانە وەکو: **ئەسپەژن، قوڕبەسەر، ڕووبەخاڵ ... تد**. ئەم ئاوەڵناوە لێکدراوانە لێکدراوی سێ کەرتین و بە قالبی فرەیزی دیارخەر و دیارخراوی پێکهاتوون. کەرتی دووەمی وشەکان سەرە پێکدێنن، بەڵام لە جێکەوتەی ناوەندیدا گیرەگەکە دەبێتە سەرەیەکی ئەرکی وەکو پێشتر لە ئەگەرەکانی ناودا ئاماژەمان پێدا، وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە.




٦- $Adj \longrightarrow Adj + Af + N$

$[\ ]_{Adj} \longrightarrow [[\ ]_{Adj}\ [\ ]_{Af}\ [\ ]_{N}\ ]_{Adj}$

نمونەی ئەم جۆرە وشانە وەکو: **قوتەپیاو، کورتەبالآ** ... **تد**. کەرتی دووەمی ئەم ئاوەڵناوانە سەرەی وشە لێکدراوەکە پێکدێنن، واتە بە هەمان شێوەی نمونەکانی پێشەوە هەرچەندە کەرتێکی ئەم وشانە لە ڕووی کەتیگۆرییەوە ئاوەڵناوە، بەڵام ئەمە نەبۆتەوە مایەی ئەوەی کە ببێتە سەرەی لێکدراوەکە، وەك لەم نمونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:




## ٣ – ٤ – ٣ ئەگەرەکانی ئاوەڵکاری لێکدراو

وەك لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان پێدا، زۆربەی ئەو وشانەی بە ئاوەڵکار دانراوان لە بنەڕەتدا ئاوەڵکار نین، چونکە ئەو وشانەی کە تەواو ئاوەڵکار بن لە کوردیدا زیاتر ئاوەڵکاری سادەن، بەڵام بە پێی ئەوەی ئێمە خۆمان لە باسکردنی ئەو بابەتەدا دەبورین لە ئەرك و سنوری نامەکەماندا نییە، بۆیە هەر وشەیەك یان هەر پێکهاتەیەك لە قالبێکی وشە ئاسادا لە سیاقی ڕستەدا ئەرکێکی ئاوەڵکاری بنوێنێت سینتاکسی وشە، وشەکە وەك سیاقێکی ئازاد لێکدەداتەوە.

ئەگەرەکانی ئاوەڵکاری لێکدراو لە ڕووی ژمارەوە زۆر کەمترن لە ناو و ئاوەڵناو، چونکە بەشێکی ئەم ئاوەڵکارانە دەکەونە بەر چەمکی وشەی لێکدراوی بەستراو، ئەم وشانەش لە پۆلی وشە سەرە سەرەدەرەکییەکاندان واتە لێکدراوی بێ سەر (non-headed compound) بۆ نموونە:

-١

$$Adv \longrightarrow N + N$$

$$[\ ]_{Adv} \longrightarrow [[\ ]_{N} [\ ]_{N} ]_{N}$$

نموونەی ئەم جۆرە ئاوەڵکارانە ئەو وشانەن کە کەرتە پێکهێنەرەکانیان هەمان کەرتە دووبارەبۆتەوە، وەك: **دەستەدەستە، پۆل پۆل، قۆناغ قۆناغ ... تد.**

-٢

$$Adv \longrightarrow Nu + Nu$$

$$[\ ]_{Adv} \longrightarrow [[\ ]_{Nu} [\ ]_{Nu} ]_{Adv}$$

نموونەی ئەم جۆرە ئاوەڵکارە لێکدراوانە وەکو: **دوو دوو، سێ سێ، چوار چوار** .... هەندێك نموونەی دیکەش لەم شێوەیە هەن، بەڵام گیرەکێك دەکەوێتە نێوان دوو ژمارەکەوە، وەك: **سێ بە سێ، دوو بە دوو** ..... ئەم جۆرەش لە جۆری لێکدراوی بێ سەرەن، چونکە بەهای هەردوو کەرتە ژمارەکە هاوشانن.

-٣

$$Adv \longrightarrow Adv + Af + Adv$$

$$[\ ]_{Adv} \longrightarrow [\ ]_{Adv} [\ ]_{Af} [\ ]_{Adv} ]_{Adv}$$

نموونەی ئەم جۆرە ئاوەڵکارە لێکدراوانە وەکو: **سەراوسەر، سەرانسەر، پشتاوپشت** .... .

-٤

$$Adv \longrightarrow Adj + Af + N$$

$$[\ ]_{Adv} \longrightarrow [[\ ]_{Adj} [\ ]_{Af} [\ ]_{N} ]_{Adv}$$

نموونەی ئەم جۆرە ئاوەڵکارە لێکدراوانە وەکو: **پڕبەدەم، پڕبەدڵ** .... . کەرتی دووەمی ئەم ئاوەڵکارانە سەرەی وشە لێکدراوەکە پێکدێنێت، واتە لێکدراوی سەرەدارە (headed compound) وەکو لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:



## ٣ – ٥ سینتاکسی وشەی ئاڵۆز

### ٣ – ٥ – ١ وشەی ئاڵۆز

بە پێی ئەو هێڵکارییەی، کە لە سەرەتای بەشی دووەمی نامەکەدا خستمانەڕوو، وشەی ناسادە لە زمانی کوردیدا بەسەر هەر سێ جۆری داڕێژراو و لێکدراو و ئاڵۆزدا دابەشدەبێت. ئێمە لە جیاکردنەوەی جۆری ئاڵۆز لە وشەی داڕێژراو و لێکدراودا پشتمان بە پێکهاتەی خودی وشەکانەوە بەستووە لە چوارچێوەی سینتاکسی وشەکان لە ڕووی بەرهەمهاتنیانەوە.

بە پێی ئەم بۆچوونەی ئێمە وشەی ئاڵۆز ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە پێکهاتەکەیاندا جۆرە تێکچڕژاوییەك لە بەرهەمهاتنیاندا دەبیندرێت، دەکرێت ئەم تێکچڕژاوییە بەم دوو ڕێگایە لێکبدرێتەوە:

١- یان پێکهاتەیەکی داڕێژراو لەگەڵ وشەیەکی سادەی واتاداردا یەکدەگرێت و وشەیەکی ئاڵۆزی تازە بەرهەمدەهێنێت.

٢- یان هەموو وشەکە خۆی وەك پێکهاتەیەکی تێکچڕژاو بەرهەمدێت.

بە پێی ئەم دوو ڕێگایە دەکرێت چەمکی وشەی ئاڵۆز لەوەدا خوردبکرێتەوە، کە وشە سادەکە ناچێتەسەر وشەیەکی سادەی دیکە بۆ بەرهەمهێنانی وشە نوێیەکە هاوشێوەی وشەی لێکدراو، بەڵکو دەچێتەسەر پێکهاتەیەکی داڕێژراو، یان وشە ئاڵۆزەکە لە کۆی زیاتر لە دوو پێکهێنەر پێکدێت.

ئەم پۆلێنکردنەی وشەی ناسادە بۆ داڕێژراو و لێکدراو و ئاڵۆز پێشتر لە چەمکی دابەشکردنی کاردا دابەشکراوە و دابەشکردنەکەش بۆ لیژنەی دەستوری زمانی کوردیی کۆڕی زانیاری عێراقی دەگەڕێتەوە، کاتێك لە ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردیدا خستیانەڕوو.[٦] ئەگەرچی لیژنەکە لە دەستنیشانکردنی سروشتی وشەی ناسادە سەرکەوتوون، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت کە پێوانەی سەرەکی لیژنەکە لە جیاکردنەوەی داڕێژراو و لێکدراو لەگەڵ ئاڵۆزدا بۆ هەڵوەشانەوە و هەڵنەوەشانەوەی فۆرمی وشەکە دەگەڕێتەوە. ئەم پێوەرە تێبینی ئەوە هەڵدەگرێت، کە:

١- هەڵوەشانەوە و هەڵنەوەشانەوەی فۆرمی هەر وشەیەك بۆ پێکهێنەرەکانی پێوەرێکی ئەوەندە مکوم نییە، بەتایبەتی لە زمانێکی وەکو کوردیدا. لیژنەکە نمونەی وشەی ئاڵۆزی بە کاری ئاڵۆز لێکداوەتەوە و لەبەر ئەوەی ئەو کارەش ئەگەر تێپەڕبوو ئەوا لە کاتی ڕابردوودا بەهۆی جێناوەکانەوە لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە بە تایبەتی لە کرمانجی خوارووا، بۆ ئەمە نمونەی بە هەر یەکە لە (**دەستپێکردن** ) و (**پێ لێ هەڵبڕین**) هێناوەتەوە بەوەی کاتێك ئەم دوو چاوگە دەخرێنە ڕستەوە هەر یەکە لە پارچەکانی (**دەست**) و (**پێ**) لە پارچەکانی دیکەی چاوگەکە دەترازێن، کاتێك دەگوترێت: (**دەستمان پێکرد**) یان (**پێیان لێ هەڵ بڕی**). (لیژنەی دەستووری زمانی کوردی ١٩٨٥: ٢٢)

لە ڕاستیدا لیژنەکە لەم شیکردنەوەیەدا کەوتۆتە دوو هەڵەوە، یەکەمیان: هەر دوو چاوگەکەی لە ڕووی ڕوخسارەوە وەرگرتووە، بۆیە لەبەریەك هەڵنەوەشانەوەی بە مەرجی ئاڵۆزبوونی چاوگەکە داناوە. دووەمیان: ئەو کارە لە لایەك هەر یەك واتا دەدا و لە لایەکی دیکەشەوە هەر وشەیەك کە لە

---

٦- بڕوانە: *(لیژنەی زمان و زانستەکان ١٩٧٦: ٢٣٤)*

ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە دەچێتە ئاستی سینتاکسەوە دەکەوێتە بەر دەستەڵاتی سینتاکسەوە هەر لە ئاستی خۆیدا نامێنێتەوە.

٢- پێویستە لە جیاتی فۆرمی وشەکە پێکهاتەی وشەکە بکرێتە پێوەری بە ئاڵۆز دانانی وشەکە. ئەگەر هەر ئەو نمونەیەی لیژنەکە بکەینە پێوەر ئەوا ئەگەر لە (**دەستمان پێکرد**) دا وردبینەوە، ئەوا کارەکە هەر بریتییە لە (**دەستپێکرد**). هەمووی بەیەکەوە واتای کارەکە دەدات، تەنانەت لیژنەکە خۆشی پێی لەو ڕاستییە ناوە، کاتێك دەڵێت: (..... ئەگەر هات و ئەو کۆمەڵە وشەیە یەك واتای هەبوو بە وشەی ئاڵۆز لەقەڵەم دەدرێ بە تایبەتی ئەگەر هات و ئەو وشەیە فرمان بوو). (لیژنەی دەستووری زمانی کوردی ١٩٨٥: ٢٣)

بەم پێیە لە جیاکردنەوەی وشەی ئاڵۆزدا پێویستە پێکهاتەی خودی وشەکە لە ڕووی ئاستی سەرەوە و ئاستی خوارەوەیدا بکرێتە پێوەری بە ئاڵۆزدانانی پێکهاتەکە نەك تەنها مەرجی لەبەریەك هەڵنەوەشانەوە، چونکە ئەو مەرجە زیاتر بۆ مەرجی جیاوازیی نێوان وشەی ناسادە و فرەیزەکان گونجاوترە.

## ٣ – ٥ – ٢ وشە ئاڵۆزەکانی زمانی کوردی

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە زمانی کوردی لە ڕووی تایپۆلۆژییەوە زیاتر لە جۆری زمانە تێکچڕژاوەکاندایە و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو جۆرە زمانانەش ئەوەیە، کە بریتین لە کار و تەواوکەرەکانیان، بۆیە دەکرێت وشەی ئاڵۆز بە یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی زمانی کوردی دابندرێت. بە لای ئێمەوە بۆ گەڕان بە دوای وشەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا پێویستە بە دوای چەند پێکهاتەیەکدا بگەڕێین وەکو **کار، چاوگ، ناوی بکەر** (**ئاوەڵناوی بکەری**) و **ناوی بەرکار** (**ئاوەڵناوی کراو**) چونکە پێکهاتەی ئەم جۆرە وشانە زەقترین نمونەی وشەی ئاڵۆزن لە زمانی کوردیدا. ئێمە لەم شیکردنەوەیەدا وەك نمونەی وشەی ئاڵۆز جەخت لەسەر چاوگ دەکەینەوە.

وەك لە کۆتایی بەشی دووەمی نامەکەدا ئاماژەی پێدرا، چاوگ لە زمانی کوردیدا وشەیەکی سادە نییە، بەڵکو بەلایەنی کەمەوە پێکدێت لە ڕەگێکی بەند و گیرەکێکی ڕێزمانی و گیرەکێکی وشەداڕێژ. بەم پێیە چاوگ لە کوردیدا پێکهاتەیەکی داڕێژراوە، چونکە لە کۆی ئەو سێ پێکهێنەرەوە هەر تەنها ڕەگە بەندەکە واتادارە و ئەوانەی دیکە گیرەکن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی سەرچاوەکان لە دابەشکردنی چاوگدا لە ڕووی فۆرم و پێکهاتنەوە چاوگیان بەسەر هەر دوو جۆری سادە و ناسادە دابەشکردووە.

لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاریی کورد لە ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردیدا (١٩٧٦) هاوشێوەی کار چاوگی ناسادەشی بەسەر هەر سێ جۆری داڕێژراو و لێکدراو و ئاڵۆزدا دابەشکردووە. لیژنە ئەم دابەشکردنەی چاوگی ناسادەی لەبەر ڕۆشنایی دابەشکردنی کاری ناسادەدا ئەنجامداوە، چونکە بە لای لیژنەوە کار لە چاوگەوە وەردەگیرێت. بە بۆچوونی ئێمە لەبەر ئەوەی چاوگ پێکهاتەیەکی سادە نییە و داڕێژراوە بۆیە چاوگی لێکدراویش نییە، بەڵکو چاوگ بەسەر هەر دوو جۆری داڕێژراو و ئاڵۆزدا دابەشدەبێت. پێوەری ئێمە بۆ ئەم دابەشکردنە بریتییە لە خودی پێکهاتەی چاوگەکە خۆی. واتە:

پێکهاتەی چاوگی داڕێژراو بریتییە لە:

[ڕەگی بەند + گ. ڕێزمانی + گ. وشەدارێژ]چ.

وەك: بڕین، کردن، چوون .... تد

پێکهاتەی چاوگی ئاڵۆز بریتییە لە:

[ و. سادە + [ڕەگی بەند + گ. ڕێزمانی + گ. وشەدارێژ]چ. ]چ. ئاڵۆز

وەك: سەرشکان، دەستبڕین، ژێرکەوتن ....... تد

[ و. داڕێژراو + [ڕەگی بەند + گ. ڕێزمانی + گ. وشەدارێژ]چ. ]چ. ئاڵۆز

وەك: ڕێگاگرتن، ڕۆژووخواردن ...... تد

[ و. لێکدراو + [ڕەگی بەند + گ. ڕێزمانی + گ. وشەدارێژ]چ. ]چ. ئاڵۆز

وەك: ماستاوکردن، سەرخۆشبوون، سەرسپیکردن ......تد

بەم پێیە جیاوازیی نێوانیان وەك لە نووسینەوەی پێکهاتەکەدا ڕوونکراوەتەوە ئەوەیە، کە لە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزدا پێکهاتەیەکی داڕێژراو دەبێتە پێکهێنەرێکی پێکهاتەکە، بەڵام پێکهاتەی لێکدراو لە دوو پێکهێنەر زیاتر پێکنایەت، مەگەر گیرەکێکی ئەرکی بکەوێتە نێوانیانەوە، ئەم گیرەکەش بەلای هیچ کامیاندا ناکەوێت هەروەکو ئاماژەی پێدرا تەنها لە ئاستی سەرەوەی پێکهاتەکەدا دەردەکەوێت لە کاتی گوێزانەوەدا. بە پێی ئەو نموونانەی لەبەردەستدان دەکرێت ئەم یاسایە بۆ دارشتنی چاوگی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا پەسندبکرێت:

$$\text{Co. Inf.} \longrightarrow \left\{ \begin{array}{c} \text{N} \\ \text{Adj} \\ \text{Adv} \\ \text{Ref P} \end{array} \right\} + \text{Inf. } (+ \text{ Af.})$$

بەڵام پێویستە لە لێکدانەوەی یاساکەدا تێبینی ئەوە بکرێت کە دەکرێت هەر یەکێك لەو وشانەیَ ناو کەوانەکە سادە بێت یان داڕێژراو یان لێکدراو، بۆ نموونە:

ناو:

نا. سادە + چاوگ : نانکردن، قۆڵبڕینەوە، دەستگرتن .....

نا. داڕێژراو + چاوگ: ڕێگابڕین، ڕۆژووخواردن .....

نا. لێکدراو + چاوگ: ماستاوخواردنەوە .....

ئاوەڵناو:

ئا. سادە + چاوگ: چاککردنەوە، پاکبوونەوە .....

ئا. داڕێژراو + چاوگ: نەخۆشکەوتن، ناکامڵبوون.....

ئا. لێکدراو + چاوگ: چاوزەقکردنەوە، سەرخۆشبوون ....

ئەگەر یاسای دروستبوونی یەکێك لەو نموونانەی سەرەوە بخەینەڕوو ئاڵۆزیی چاوگەکان باشتر ڕووندەبێتەوە:

[ [ [ سەر ]N [خۆش ]Adj ]Adj [ [ [ ب ]root [ وو ]Af ]stem [ ن ]Af ] Inf ]C Inf

بە هەمان شێوەی چاوگەوە ناوی بکەر و ناوی بەرکاریش لە ڕووی پێکهاتنەوە وشەی ئاڵۆزن، چونکە پێکهاتەیەکی داڕێژراو دەبێتە پێکهێنەرێکی پێکهاتە ئاڵۆزەکە. بۆنموونە:

ناوی بکەر: **زۆرخۆر، نانخۆر، خەباتکەر .....**

ناوی بەرکار: **سەربڕاو، دەستبڕاو، جەرگسوتێنراو .....**

ئەگەر پێکهاتەی دوو لەم ناوەڵناوانە بە هێڵکاری ئێکسباڕییانە شیبکەینەوە ئاڵۆزیی وشەکان و تایبەتمەندییەکەیان باشتر ڕووندەبێتەوە:







بە پێی دوو هێڵکارییەکە ناوی بەرکار لە زمانی کوردیدا سێ تایبەتمەندیی هەیە:

١- پێکهاتەی وشەکە دەبێت بە چوار جێکەوتە شیبکرێتەوە، ئەگەر ڕەگەکە تێپەڕێنراو بێت.

٢- پێکهاتەی وشەکە دەبێت بە سێ جێکەوتە شیبکرێتەوە ئەگەر ڕەگەکە تێنەپەڕ بێت. هەر دوو حاڵەتەکە ئاڵۆزیی ناوی بەرکار لە زمانی کوردیدا دەسەلمێنێت.

٣- لە هەر دوو نمونەکاندا بە پێی پێکهاتەکە چەند سەرەیەك دەبیندرێت، هەمووشیان بەلای چەپدا هاتون، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیی سەرەی پێکهاتەکان لە زمانی کوردیدا بە پێچەوانەوە زمانی ئینگلیزی کە سەرە زیاتر بە لای ڕاستدا دێت.

## ٣ – ٥ – ٣ لە نێوان لێکدراو و ئاڵۆزدا

هەندێك وشەی ناسادە هەن شێوەی شیکردنەوەیان وشەکە لە وشەیەکی ناسادەی لێکدراوەوە دەکەنە وشەیەکی ئاڵۆز، وەك لە شیکردنەوەی وشەی (ئاوڕێژگە)دا دەردەکەوێت:

- ئەگەر (گە) لە وشەی (ئاوڕێژگە)دا وەکو گیرەکی شوێن لێکبدرێتەوە، ئەوا پێکهاتەی وشەکە بە لێکدراو لێکدەدرێتەوە، چونکە گیرەکی (گە) دەچێتە سەر پێکهاتەیەکی لێکدراوەوە، بەم شێوەیە:




کە پێویستە بەم یاسا و هێڵکارییەی خوارەوە بنووسرێتەوە:

$[\ ]_N \longrightarrow [[[\ ]_N [\ ]_V ]_{Ncom} [\ ]_{Af} ]_N$




- ئەگەر (ڕێژگە) بە تەنها وەك پێکهاتەیەکی داڕێژراو، کە گوزارشتی شوێن دەگەیەنێت، لێکبدرێتەوە ئەوا کاتێك دەچێتە دووتوێی پێکهاتەیەکی فراوانترەوە ئەوا وشە ناسادەکە دەچێتە قالبی

وشە ئاڵۆزکانەوە، چونکە پێکهاتەیەکی داڕێژراو و دەچێتە قالبی لێکدانەوە ئەم جۆرە ڕەفتارەش وشەی ئاڵۆز بەهەمدەهێنێت نەك لێکدراو، هەروەك بەم یاسا و هێڵکاریانەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:




$$[\ ]_N \longrightarrow [[\ ]_N [[\ ]_V [\ ]_{Af} ]_N ]_N$$




بە هەمان شێوەی نموونەکەی سەرەوە هەر یەکە لە وشەکانی (**گۆڕهەڵکەنە و ماسیگرە** ... **تد**) هەمان ڕەفتاری (**ئاوڕێژگە**) دووبارەدەکەنەوە، بەڵام وشەی دیکە هەیە کە ناتوانێت هەمان ئەو ڕەفتارە دووبارەبکاتەوە بۆیە هەر لە بەرهەمهێنانیەوە وشەیەکی ئاڵۆزە، بۆ ئەو مەبەستە دەکرێت هەر دوو وشەی (**ماسیگرە**) و (**مێشخۆرە**) شیبکەینەوە ئەوکات باشتر دەردەکەوێت، بەشێوەیەك، کە یەکەمیان لێکدراوە و دووەمیشیان ئاڵۆز، بۆ نموونە:

$$[\ ]_N \longrightarrow [[[\ ]_N [\ ]_{V}^{root} ]_N [\ ]_{Af} ]_N$$






مێشخۆره + زیندەوەر

## ٣ – ٦ جیاوازیی فرەیز و وشەی لێکدراو

خاڵی هاوبەشیی سەرەکی نێوان فرەیز و وشەی لێکدراو لە چەمکی سینتاکسدا یەکدەگرنەوە، ئەگەر چەمکی سینتاکس بریتیی بێ لە گونجانی نێوان سیستەماتیکی توخمەکانی پێکهاتەیەك هەروەك پێشتر ئامارەمان پێدا. واتە شیکردنەوەی ئەم دوو چەمکە فرەیز و وشەی لێکدراو لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە هەر دووکیان وەك پێکهاتەیەك دەخاتەڕوو، هەمو پێکهاتەیەکیش لە پێکهێنەرەکانییەوە دێت، بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش لە شێوەی بەدوایەکداهاتنی ئەم پێکهێنەرانەوەیە، شیکردنەوەی ئەم خاڵە جیاوازیی نێوان فرەیز و وشەی لێکدراومان بۆ دەخاتەڕوو.

١– **تەختەیەکی ڕەش** (تەختەیەك، کە ڕەنگەکەی ڕەشە)

٢– **تەختەڕەش** (تەختەیەکە لەسەری دەنوسرێ)

لەم دوو نمونەیەی سەرەوەدا دوو وشە پێکهێنەری سەرەکی فرەیز و وشە لێکدراوەکەن، کە بریتین لە (**تەختە**) و (**ڕەش**) بەڵام جیاوازیی نێوانیان لە بەدوایەکداهاتنی ئەم دوو پێکهێنەرەدایە، کە لە یەکەمیاندا فرەیزێکیان پێکهێناوە و لە دووەمیشیاندا وشەیەکی لێکدراو. بەم پێیە جیاوازیی نێوانیان کەوتۆتەسەر پەیوەندیی ڕیزبوونی پێکهێنەرەکان لە پێکهاتەکەدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش پێویستە بگەڕێینەوەسەر دووانەکانی سوسێر.

بەلای سوسێرەوە هەمو حاڵەتێکی زمانی لەسەر بنەمای پەیوەندییەکان وەستاوە. سوسێر پەیوەندییەکانی بە پەیوەندیی بەدوایەکداهاتن و لەبریتی (سینتاگماتیکی و پارادایگماتیکی) ناوبردوون. (فردینان دی سوسور ١٩٨٥: ١٤٢)

لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەی سوسێرەوە ئەگەر هەمو پێکهاتەیەك بریتییبێت لە زنجیرە پێکهێنەرێك، ئەوا خودی پێکهێنەرەکان دەکەونە بەر ئەم دو پەیوەندییەوە. هەرچی پەیوەندیی ئاسۆییەکەیە ئەوا شێوە و چۆنیەتیی بەدوایەکداهاتنی پێکهێنەرەکان لە باری ئاسۆییدا لایەنی سینتاگماتیکی زمان پێکدەهێنێت، کە لایەنی سەرەکی لە سینتاگماتیکی زمان گەیشتنە بە چەمکی (Langue) واتە دەستوور و یاساکانی زمان، بەڵام هەرچی پەیوەندییە ستوونییەکەیە ئەوا لەسەر بنەمای شوێنگرتنەوەی پێکهێنەرەکان دەوەستێت لە هەمان ژینگەی حاڵەتە زمانییەکەدا.

لەم ڕوانگەوە جیاوازیی فرەیز و وشەی لێکدراو لەوەدایە، کە:

١- وشەی لێکدراو پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە داهاتی زمانیی ئاخێوەرەکانەوە هەیە، چونکە دەچێتە ئاستی پەیوەندییە ستونییەکەوە، بەڵام فرەیز زیاتر پەیوەستە بە پەیوەندییە هەنووکەییەکانەوە، کە دەچێتە ئاستی پەیوەندییە ئاسۆییەکەوە.

٢- وشەی لێکدراو لە دوای بەرهەمهاتنی دەچێتە چوارچێوەی فەرهەنگەوە و بەهەمان واتاوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام فرەیز دەچێتە چوارچێوەی ڕێزمانەوە، کە یاسا و دەستوورەکانی زمان بەرهەمیدەهێنن.

٣- بە پێی ئەوەی وشەی لێکدراو دەچێتە فەرهەنگەوە (واتە: ئاستی مۆرفۆلۆجییەوە) بۆیە دەبێتە فۆڕمێکی ئامادە و دەستکاری ناکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی فرەیز لەچوارچێوەی یاسا و دەستوورەکانی زماندایە بۆیە فۆڕمێکی ئامادە نییە و گۆڕاوە.

دەکرێت لە خستنەڕووی ئەم جیاوازیانەی نێوان فرەیز و وشەی لێکدراودا پشت بە دووانەیەکی دیکەی سوسێر ببەستین، کە بریتییە لە سیستەم و بەهای زمانی. بەلای سوسێرەوە زمان بریتییە لە سیستەمێکی هێماکان بەهای هەر هێمایەکیش لە هێماکانی دەوروبەریەوە دێ، بەم پێیە زمان سیستەمی بەهاکانە و خاڵی سەرەکیش لە دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی بەهای هەر هێمایەك ئاڵوگۆڕکردنی هێماکەیە بە هێمایەکی دیکە لە پەیوەندییەکی ستووندیدا. (فردینان دی سوسور ١٩٨٥: ١٣٤) لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەی سوسێرەوە بەهای هەر هێمایەك لەسەر بنەمای پەیوەندییە ئاسۆیی و ستوونییەکانەوە دێت. بەم پێیە لە شیکردنەوەی وشەی لێکدراودا پێویستە بنەمای لەبریتی بکرێتە پێوانەی واتای وشە لێکدراوەکە، چونکە بەهای زمانی لایەنێکی واتای پێکهاتەکە پێکدێنێت، بەڵام لە شیکردنەوەی فرەیزدا پێویستە بنەمای بەدوایەکداهاتن بکرێتە پێوانەی واتای فرەیزەکە چونکە واتاکەی بە پەیوەندییە سینتاگماتیکییەکە لێکدەدرێتەوە. بەمەش وشەی لێکدراو دەبێتە دانەیەکی فەرهەنگی. بۆ نمونە دەکرێت (**کۆشکی سپی**) وەك وشەیەکی لێکدراو و وەك فرەیزێکیش لێکبدرێتەوە. بەم شێوەیەی خوارەوە:

**کۆشکی سپی:** بارەگای (کۆشکی) سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

**کۆشکی سپی:** کۆشکێك، کە ڕەنگەکەی سپییە.

جیاوازیی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە:

١- لە شیکردنەوەی (**کۆشکی سپی**) دا وەك وشەیەکی لێکدراو، دەردەکەوێت کە لە دەرەوەی سیستەمی پێکهاتنی لێکدراوەکە هیچ کام لە وشەی (**کۆشك**) و وشەی (**سپی**) لە دەرەوەی لێکدراوەکە هیچ بەهایەکیان نابێت، چونکە وشەی (**کۆشك**) لە پەیوەندییەکی ستوونیدا بە وشەی دیکەی وەك: **تەلار، بینا، خانو**... بەستراونەتەوە، بە هەمان شێوە وشەی (**سپی**)یش بە ڕەنگەکانی دیکە بەستراوەتەوە، بەڵام بەهای هەردووکیان بەیەکەوە لە چوارچێوەی لێکدراوەکە وەرگیراوە (هیمداد حوسێن بەکر و صباح ڕەشید قادر ٢٠٠٩ : ٣٩) بۆیە (**کۆشکی سپی**) وەك وشەیەکی لێکدراو لێکدەدرێتەوە ئەگەر مەبەست لێی بارەگا یان کۆشکی سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت، بەمەش بۆتە فۆڕمێکی فەرهەنگی پەیوەندیی بە داهاتی زمانی ئاخێوەرەوە هەیە.

٢- لە شیکردنەوەی (**کۆشکی سپی**) دا وەك فرەیزێك و لە دەرەوەی واتا زەینییەکەی پێشتر ئەوا بەر شیکردنەوەیەکی ئاسۆییانە دەکەوێت تەنها ئەوە دەگەیەنێت، کە کۆشکێك ڕەنگی سپییە.

دەکرێت جیاوازییەکانی نێوان وشەی لێکدراو و فرەیز لە دوو خاڵی دیکەدا خوردتربکەینەوە، کە بریتین لە دیوی دەرەوەی هەر دوو پێکهاتەکە کە زیاتر شێوەی نووسین بەرجەستەیان دەکات لەگەڵ دیوی ناوەوە کە زیاتر لایەنە واتاییەکە بەرجەستەیان دەکات.

شێوەی نوسین یەکێکە لەو سیما و تایبەتمەندیانەی کراوەتە بنەمای تایبەتمەندییەکانی وشەی لێکدراو و جیاکردنەوەی لە فرەیزدا. بە پێی ئەوەی لێکدراو وشەیە بۆیە پێویستە بە هەمان شێوەی وشەیەکی ئاسایی بنووسرێتەوە لە ڕووی ڕێنووسەوە، چونکە پارچەکانی وشەی لێکدراو هەموو بەیەکەوە.وەك پێکهاتەیەك ڕەفتاردەکەن و خودی پێکهاتەکەش دەکەوێتەبەر چەمکی وشە.

لە ڕوانگەی ئەمەی سەرەوە وشەی لێکدراو وشەیەکی داخراوە و هەموو کەرتەکانی وەك وشەیەك ڕەفتاردەکەن. (INT 2: 5) دەکرێت لە پەنای ئەم ڕاستیینەوە ئەوە هەڵبهێنجین کە: وشە لێکدراوەکان قالبێکی ئەوتۆیان هەیە، کە بە زەحمەت تێکدەشکێندرێن، تێکشکاندن بەو واتایەی کە ناتوانرێت کەرتێکی دیکە بخرێتە نێوانیانەوە، ئەمەش بۆ یەکگرتوویی کەرتە پێکهێنەرەکانی وشە لێکدراوەکان دەگەڕێتەوە. بۆ نمونە وشەیەکی وەك (**تەختەڕەش**) پێکهاتەیەکی لێکدراوە، ئەم پێکهاتەیە لە کۆی سێ پێکێنەر پێکهاتووە، کە بریتین لە:




قالبی.وشە لێکدراوەکە پەیوەندیی بە فەرهەنگی زەینی (Mental Lexical) ئاخێوەرانەوە هەیە، هیچ کەرتێکی دیکە ناتوانێت قالبەکەی بشکێنێت، پەیوندیی پێکهێنەرەکان ڕێگە بەو فراونبوونە نادات لە قالبی وشەدا، چونکە پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی مۆرفۆلۆژییە. بە پێچەوانەوە کەرتەکانی فرەیز ئەوەندە مکوم نین، چونکە پەیوەندیی نێوان پێکهێنەرەکانی فرەیز زیاتر لە ئاستی سینتاکسدایە و کەرتی دیکە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت قالبەکەی بشکێنێت لەسەر بنەمای دیارخەر و دیارخراو. بۆ نمونە: ئەگەر هەر ئەم نمونەیەی سەرەوە بە فرەیز لێکبدەینەوە ئەوا دەبێتە (**تەختەی ڕەش**) و زۆر بە ئاسانی دە توانرێت کەرتێکی دیکە بچێتە نێوان پێکهێنەرەکانی فرەیزەکە، بۆ ئەمە دەکرێتە ئەم دوو حاڵەتەی فرەیزەکە لەگەڵ یەك بەراوردبکەین:

**تەختەی ڕەش** **تەختەیەکی ڕەش**

بۆیە لەم ڕوانگەوە هەتا ئەو شوێنەی ڕێنووسی کوردی ڕێگای پێدەدا پێویستە کەرتەکانی وشە لێکدراوەکان بەیەکەوە بنووسرێن، بەڵام ئەمە لە فرەیزدا جێی نابێتەوە، چونکە کەرتەکانی فرەیز وەك یەکەیەکی یەکگرتوو کارناکەن، چونکە قالبی فرەیز بە ئاسانی دەشکێندرێت.

پێویسته لەمەدا ڕەچاوی ئەوە بکەین، کە بنەمای بەسەریەکەوە نووسین ئەگەرچی مەرجی نووسینەوەی هەموو وشەیەکە لە ڕووی نووسینەوە، بە پێی ئەو پێناسەیەی کە دەڵێت: وشە کەرەستەیەکە هەر دوو لای بە بۆشایی گیرابێت. (Crystal 1981: 188) بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی جۆری زمانەکان لە ڕووی تایپۆلۆژییەوە ئەم پێناسەیە کورتی هێناوە بەوەی ناتوانرێت هەموو فۆرمێك کەبەسەر یەکەوە نووسرابێت بە وشە دابنرێت، چونکە لە زمانە تێکچڕژاوەکاندا ڕستە تا ئاستی وشەیەك کورتدەبێتەوە. (بڕوانە:حەیدەر حاجی خدر٢٠١٠: ٣٠)

کەرتەکانی وشەی لێکدراو دوو ئەگەر بەدەستەوە دەدەن، یان واتای وشە لێکدراوەکە لە کۆی پێکهێنەرەکانییەوە پێشبینیدەکرێت، یان مەرج نییە واتای وشە لێکدراوەکە یەکسان بێت بە کەرتە پێکهێنەرەکانی. بۆ نمونە: وشەیەکی وەك (**دەستدرێژ**) وشەیەکی لێکدراوی ئیدیۆمییە و واتای وشەکە لە کۆی واتای کەرتە پێکهێنەرەکانی نەهاتووە، بەڵکو بۆ مەبەستێکی دیکە بەکارهاتووە، بەڵام بە زانینی کەرتەکانی واتای ئیدیۆمییەکەش دەزانرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە وشەیەکی لێکدراوی وەك (**گوڵەگەنم**)دا واتای وشەکە لە کۆی هەر دوو کەرتەکانییەوە هاتووە.

بە پێچەوانەی ڕەفتاری وشە لێکدراوەکان، فرەیزەکان زیاتر دەکەونە چوارچێوەی دیارخەر و دیارخراوەوە بەمەش واتا و ئاماژەکانی فرەیز ڕوونترە و بنەمای پێشبینی نەکردنی واتای فرەیزەکە لە کەرتە پێکهێنەرەکانییەوە کەمترە، بۆ نمونە: دەکرێت فۆرمی (**تەختەڕەش**) وەك لێکدراو و وەك فرەیز لێکبدرێتەوە، وەك لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

***تەختەی ڕەش ( فرەیز)***

*واتە: تەختەیەك، کە ڕەنگی ڕەشە و جۆرێکە لە تەختە. کەرتی یەکەمی فرەیزەکە (تەختە) سەرەی لێکسیکی و ڕێزمانی فرەیزەکە پێکدێنێت. لەبەر ئەوەی قالبی ئەم فرەیزە لەسەر بنەمای دیارخەر و دیارخراو پێکهاتووە و بنەمای پەیوەندییە ئاسۆییەکان بەرهەمهێنەریەتی، بۆیە زۆر بە ئاسانی بە کەرتی دیکە دەشکێندرێت، کاتێك هەر دیارخەرێکی دیکەی گونجاوی بۆ زیادبکرێت، وەك:*

*تەختەیەکی ڕەشی گەورە، تەختەیەکی پیسی ڕەش، تەختە ...... تد*

***تەختەڕەش ( لێکدراو)***

*واتە: تەختەیەکە بۆ لەسەر نووسین. کەرتی (تەختە) لە پێکهاتەکەدا سەرەیەکی لێکسیکی و ڕێزمانی لێکدراوەکەیە و وشەکە بۆتە ناو بۆ شتێکی دیکە، بەمەش واتاکەی لە کەرتەکانییەوە نەهاتووە، چونکە مەرج نییە هەموو تەختەیەك کە بۆ لەسەر نووسین بەکاردەهێنرێت ڕەش بێت، بەڵکو ئەم وشەیە بۆتە ناو ئەو تەختەیەی بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت، بەمەش بۆتە یەکەیەکی فەرهەنگی و هەروەها ناتوانرێت قالبەکەی بە هیچ کەرتێکی دیکە بشکێندرێت.*

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی زمانی کوردی، کە دەکرێت هەر بەو دوو نمونەیەی سەرەوە شیبکرێتەوە، ئەوەیە کە هەندێك جار بۆ لێکجیاکردنەوەی فرەیز و وشەی لێکدراو پێویستە پەنا بۆ ئەو سیاقە ببەین کە فۆرمەکەی تێداهاتووە، چونکە هەندێك جار فرەیز و وشەی لێکدراو بە هۆی گیرەکی (کۆ) و (ناسراوی)یەوە تێکەڵ بەیەکدی دەبن و جۆرێك لە تەمومژی دروستدەکەن. بۆ نمونە: کاتێك

گیرەکی ناسراوی (ەکە) یان گیرەکی ناسراوی و کۆ(ەکان) دەچێتەسەر (**تەختەڕەش**) وەکو وشەی لێکدراو هەمان فۆڕمە کە ئەو دوو گیرەکە بچێتەسەر فرەیزی (**تەختەی ڕەش**) چونکە:

١- لە لێکدراودا گیرەکە ڕێزمانییەکان ناتوانن قالبی وشە لێکدراوەکە بشکێنن بۆیە هەمیشە بە دواوەی لێکدراوەکەوە دەلکێن.

٢- کاتێك لە چوارچێوەی فرەیزێکدا ناوێکی ناسراو یان کۆی ناسراو ئاوەڵناوێك دەبێتە دیارخەری، ناوەکە ئاوەڵناوەکە دەچنە قالبی لێکدراوەوە و گیرەکی ناسراوی یان کۆی ناسراوی دەچێتە دواوەی فۆڕمەکە. وەك لەم دوو هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

**تەختەڕەشەکە (لێکدراو)**




**تەختەڕەشەکە (فرەیز)**




بەپێی هێڵکارییەکەی یەکەم (ەکە/ ەکان) دەچێتە سەر (**تەختەڕەش**) وەك وشەیەکی لێکدراو، بەڵام بە پێی هێلکاری دووەم (ەکە/ ەکان) لە بنەڕەتدا دەچێتەسەر (**تەختە**) بەڵام لە کاتی گوێزانەوەی ئەم گرێیە بۆ ئاستی سەرەوە گیرەکەکە چۆتە سەر دوا بەشی فرەیزەکە، واتە ئاڵوگۆڕکردنی شوێنی گیرەکە پێکهاتەکە لە فرەیزەوە دەکاتە لێکدراو و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

هەندێك جار ئەو سیاقەی پێکهاتەکەی تێدەکەوێت جیاوازیی نێوان پێکهاتەکە لە نێوان لێکدراو و فرەیزەکە دەخاتەڕوو، لە کاتێکدا شێوەی نووسین ناتوانێت ئەم جیاوازییە بخاتەڕوو، بۆ نمونە فۆڕمی (**هێلکەوڕۆن**) دەتوانێت فرەیز و لێکدراو بنوێنێت، بەڵام جیاکردنەوەیان تەنها بەهۆی ئەو سیاقەوەیە، کە فۆڕمەکەی تێدا هاتووە، وەك:



هێلکەوڕۆن وەك لێکدراو وشەیەکی ئێکسۆسێنتریکە، وەك کەرەسەیەك ناوی خواردنێکە، بەڵام وەك فرەیز ناوی دوو بابەتی خواردن دەگەیەنێت، بۆیە لە سیاقی ڕستەکەوە نەبێت جیاکردنەوەیان ئاسان نییە.

# ئەنجامەكان

# ئەنجامـــــــەكان

١- لە بواری وشە ناسادەكاندا بە تایبەتی وشە لێكدراوەكان، ئەگەر ڕیزبوونێكیان پێ ببەخشین ئەوا ئەو وشانەی بە (ە) ناوبەنددەكرێن لە سەرەوەی ڕیزبەندییەكەدا دەبن، بە پاساوی ئەوەی:

ا - بە پێی بۆچوونەكەی گرینبێرگ ئەو زمانانەی پەیڕەوی ڕیزبوونی (SOV) دەكەن ئەو جۆرە وشانە تیایاندا ئەسڵ دەبن، كە سەرە لای دواوەی وشەكە دەگرێت، بەمەش ئەو جۆرە لێكدانە ئەو وشانە دروستدەكات.

ب - ئەو وشانەی ناسادەن و بە (ی) دەبەسترێنەوە تەماوی دەبن و سنووریان لە سنووری فرەیزەكاندا نزیكدەبێتەوە.

پ - ئەو وشانەی بە (و) لێكدەدرێن بەهای سەرەیی لەدەستدەدەن هەردوو وشەكە بەیەك بەهای هاوتا دەردەكەون.

ج - ئەوانەی بەبێ ناوبەند لێكدەرێن پێویستیان بە لێكدانەوە دەبێت تاكو شوێنی سەرە و تەواوكار دەردەكەوێت.

٢- بەهۆی ئەوەی وشە ناسادەكان دەكرێت جگە لە قالبە جێگیرەكەی خۆی بە قالبی دیكەش لێكبدرێنەوە، ئەمە بواری ئەوە دەدات كە بگوترێت وشە ناسادەكان لە ڕۆنانی ژێرەوەن، بە پێی بۆچوونی چۆمسكیش ئەوانە ئەگەر یاساكانی گوێزانەوەیان بەسەردا جێبەجێنەكرێت دەبێت لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بمێننەوە، لەبەر ئەوە وشە ناسادەكان بە هۆی یاساكانی گوێزانەوە سەردەكەون بۆ ڕۆنانی سەرەوە ئەگەر دركێندران.

٣- بەڵام ئەو وشە ناسادانەی لێكدانەوە بۆ قالبەكانیان ناكرێت بە تایبەتی وشە داڕێژراوەكان، دەكرێت بە هۆی لادانی سینتاكسییەوە بەسەر بكەون، یان لە ڕۆنانی ژێرەوە دەمێننەوە دەچنە فەرهەنگی زەینییەوە لەوێ لە ڕێگەی هەڵبژاردن (Selection)ەوە تێكەڵ بە كردە سینتاكسییەكان دەبنەوە.

٤- هەندێك وشەی لێكدراو دەكەونە ناوچەیەكی تەمومژاوییەوە فرەیزە هاوسێكەی پاساوی بۆ دەدات لە ڕووی لێكدراوی و فرەیزییەوە.

٥- ئەو هاوكێشە بیركارییەی بۆ لێكدانەوەی وشە ناسادەكان بەرهەمدێت، بریتی دەبێت لە :

[ + ] + [ ٠ ] + [ – ]

بۆیە پێمان باشە وشە ناسادەكان بە ئاستی ( 'X ) بنووێندرێن.

# سەرچاوەکان

# سەرچـــــــــــاوەکان

## کوردییەکان:


١- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩) ***ڕێزمانی کوردی، مۆرفۆلۆژی - ناو***، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٢- .................. (١٩٨٧) ***وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا***، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی دووەم.

٣- بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨) ***پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس***، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر.

٤- حەیدەر حاجی خدر (٢٠١٠) ***تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلینی مۆرفۆلۆژیانەی زمانەکانەوە***، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر.

٥- سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٠) ***هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا***، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦- .................. (٢٠٠٩) ***هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە لە زمانی کوردیدا***، چاپکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٧- کەمال میراودەلی (٢٠٠٧) ***فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی***، بلاوکراوەکانی مەلبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٨- کوردستان موکریانی (١٩٨٦) ***سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا***، بلاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی دار الحریة للطباعة.

٩- کۆمەڵێك زمانەوان (٢٠٠٩) ***مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان***، وەرگێرانی: محەمەدی مەحوی، مەلبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

١٠- لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد (١٩٧٦) ***ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی***، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١١- لیژنەی دەستووری زمانی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق (١٩٨٥) ***هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە زمانی کوردیدا***، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، بەغدا.

١٢- مسعود محمد (١٩٨٨) ***زاراوەسازی پێوانە***، چاپکراوەکانی ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، چاپخانەی سۆمەر، بەغدا.

١٣- محمد معروف فتاح (٢٠١١) ***زمانەوانی*** ، بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر.

١٤- محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦) ***چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی***، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

١٥- وریا عومەر ئەمین (١٩٨٢) ***وشە*** ، گۆڤاری نوسەری کورد، ژمارە ٩ ، خولی دووەم.

١٦- هیمداد حوسێن بەکر و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩) ***هەندێ لایەنی زمانەوانی و ڕەخنەی ئەدەبی***، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ١٠.

## عەرەبییەکان:

١- ستيفن بنكر (٢٠٠٠) ***الغريزة اللغوية – كيف يبدع العقل اللغة***، تعريب: حمزة بن قبلان النمزيني، دار المريخ للنشر، المملكة العربية السعودية.

٢- فرديناان دى سوسور (١٩٨٥) ***علم اللغة العام***، ترجمة: يوئيل يوسف عزيز، من مطبوعات دار افاق العربية، بغداد.

٣- فوزي حسن الشايب (١٩٩٩) ***محاضرات في اللسانيات***، الطبعة الاولى ، عمان ، الاردن.

٤- مرتضى جواد باقر (٢٠٠٢) ***مقدمة في نظرية القواعد التوليدية***، الطبعة الاولى، دار الشروق للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.

٥- مصطفى غلفان (٢٠١٠) ***اللسانيات التوليدية من نموذج ماقبل المعيار الى البرنامج الادنوي – مفاهيم و امثلة*** ، عالم الكتب الحديث، الاردن.

## ئینگلیزییەکان:

1- Aronoff, M. and Fudeman, K. (2011) ***What is Morphology*** , Second Edition, Wiley Blackwell, UK.

2- Booij, G. (2007) ***The Grammar of Words - An Introduction to Linguistic Morphology***, Second Edition, Oxford University Press.

3- Cedric, B. (2006) ***Linguistic Minimalism***, Oxford University Press.

4- Chomsky, N. (1995) ***Minimalism Investigation in Linguistic Theory***, Routlege, London.

5- Crystal, D. (1981) ***Linguistics***, Penguin Books.

6- ............ (1992) ***An Encyclopedia Dictionary of Language and Languages*** , Blackwell reference.

7- ............ (2003) ***A Dictionary of Linguistics & Phonetics***, Fifth Edition, Blackwell Publishing.

8- Haegeman, L. (1994) ***Introducing to Government and Binding Theory***, second edition. Blackwell publishing.

9- Plag, I. (2002) ***Word- formation in English***, Cambridge University Press.

10- Katamba, F. & Stonham, J. (2006) ***Morphology*** ,Second Edition, Palgrafe Macmillan.

11- Scalise, S. (1986) ***Generative Morphology***, second edition, Foris Publication. Holland.

12- Selkirk, O. E. (1982) ***The Syntax of Words*** , The MIT Press, London.

13- Trask, R. L. (1993) ***A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics*** , Routledge, London.

14- .................(2007) ***Language and Linguistics – The Key Concept***, second edition, Routledge, London.

15- ***Webster's Ninth New Colligate Dictionary A Merriam – Webster*** (1993) First Printing, USA.

**ئەنتەرنێت:**


1-INT 1:
Barbara Majireck , ***The Notion of Headedness in Morphology***.
*http://ebookbrowse.com/he/headedness-in-morphology-02*
2-INT 2:
Carina Becker, ***Compounding – The Endocentric and Exocentric Continuum***.
*http://ebookbrowse.com/the-endocentric-exocentric-continuum-pdf-d188753765*
3- INT 3:
Jack Hoeksma, ***The Head Parameter in Morphology and Syntax***.
*http://www.let.rug.nl/hoeksema/heads.pdf*

اقليم كوردستان – العراق
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جامعة صلاح الدين – اربيل

# نَحوُ الكلمة في اللغة الكوردية

رسالة مقدمة الى مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين – اربيل
كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

من قبل

**سميره توفيق يونس** بكالوريوس في اللغة الكوردية - اداب - صلاح الدين - ٢٠٠٠

بأشراف

أ. م. د. صباح رشيد قادر

جوزردان ٢٧١٣ كوردي رجب ١٤٣٤ هجري حزيران ٢٠١٣ ميلادي

# الخلاصـــــــــة


هذه الرسالة الموسومة بـ (نحوُ الكلمة في اللغة الكوردية) لدى كثير من اللغويين الذين خاضوا هذا المضمار و تداولو هذه النظرية اسموه ب (سَ الكلمة) و جل مايظهر في هذه النظرية هو تطبيق نظرية ئيكسبار لجومسكي و اهباطه الى المستوى الصرفي و اول من طرح هذه الفكرة هو اللغوي (Selkirk) و اتبعه وليامز و غيره. هذه الرسالة ماهي الا محاولة لتطبيق قواعد و مضامين هذا الرؤى على الكلمات غير البسيطة في اللغة الكردية و نقصد الكلمات المركبة و المعقدة، و المحاولة هذه تصيغ كثير من القوانين و القواعد العامة للوجه الكلمي للغة الكوردية و تحت ضوء مباديء هذه النظرية.

هنا كل ماطرح بصدد نحو العبارات من البؤرة و الرأس العباري و البؤرة الداخلية و الخارجية و البنية العميقة و القوانين الناقله للوحدات من البنية العميقة الى البنية السطحية. تقع الرسالة في ثلاثة فصول بعد هذه المقدمة الوجيزة. الفصل الاول تشمل بعض المطاريح النظرية بصدد نظرية ئيكسبار و مفهومها و كيفية توظيفها في المستوى النحوي و توصيف هذا المستوى و ابراز ثنايا الكلمة و تركيبها في اللغة الكوردية.

وتعنى الفصل الثاني بتركيب الكلمات الاشتقاقية و مفهوم فتحات و مستوى اللاصقات بلواحقها و سوابقها في اللغة الكوردية و كيفية انجرار و انحدار الرؤوس الصرفية نحو المستوى اللافتحوي و بهذا نركز و نعرض كثير من الامثلة و نحللها تحت ضوء هذه الاراء النظرية لـ- سيلكيرك.

يطرح الفصل الثالث مفهوم الكلمات المركبة و المعقدة في اللغة الكوردية و تحليل هذه الكلمات من حيث تركيبها و الرؤوس والسمة البارزة لهذه الكلمات و كيفية توظيفها ضمن قوانين و قواعد نظرية رصينة تفيد المستوى الصرفي للغة الكوردية.

وتختتم الرسالة بعرض النتائج المتوخاة من الرسالة و تصفيف المراجع.

# Abstract

This research which entitled (The Syntax of the Word) is an attempt to apply Selkirk's theory on Kurdish derivational, compound and complex words. In our point view according to Selkirk's point of view we focus on X – Bar theory of Chomsky under Selkirk's opinion about morphological level. In other side the same theory can labeled as (The X – Bar of words), therefore we must talk about the conceptual of the head and endocentric and exocentric heads, and how the non - simple words can transform from deep structure to surface structure by transformational rules or as a departure.

The research falls into three chapters. The first chapter focuses on theoretical topics about X – Bar theory and its parameters and principles. The second chapter is about derivational words and the level of affixes and the head of derivational words. The third chapter is about compound and complex words and the rules which government the kind of these words.

- Finely, the research ended with demonstrating the conclusions and classifying the references.